بنکەی ژین

## سەرپەرشتی لەچاپدراوەکانی بنکە: سدیق ساڵح


زنجیرە: ١٥٩

کتێب: گەشتی "کۆنت دوسێرسی" بۆ کوردستان (١٨٣٩-١٨٤٠)

وەرگێڕ: کارزان محەمەد

پیتچنین: وەرگێڕ

لەقاڵبدان: لاس

خەت و رووبەرگ: ئەحمەد سەعید

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

تیراژ: ٥٠٠

ژمارەی سپاردن: ١٣٥٩ی ساڵی ٢٠١٣ی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتیەکان

جێی چاپ: سلێمانی، چاپخانەی شڤان

ساڵی چاپ: ٢٠١٣



هەموو چاپێك پارێزراوە.



لەم سەرچاوەیە وەرگێڕدراوە: ایران امروز، مترجم احسان اشراقی، مرکز نشر دانشگاهی، تهران، ١٣٦٢.



**بنکەی ژین**

**بۆ بووژاندنەوەی کەلەپووری بەڵگەنامەیی و ڕۆژنامەوانیی کوردی**

عیراق: هەرێمی کوردستان، سلێمانی؛ شەقامی پیرەمەگروون، گەڕەکی ١٠٧ بەرانان،

تەلاری ژین تەنیشتی (مزگەوتی شێخ فەرید)، تەلەفۆن: ٢-٣٣٠١٢٩١

ئاسیا: ٤٨٤٦٣٣٥٧٧٥ یا ٠٧٧٠١٥٦٥٨٦٤ کۆرەك: ٠٧٥٠١١٢٨٣٠٩ س. پۆست: ١٤

ناونیشانی ئەلکترۆنی: info@binkeyjin.com

پێگە: www.binkeyjin.com

# گەشتی

# "کۆنت دوسێرسی" بۆ کوردستان

**(١٨٣٩-١٨٤٠)**

وەرگێڕانی

**کارزان محەمەد**

پێشکەشە!

ڕەنجی ئەم وەرگێڕانەم پێشکەشە بە ڕۆحە بێگەردەکەی "ئەلیا"، ئەو کیژۆڵە کوردەی کە دڵتەزێنترین چیرۆکی لەنێو ئەم گەشتنامەیەدا هەیە!

وەرگێڕی کوردی

**له بارەی**

**"كۆنت دوسێرسی"یەوە**

کاتێك دەنۆڕینە کتێبخانەی کوردی، هەقیقەتێکی تاڵ دەمانهەژێنێ، ئەویش هەژاری مێژووەکەمانە کە زۆرێك لە خوێندەواران و نوسەرانی کورد لەبری خزمەتی میللەتەکەیان، بەهۆی لاوازی هەستی نەتەوایەتی یاخود کاریگەریی بەهێزی ئایینەوە، خزمەتی نەتەوەی سەردەستیان کردووە و شتێکی ئەوتۆیان دەربارەی میللەتەکەی خۆیان و بە زمانی شیرینی زگماك نەنوسیوە.

لەم ڕووەوە دەشێ شیعرەکانی (خانی) و پاشان چەند دەقێکی (مەلا مەحمودی بایەزیدی) و عەقیدەنامەی (مەولانا خالیدی نەقشبەندی) و مەولودنامەی (مەلا حسێنی قازی) بە هەنگاوە بەراییەکانی نووسین بەزمانی کوردی بێتە هەژمار. دەرچوونی ڕۆژنامەی (کوردستان)یش لەلایەن (میقداد بەدرخان)ەوە لە (١٨٩٨/٤/٢٢ز)دا بە تەواوەتی کلتوری نووسینی بەزمانی کوردی کردەباو.

ئەوەی جێگەی سەرنج و پێزانینە، چاکەی گەشتیارانی ئەورووپایی و خۆرهەڵاتناسەکانە کە بە ڕێبواری بە کوردستاندا تێپەڕ بوون و چمکێ لە مێژووی کورد و داب و نەریتی ئەو سەروەختەیان بۆ تۆمار کردووین، دیارترینیان (گەشتی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠ز)، (گەشتی فرایزەر ١٨٣٤) و گەشتنامەکانی ژەنەڕاڵ شاردن، جیکسۆن، بایندەر و چەندینی دیکەشە.

ئەم گەشتەی "کۆنت دوسێرسی" لە ساڵانی (١٨٣٩-١٨٤٠ز) بۆ وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ئەنجامی داوە، بەنوێنەرایەتیی دەوڵەتی فەرەنسە لەگەڵ دەستەیەك لە ئەندازیارو ڕاهێنەری تۆپخانە و کەشیش و چەند پسپۆڕێکی سەربازیدا بووە. بایەخیشی بۆ مێژووی کورد لە تۆماری بارودۆخی ژیانی ئەو سەروەختەی کوردستاندایە و دیمەنێکی ڕاستەقینەمان دێنێتەبەرچاو، بەتایبەتی جەختکردنەوەی لەسەر کوردبوونی شاری کەرکووك و گێڕانەوەی چیرۆکی چەندین ستەم و کارەساتی دڵتەزێن کە لە کوردستاندا بەدەستی ڕژێمە داگیرکەرەکان ئەنجام دراوە، هێندەی دیکە بەهاداری کردووە.

ناوبراو (٣) جار لە گەشتەکەیدا بۆ وڵاتانی عیراق، تورکیا و ئێران بە کوردستاندا تێپەڕیوە. جاری یەکەم لەڕێگای تەرابزۆنەوە دێنە نێو خاکی تورکیاوە و بە کوردستانی باکوردا تێدەپەڕن. جاری دووەم کاتێ سەردانی تاران دەکەن، لە ڕێگەی کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە دێنە نێو کوردستانی باشور. جاری سێیەمیش لە ساتی گەڕانەوەیان لە بەغداوە بەرەو تورکیا، بە کوردستانی باشووردا تێ دەپەڕن.

بە ئومێدم ئەم وەرگێڕانە هەنگاوێك بێ بەئاقاری وەرگێڕانی سەرجەمی ئەو گەشتنامانەی دەربارەی کورد و کوردستان نوسراون.

وەرگێڕی کوردی

**ناوەڕۆك**

| | |
|---|---|
| * داهار | ١٣ |
| * مەلا سلێمان | ٢٠ |
| * قەرەکلێسە | ٢١ |
| * گێلەسۆر | ٢٢ |
| * ئووچکلێسە | ٢٣ |
| * دیادین | ٢٥ |
| * بایەزید | ٢٨ |
| * بازرگان، سنووری ئێران | ٣٢ |
| * ماکۆ | ٣٥ |
| * سۆڤ | ٣٧ |
| * کەنگاوەر | ٣٩ |
| * بێستوون | ٤٣ |
| * کرماشان | ٤٧ |
| * تاقوەسان | ٥٠ |
| * ماهیدەشت | ٥٣ |
| * هاروونئاوا | ٥٥ |
| * کرند | ٥٦ |
| * تاقگەرا | ٥٩ |

بنکەی ژین
www.zheen.org

* سەرپێڵی زەهاو ٦١
* خانەقین ٦٣
* قزلڕەبات ٦٧
* شارەبان ٦٨
* کفری ٧٠
* دووزخورماتو ٧٣
* تاووق (داقووق) ٧٣
* کەرکووك ٧٥
* ئاڵتوونکۆپری ٧٧
* ئەربیل ٨٠
* زاب ٨٢
* بەرتەلە ٨٧
* مووسڵ ٨٨
* تلکێف ٩٢
* فایدە ٩٣
* کاوەشی ٩٤
* زاخۆ ٩٥
* جزیرە ٩٩
* ئەزاك ١١٥
* باسبینا ١١٧
* میدیا ١١٨

بنکەی ژین
www.zheen.org

* دیاربەکر ١٢١
* مەزیرە ١٢٤
* زوهرە ١٢٥
* جۆنیەر- جۆرمان ١٢٦
* ئورفە ١٢٧
* شامالك ١٢٩
* بیرەجیك ١٣٠
* ئەکتیژە ١٣٣


بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

## سەرەتای گەشتەکەی "کۆنت دوسێرسی" و هاوڕێکانی

*["کۆنت دوسێرسی" و دەستەیەك لە هاوڕێکانی بە نوێنەرایەتیی دەوڵەتی فەرەنسە، ڕۆژی (٣٠ی تشرینی دووەمی ١٨٣٩) لە (بەندەری تۆلۆن)ەوە بەکەشتی بەرەو خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کەوتنە ڕێ، لە ڕێی (تەرابزوون)ەوە دێنە نێو خاکی تورکیا. یەکەمین هەنگاویشیان بۆسەر خاکی کوردان، گوندی (داهار)ی کوردستانی باکوورە. (و-ك)]*

*** داهار**[1]

سپێدەی ئەمڕۆ کەش‌وهەوا بەتەواوەتی گۆڕا و ڕەشەبایەکی توندی هەڵی کرد. کڕێوەی بەفر لەم کوێستانانە هێندە زۆرە ئامۆژگارییان کردین واز بهێنین، بەڵام کاتێ بیستم کاروان کەوتووەتە ڕێ، فەرمانی ڕۆیشتنم دا.

www.zheen.org

بەم شێوەیە کاتێ ئێمە (دەللی بابا)مان بەجێ هێشت ڕەشەبایەکی توند دەهات و هەنگاونانمان سەختتر بۆ دەنرا. هەر ساتەی ئەسپێکمان بە بارەوە دەبینی لەنێو بەفردا ڕۆ دەچوو و دەکەوتنە نێو چاڵە بەفرەکانی بەردەمیان.

[1] Dahar

وادەهاتە بەرچاو سروشت لێمان توڕەیە، پاشان بەفر بە کلووی گەورەگەورەوە داباری. کلوە بەفرەکان هێندە بە چڕی دەبارین، هەرچەندە هەوا تاریك بووبوو، دەتگوت شەو کۆتایی هاتووە.

بەم چەشنە ئێمە هێدیانە بە دژوارییەکی زۆرەوە ڕێگەمان دەبڕی، هەندێك جار بەنێو ئاوی نیوە شەختەدا دەڕۆیشتین و جارجاریش بە ناچاری بە بناری چیاکەدا هەڵدەزناین، ئەسپەکانیشمان بە قەدپاڵێکی سەختدا بە ئاستەم ڕێگایان تەی دەکرد. ئەم گیانلەبەرە بەستەزمانە ڕووبەڕووی هەمان مەترسی ئێمەش بووبوونەوە، ئازایەتییەکی بێوێنەیان نواند و شیاوی دەستخۆشین.

دوای پێنج سەعات ڕێگەبڕین بەو ئاقارەدا، گەیشتینە گوندی (داهار) کە لادێیەکی وێرانەی کوردنشینە و لەسەر ترۆپکی یەکێك لە لوتکەکانی قەفقازە، ڕۆژانی دواتریش بەنێو ئەم چیایانەدا ڕۆیشتین.

لەو ڕێڕۆیشتنەدا سێ ئەسپمان لە دەست دا، چونکە بەرگەی ئەو شەکەتییە زۆرەیان نەگرت و لەنێو بەفردا ڕۆ چوون و نەیانتوانی ڕاببنەوە. بە ماندوویێتییەکی زۆرەوە توانیمان بارەکانیان لەنێو بەفردا دەربهێنین و بیانخەینە سەر ئەسپەکانی دیکە.

بە درێژایی شەو کاری ئێمە لەنێو گوندەکەدا ناردنی چەند کەسێك بوو بۆ هەر چوار لامان، بۆ گەڕان بەدوای ئەو ئەسپ و کاروانچییانەدا کە ڕێگایان بزر کردبوو، تەنها ڕۆژی دوایی بە خۆشحاڵییەوە زانیمان جگە لە لەدەستدانی ئەو سێ ئەسپە، زیانی ترمان پێنەگەیوە.

www.zheen.org

هیچ شتێ لە ڕوانگەی ئێمەوە هێندەی ئەو (١٥ تا ٢٠) ماڵە خەمگینتر و کلۆڵتر نەبوو کە گوندی داهاریان پێك هێناوە. ئەم خانوانە بە تەواوەتی لەنێو بەفردا ڕۆ چوون، تەنها ڕێگای دۆزینەوەی یەکتریان بریتییە لەو دووکەڵەی کە لە دووکەڵکێشی سەربانەکانیانەوە دەهاتە دەرێ و لەژێر پێی ئێمەدا بوون.

دانیشتوانە بەدبەختەکەی ئەم ماڵانە تەنها فەرەنجییان لەبەردابوو، وەها دەردەکەوت هیچ کاتێ ئەوروپییان نەدیتبێ، چونکە لە چوار دەورمان کۆ بووبوونەوە و بە سەرسوڕمانەوە لەهەمبەر کەلوپەلەکان دەیاننۆڕییە ئێمە و هەوڵیان دەدا تێبگەن ئەم کەلوپەلانەی بە ئێمەن، بۆ چ شتێ بەکار دێن. کاتێك سەرسام بوون کە کەلوپەلی زیویان لەسەر مێزەکەمان بینی.

دانیشتوانی ئەو گوندە هێندە واقیان وڕ مابوو، ئۆقرەیان نەدەگرت... ئەو چەشنە کوێرەوەری و هەژارییە بەرامبەر بەم جۆرە جوانکارییەی پەیوەست بە شارستانێتی، هەرگیز هێندە کاری پڕ لە خەفەتی نەکردوەتە سەر من. ئەگەر بمتوانیایە چاوپۆشی لە بەکارهێنانی ئەم کەلوپەلە زیوییانە بکەم، بەبێ ئەوەی گوێ بدەمە هاوڕێکانم، بەدڵنیاییەوە کەلوپەلەکانم پێدەبەخشین.

ڕۆژی (٤)ی کانوونی دووەمی (١٨٤٠)، کەشوهەوا هێندەی دیکە بوو بە باوبۆران. ڕەشەبا بە چەشنێ توند بوو کە ئێمە نەماندەتوانی بکەوینە ڕێ. ڕنووە بەفرمان لە دەوروبەرمان دەبینی، لە قەدپاڵی چیاکەوە هەرەسی دەهێنا، تا گلۆڵە بەفرەکە دەگەیشتە خوارێ درشتتر دەبوو. چەند

کاروانیّ لە ماوەی ڕۆژانی رابردوو لە گوندی (داهار) مانەوە، بوێریی ئەوەیان نەبوو لەم ڕێیە ترسناکەی چیاکە بدەن.

بەم شێوەیە ئێمەش بە درێژایی ڕۆژەکە لە تەویلەی ئەسپەکانماندا ماینەوە، هەرکاممان بە یادەوەریی ڕۆژانی ڕابردوو یاخود خزمەتی ئەسپەکان، کاتمان دەمانگوزەراند.

لە ساتی زەردەپەڕی خۆرئاوادا خێرایی با کەم بووبوو، من لە شوێنی حەوانەوەم هاتمە دەریّ و بەسەر گوێسەبانەی خانوەکاندا پیاسەم دەکرد. هیچ شتیّ هێندەی دیمەنی دەوروبەرم خەمناك نەدەهاتە بەرچاو. لە هەموو لایەکەوە جگە لە چیای بەفرین کە شانیان بە شانی یەکترەوە نابوو، هیچی ترم نەدەبینی.

جگە لە دەستەی نوێنەرایەتی ئێمە، بێدەنگییەکی مەرگبار باڵی بەسەر سەرتاسەری شوێنەکەدا کێشاوە. تەنانەت درەختێکیش لەنێو ئەم بەفرە ئەستورەدا سەری دەر نەهێناوە. تەنها چەند قەلەرەشێك دەهاتنە سەر گوێسەبانەی خانوەکان تا لوقمەنانێك بدۆزنەوە. گەلەگورگی برسی بەرەو ڕانەمەڕەکان دەهاتن بە ئومێدی ئەوەی مەڕێك یاخود بزنێك بکەنە خۆراك.

دیمەنی ئەو سروشتە تووڕەیە هێندە خەمگین بوو، تەنانەت لەو ناوچە وێرانانەش داماوتر بوو کە پێیاندا تێپەڕیبووین، چونکە لەو شوێنانە بەلایەنی کەمەوە زەویی کشتوکاڵی و هەندێك جار گوندی پەرش‌وبڵاومان دەبینی، بەڵام لێرە بە هیچ چەشنیّ شوێنەواری ژیان نابینریّ.

www.zheen.org

دانیشتوانی ئەم دەڤەرە شاخاوییانە، تەنها بە بەرهەمی مەڕوماڵاتەکانیان دەژین، بە شێوەیەکی بەربڵاوانە لە هەر سوچێکدا ماڵێکیان بنیات ناوە. ئەمانە بۆ ڕێبواران گەلێ مەترسیدارن، لەو جۆرە جەردە و ڕێگرانەیان تێدایە و لە کوردستان زۆر دەبینرێن. خۆشبەختانە ژمارەمان زیاترە و ترسمان لە پەلاماری ئەوان نییە. وێڕای ئەمەش، پاسەوانەکەمان ڕایسپاردین خۆ بپارێزین، ئێمە ئیدی وەك پێشوو بە دەستەی جیاجیا لە کاروانەکەمان ڕێگەمان نەدەبڕی.

بۆ دڵنیابوون لەوەی ڕۆیشتنمان بە ڕێگەوبانەکەدا شیاوە یاخود نا، ناردم بەدوای هاوڵاتییەکی گوندەکەدا کە بە ئیرادە و جێگەی متمانە بێ، تا پاداشتێکی باشی بدەینێ و بینێرم بۆ گوندی (کوردعەلی) لە بناری چیاکەی دیکە. کەس ئامادە نەبوو ئەو کارە مەترسیدارە بەئەنجام بگەیێنێ.

من لەم پێشهاتە نیگەران بووم، لەو ساتەدا تاتارێکی هاوڕێم بە ناوی "فەزی"[2] هاتە بەردەمم و ئامادەیی خۆی دەربڕی. بەبێ ئەوەی شارەزای ڕێگەکە بێ، بێدوودڵی خۆی هەڵدایە سەرپشتی ئەسپەکەی و کەوتە ڕێ.

ئەم پیاوە یەکێکە لە یەنیچەرییە کۆنەکانی تورکیا کە لە باڵیۆزخانەی فەرەنسە لە قوستەنتینییە خزمەتی دەکرد. کاتێك کوشتاری یەنیچەرییەکان کرا، ئەو پەنای بۆ باڵیۆزخانەی فەرەنسە هێنا و لەم ڕێگەیەوە گیانی خۆی قوتار کرد. هەر بۆیە هەر شتێ پێوەندیی بە فەرەنسەوە هەبێ، بە سوپاسگوزار و فیداکارییەوە بە ئەنجامی دەگەیێنێ.

---

[2] Fesi.

منیش کاتێ لە قوستەنتینییە کەوتینە ڕێ، ئەوم وەك بەرپرسی تەویلەکانم خستە گەڕ. بەدرێژایی گەشتەکەم، کەس هێندەی ئەو فیداکاری و لەخۆبردوویی نیشان نەداوە. ئەمە یەکێکە لە بنەماڵە دێرینەکانی تورك کە لە هیچ شتێ ناسڵەمێتەوە، هەنوکە بە تەمەنی شەست ساڵییەوە، هێز و ئیرادەیەکی نائاسایی نیشان دەدا.

دنیا بەرەو تاریکی دەچوو و هەواڵێکمان لە (فەزی)یەوە پێ-نەگەیشت، من پەرێشان بووم چونکە ژیانی ئەوم خستۆتە مەترسییەوە و پەشێمانیش بووم. لەناکاودا کاتێ بۆ خواردنی نانی ئێوارە دانیشتین، "فەزی" گەیشتەوە لامان و بەدەست و قاچی تەزیوەوە بەفر سەروڕیشی داپۆشیی بوو، حاڵیشی خراپ بوو.

ناوبراو ڕێی چیاکەی بە دژوارییەکی زۆرەوە بڕی بوو تا گەیشتبوە گوندی (کوردعەلی)، دڵنیای کردمەوە کە دەتوانین بە ڕێگەکەدا بڕۆین. بەپێی گوتەکانی ئەو، سپێدەی بەیانێ بکەوینەڕێ. کاتێ کرێوەی بەفر دایە کەمی، ڕێگەکە لەوەش ئاسانتر بوو کە چاوەنۆڕمان دەکرد.

ئەو ساتانەی دەمانڕوانییە هەڵدێری ئەملای ڕێیەکەمان و لوتکە بڵندە پڕبەفرەکانی ئەولای ڕێ، هەستمان دەکرد لەوانەیە بچوکترین شنەبا مەترسییەکی زۆر لەگەڵ خۆیدا بهێنێ.

نزیکەی (٢٠) کەس لەبەردەم ئێمەدا بە پیادەیی دەڕۆیشتن، بەم شێوەیە ڕێیەکە دەکوترایەوە و ئێمەش بە جێپێی ئەواندا هەنگاومان دەنا. ئەو ئەسپانەمان دایە پێش کە باریان بەسەرەوە نەبوو، بەدوای ئەسپەکاندا کاروانەکە دەڕۆیشت و ئێمەش لەدوای هەموویانەوە بەسەر ئەو بەفرەدا ڕێگەمان دەبڕی کە دەکوترایەوە و وەك زەوییەکە تەخت بوو.

سەرەڕای ئەوە، کاتێك یەکێك لە باربەرەکانمان کەمێ لەم ڕێیە خۆشکراوە لای بدایە، یەکڕاست تا گەردنی لە بەفردا ڕۆ دەچوو و بە ئاستەم دەیتوانی خۆی لەو چاڵە بەفرە دەرباز بکات. بەم حاڵەشەوە ئەم ڕێگا پڕگرفتەمان بە (٤) چوار سەعات بڕی، بەجۆرێك کە هەندێکمان بەخراپی هەڵخلیسکاین.

بێگومان ئێمە کاتێ دووکەڵی خانوەکانی گوندی (کوردعەلی)ی بناری چیاکەمان بینی، بێئەندازە خۆشحاڵ بووین. بۆ چەند ساتێ چووینە نێو ژێرزەمینی ماڵان تا کەمێ پشوو بدەین، بەتایبەتی خۆمان گەرم دابێنین. بە شادمانییەوە نۆڕیمانە ئەو چیا سەرکەشانەی کە بەجێمان هێشتن، ئەگەر لە کاتی تێپەڕینماندا بچووکترین گرفت بخوڵقایە، لەژێر هەرەسی بەفردا دەمردین، چونکە ئەم ڕێیە لانەیەکی پشوودانی تێدا نییە. بڵندترین ترۆپکی ئەو چیای پێیدا تێپەڕین، ناوی (هیواش داغ) یاخود (کۆسە داغ)[3] بوو، چونکە هیچ ڕووەکێکی لێ نەڕواوە.

دوای جێهێشتنی (کوردعەلی)، دۆڵی فورات بەرامبەر بە ڕێبواران دەردەکەوت، کاتێك لەم گوندەوە دادەژنێی، بەنێو ڕووبارێکدا کە لقێکە لە فورات دەپەڕیتەوە. پاشان بەتەك گردۆلکەیەکدا دەڕۆی کە بەسەر دەشتایی‌یەکدا دەڕوانێ و دەکەوێتە نێوان چیا بڵندەکان، یەکێك لە ترۆپکەکانی ئەو لوتکانە، قوچەکێکی هاوشێوەی ئاراراتی هەیە.

ئەگەرچی هێشتا نزیکەی (٢٠) فرسەخ لە لوتکەی ئاراراتەوە دوورین، وەلێ ترۆپکی چیاکەمان بە چەشنێ دەبینی هەروەك بڵێی زۆر

[3] Hieuch Dagh.

له ئێمەوە نزیکە. هەموو ئەم پێدەشتەی ئێرە، بەپیت و فەڕ و پڕ لە دانیشتوانە. بەر لەوەی بگەینە گوندی (مەلا سلێمان)[4]، بە دوو گوندی دیکەدا تێپەڕین. (مەلا سلێمان) گوندێکی گەورەیە و شەومان تێدا بردە سەر، (٢٠٠) کاتۆلیکی (ڕۆمەن)ی تێدا نیشتەجێیە.

* مەلا سلێمان[5]

کەمێ بەرلە گەیشتنمان بەم گوندە، نوێنەری پاشای بایەزیدمان بینی کە فەرمانڕەوای ئەم دەڤەرەیە. ناوبراو لەبەر ئەوەی نۆکەرەکانی بەتایبەت بۆ خزمەتی ئێمە لەگەڵ خۆیدا نەهێناوە، تکای لێبوردنی خواست و گوتی ئاگاداری هاتنت بۆ ناوچەکە نەبووم، کاتیشم بەدەستەوە نەبووە تا ماڵەکەی خۆمەوە لە (تۆپراق قەڵا)ی نزیک بەم قەڵایەی ئێرە، بێمە پێشوازیتان.

کەمێك دوای ئەوەی لە ئەسپەکەم دابەزیم، باڵووڵ پاشا هاتە پێشوازیم و زۆر داوای لێبوردنی لێ کردم و گوتی بەتایبەتی بۆ پێشوازیت هاتووم تا پیرۆزبایی هاتنت بۆ قەڵەمڕەوی حوکمەتەکە لێ بکەم، بەداخیش بوو کە ناتوانێ تا پایتەخت لەگەڵماندا بێت، چونکە کارێکی گرنگ ناچاری کردووە لە (تۆپراق قەڵا) بمێنێتەوە، بەڵام کوڕەکەی لە بایەزید چاوەنۆڕمانە، لەبری خۆی لە پێشوازیماندایە و کۆشکەکەی بۆ مانەوەمان سازداوە.

---

[4] Mollah soleiman.
[5] Mollah soleiman.

باڵووڵ پاشا کوڕی مەحمودی بەناوبانگە کە یەکێك لە هاوڵاتیانی فەرەنسەی بە ناوی "مسیۆ ژۆبێرت"[6] دەستگیر کرد و بۆ ماوەیەك لە بایەزید خستیە زیندانەوە.

میهرەبانی بێوێنەی کوڕەکەی لەگەڵ ئێمەدا، بە ڕواڵەت بۆ ئەوە بوو تا لەبەردەم نوێنەری دەوڵەتی فەرەنسەدا، قەرەبووی ڕەفتاری باوکی لە بەرامبەر هاوڵاتییەکی فەرەنسیدا بکاتەوە. بێگومان منیش قسەم دەربارەی ئەم یادەوەرییە خراپە نەهێنایە پێش.

لە (مەلا سلێمان) بۆیەکەمینجار کۆمەڵێك هەواڵی فەرەنسەم بیست. حافز پاشای پیاوچاك بەستەیەك پۆستەی بەناوی منەوە وەرگرتبوو، بەپەلە کەسێکی ڕاسپاردبوو هەرچی زووترە بیگەیێنێتە دەستم. ئەمە یەکێك بوو لە خۆشحاڵییە چاوەنۆڕنەکراوەکانم کە زۆرینەی ڕەنج و مەینەتییەکانی سارێژ کردینەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* **قەرەکلێسە**[7]

ئێمە ناوچە شاخاوییەکانمان بەجێهێشت و چووینە نێو پێدەشتێکی بەرفراوان کە تا بناری چیاکانی ئارارات درێژ دەبووەوە. ڕووباری فورات ئەم پێدەشتە دەدێرێ، هەربۆیە پڕبەرهەمە و دانیشتوانیشی زۆرە، لە هەموو لایەکەوە کۆمەڵێك گوند بەرچاو دەکەون و کێڵگەی بەرفراوانی کشتوکاڵ لە دەوروبەریاندا هەیە.

---

[6] Monsieur Jaubert.
[7] Kara Kilissi.

ئێمە ئەمڕۆ سێ جار لەو شوێنانەی بوار هەیە، لە ڕووبارەکە پەڕینەوە. ئەم ڕووبارە بەردەوام بە ئاوی ئەو کانیاو و جۆگەلانە لێواولێو دەبێت کە لە چیاکانەوە بە پڕتاو دێنەخوارێ. لە پانتایی پێدەشتەکە و لەلای چەپمانەوە، حەسار و بورجەکانی (تۆپراق قەڵا)ی شوێنی دانیشتنی ئێستای "باڵووڵ پاشا" دەبینرێ. موسڵمانان لە سەرتاسەری ئەم دۆڵەدا، لەتەك مەسیحیەکاندا دەژین، دۆخی خەڵکەکە تا سەرسنووری ئێران بەم چەشنەیە، دراوسێیەتیان لەگەڵ دەوڵەتی ڕووسیادا جۆرە پشتیوانییەکی بۆ بەدی هێناون.

وێڕای ئەوە، تێبینی دەکرێ ئەو کەسانەی ڕووسەکان دوای جەنگی ئەم دواییەی دژ بە ئێران لەگەڵ خۆیاندا بردیانن، گەڕاونەتەوە بۆ ئێران، بەڵام نازانرێ ئایا لەبەرئەوەی پاداشتی چاوەنۆڕ کراویان لە ئیمپراتۆرێتیی تزاریی ڕووسیا وەرنەگرتووە، یا لەپێناوی خۆشەویستیی نیشتیمانە ڕەسەنەکەیان بەرەو گوندەکەیان گەڕاونەتەوە. بە هەرحاڵ ئەم گوندانە زۆر هەژارن، دانیشتوانیان لە (٣٠٠ تا ٤٠٠) کەس پتر نییە.

www.zheen.org

* گولاسۆر[8]

ڕۆژی (٧)ی مانگ، (قەرەکڵێسە)مان جێهێشت و ڕێگای پێدەشتمان گرتەبەر، لە کاتێکدا دوو ترۆپکی چیای (ئارارات) لە بەرامبەرماندا دەبینرا، کەوتبووینە نێوان دوو زنجیرە چیای کورتەوە.

---

[8] Guilasor.

بەنێو گوندی (یویلی)دا تێپەڕین کە سەرجەم دانیشتوانەکەی ئەرمەنییە، پاش کەمێك گەیشتینە کەناری ڕووباری فورات، ئێرە ئاوێکی زۆری هەبوو. پردێکی کۆنی وێران بەرامبەر بە گوندی (یویلی) هەیە و لەسەر یەکێك لە لقەکانی ڕووبارەکە بنیات نراوە، وەلێ دۆخی پردەکە بەچەشنێکە ڕێبواران حەز دەکەن لە بواری ڕووبارەکەوە بپەڕنەوە، کاتێکیش بەفر دەتوێتەوە، ڕووبارەکە بواری پەڕینەوە نادا. لەو جۆرە ساتانەدا، ڕێبواران ڕێگەی کوێستان هەڵدەبژێرن.

دوای شەش سەعات ڕێگەبڕین، گەیشتینە گوندی (گولەسۆر). ئەم گوندە گەلێ هەژارە و دانیشتوانی ئەو ئێرانیانەن کە کۆچیان بۆ ئێرە کردووە تا لەژێر پشتیوانی (ئەربابی گەورە)دا بژین. لێرە پانتایی دۆڵەکە بەرتەسك دەبێتەوە و دانیشتوانەکەشی لەو شوێنانەی دۆڵەکە کەمترە کە پێیاندا هاتین.

گوندی (گولاسۆر) ناخاوێنە و بەرچاو نییە، لێرە هێندە جێ کەمە بە ناچاری ئێمە و ئەسپ و بارگیرەکانمان لەنێو تەویلەیەکی پیسدا پێکەوە خەوتین، بۆگەنی ئەو گیانلەبەرانەشمان حاڵی ئێمەی شڕتر کردبوو.

* ئووچ کلێسە[9]

بەم چەشنە سەعات (٨)ی بەرەبەیان بەخۆشحاڵییەوە گوندەکەمان بەجێ هێشت. ڕێگەکە ئاسان بوو، تەنها بە لێواری کۆمەڵێك تەپۆلکەی گچکەدا دەرۆیشتین یا هەندێکجار ڕێڕەومان بە دەشتە هەموارەکاندا بوو.

---

[9] Utch Kilisse.

ئێمە لە کەناری ڕووباری فورات بەنێو دوو ڕیز تەپەلۆکەی نزمی پڕ لە بەفردا تێپەڕین. سێ جار لە بوارەکانی ڕووبارەکە پەڕینەوە، لە گوندێکی بچووك بە ناوی (ئووچی کینی)[10] کە دانیشتوانەکەی ئەرمەنین، حەواینەوە. پاش کەمێ سەرمان لە پەرستگایەك دا، حەوت کەشیشی ئەرتۆدۆکسی تێدا دەژیان، ئەمە هەمان ئەو پەرستگایەیە کە "ژەنەڕاڵ گاردان" لە گەشتنامەکەیدا ناوی هێناوە و لە پەلاماری کوردەکان پاراستوویەتی.

ئەم پەرستگایە ئەمڕۆ هێندە هەژارە کە من پێموانیە بتوانێ سەرنجی برسیترین کورد ڕابکێشێ. بینایەکە لە کەنار ڕێگەدا نییە، بۆ گەیشتنمان بەناچاریی لە پردێکی کۆنی نەڕووخاو پەڕینەوە، دوای چارەکە سەعاتێ گەیشتینە ئەو شوێنە و چووینە نێو (ئووچکلێسە).

ڕووکاری دەرەوەی کلێسەکە باش ماوەتەوە، لە دیوارەکانیدا کۆمەڵێك کونی نیشانە و سێرەگرتنی تێدایە بەمەبەستی بەرگری لەخۆکردن لەهەمبەر ڕێگر و چەتە چیاییەکان. ناو کلێسەکە زۆر خراپە و نەخشەکەی بەشێوەی خاچی یۆنانییە. لە بەشی هەرەبەرزی دەرەوەی بیناکەدا، ڕەمزی خاچێك بەرچاو دەکەوێ.

کەشیشە ئەرتۆدۆکسەکان میوانداریيەکی باشیان کردین، هێلکە و ڕۆنەکەرە و شیر و پەنیریان دانێ. منیش لەپای ئەم میوانداریيەدا پاداشتێکی شیاوم پێبەخشین، بەڵام هەژاری و نەهامەتیی ئەم دامەزراوە مەسیحییە کاری تێکردم، وێرانەیەك لە هەر سوچێکیدا دەبینرا.

---

[10] UtchiKini.

دڵنیام لە ئایندەیەکی نزیکدا (ئووچکڵێسە) بەتەواوەتی پەراوێز دەخرێ و کەشیشە ئەرمەنییەکان کە ھەنوکە لێرە نیشتەجێن، ئێرە جێ دەھێڵن و پەنا دەبەنە بەر (ئەکمیازین)[11] کە بەلای ئەرمەنییەکانەوە جێگەیەکی پیرۆزە.

دووریی دەوڵەتی ڕووسیا لەم شوێنە لە فرسەخێک زیاتر نییە، تەقەلا دەدا مەسیحییەکانی ئەرمەنستانی کۆن بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ، ئەگەر بیەوێ ئەوا دەتوانێ ئەم ناوچەیە بە تەواوەتی لە دانیشتوان چۆڵ بکا.

دوای جێھێشتنی (ئووچکڵێسە)، ڕێگای دەشتمان گرتەبەر، بەسەر ڕووبارێکدا پەڕینەوە کە دەکەوتە ئەم دۆڵەوە و ئاوەکەی بە توێژاڵێ بەفر داپۆشرا بوو.

دوو سەعات دواتر، گەیشتینە (دیادین)[12]. دەمانگوت لەوێ شتێ بۆ خواردن دەدۆزنەوە، بەڵام ھیچمان جگە لە ھەژارییەکی باو لەم ناوچەیەدا چنگ نەکەوت.

بنکەی ژین
www.zheen.org

*** دیادین**

پێدەچێ (دیادین) بەرلە ئەمڕۆ ئاوەدانتر بووبێ. وێڕای ئەمەش ئێستا نزیکەی (٢٠٠) ماڵی تێدایە. نزیکەی (١٠) ساڵ لەمەوپێش ئەم گوندە لەلایەن ئێرانییەکانەوە کاول کراوە، خانوبەرەکانیان تێک دراون

---

[11] Ec-Miazine.
[12] Diadine.

که هێشتا هەندێ لەو کاولە شوێنەوارانەی لە کەناری ڕووباری فورات بەرچاو دەکەوێ.

گرنگترین سەرچاوەی ئاوی ڕووبارەکە هەر لە نزیك هەمان گوندی (دیادین)ە، ئاوەکەی بەنێو دوو زنجیرە تاشەبەردەوە دەڕوات و شێوەی لە ڕێژگەیەك دەچێ تا دەڕژێتە ئەو ڕووبارەی بە ئاسیای گچکەدا دەڕوا و دواجار دەڕژێتە کەنداوی فارس.

ئەو شەوەی کە لە (دیادین) بەسەرمان برد هێندە دڵگیر نەبوو، چونکە شوێنەکەمان زۆر پیسە، بەو هەموو خۆپاراستنەمان لە شوێنی حەوانەوەماندا، جرِوجانەوەری گەزێنەر ئازاریان دەدایین.

بەم شێوەیە گوندەکەمان بەجێ هێشت، بەو ئومێدەی لە بایەزیدی ژێر حوکمڕانیی باڵووڵ پاشادا، بتوانین ئەو پێداویستیانەمان فەراهەم بێنین کە ماوەیەکە لێی بێبەشین.

دوای (دیادین)، ماوەی یەك سەعات ڕێگەکەمان ئاسان بوو، بەڵام پاش کەمێ سەرلەنوێ هێندە بارستایی بەفر دایەزیادی کە ئەسپەکانمان بە ئاستەم دەیانتوانی هەنگاو بنێن.

بەم چەشنە بە دەردەسەرییەکی زۆرەوە بە تەپۆلکەیەکدا هەڵگەڕاین و گەیشتینە بڵندترین شوێنی ناوچەکە، ئەم بەرزاییەی لە شێوەی قوچەکێکدایە. لەوێوە دیمەنێکی دڵفڕێن دەهاتە بەرچاو، چونکە لە بناری ئەو بەرزاییەی وا ئێمەی لێ بووین، دۆڵێکی بەرفراوانە کە تاڤگەیەکی بەخوڕی لێ دەڕژایە خوارێ.

له دامێنی ئەم چیایەدا درێژەمان بەڕێگای خۆمان دا، گەیشتینە ئەو دەشتەی ماوەیەکە لە دوورەوە دەیبینن. ئەم دەشتاییە زۆر بەرفراوانە، دوو سەعات درێژەی کێشا تا بەسەرتاسەریدا ڕۆیشتین. هەنگاومان بەسەر بەردە بورکاناوییەکانی ئەوێدا دەنا. پێدەچێ ئەم بەردە بورکانیانە، کۆن و دێرین بن.

لە سەرتاسەری دەڤەرەکەدا، کۆمەڵێك بەردی دەریایی دەبینرێت ئاسەواری ئاگریان پێوەدیارە، هەندێ ئاماژەی تر نیشانی دەدات سەرجەم ناوچەکە کەوتۆتە بەردەم شەپۆلی بورکان.

دوای بەجێ هێشتنی ئەم پێدەشتە، لەناکاودا بەلای ڕاستدا وەرسوڕاین و چووینە نێو پێدەشتێکی دیکەوە کە پانتاییەکەی لە ئەوی پێشوو کەمتر نەبوو و تا بناری چیای (ئارارات) دەکشا.

کەمێ دواتر و لەساتی زەردەپەڕی ئێوارێ، لەسەر گاشەبەردێکی بەرزەوە ماڵەکانی بایەزید و کۆشکێکی بەرز دەبینرا، بەڵام هێشتا مەودای (٣) سێ سەعات ڕێگەمان لەبەردەمدایە.

لە نزیك شارەکە کوڕی باڵوول پاشا هاتە پێشوازیمان، کۆمەڵێك ئەفسەری یاساولی بەرچاویشی لەگەڵدا بوو.

بەم چەشنە چووینە نێو کووچە و کۆڵانەکانی بایەزید، بەڵام لەبەرئەوەی دنیا تاریك بوو، نەمانتوانی ڕێگەکەمان بناسینەوە. سەگەکانی شارەکە کەوتنە وەڕین و بە حەپەحەپ تا دەوروبەری کۆشکەکە بەدواماندا هاتن، واتە تا ئەو شوێنەی بۆ حەوانەوەمان تەرخان کرابوو.

www.ziben.org

* **بایەزید**[١٣]

هێندە لە ئەنجامی ڕێگەبڕینی ئەم دوادواییە ماندوو بووین، بڕیارمان دا ڕۆژی (١٠ی کانوونی دووەمی ١٨٤٠ز) لە بایەزید بمێنینەوە. وێڕای ئەوە، شارەکە خاوەنی کۆمەڵێك فاکتەر بوو کە هەستی بەدواداگەڕانی لە مندا دەبزوواند، بایەزید یەکێکە لە شارە سەرسنوورییەکانی ئێران و تورکیا.

لەو ساتەوەی کە ڕووسیا ئەرمەنستانی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بایەزید ببووە دراوسێیەکی نزیکی ئەو وڵاتە، لەو کێشمەکێشمانەی وا لەنێوان وڵاتاندا ڕوودەدەن، پێگەیەکی گرنگی بەدەست هێناوە، بەڵام هەر ئەم بایەخەش بووەمایەی کاولبوونی، چونکە هەرجارەی دەکەوێتە ژێردەستی یەکێك لە وڵاتە ڕکابەرەکان و زیانێکی زۆری پێ دەگا.

ئەمڕۆ بایەخی بایەزید تەنها لەوەدایە کە جۆرە چاودێرییەك بەسەر کوردەکانی دراوسێیدا دەکات، بەڵام ئەم چاودێرییە بەسەر خەڵکانێکدا کە کاریان چەتەییە و لە وەرزی هاویندا بەرەو دەشتەکان دێن و لەوێ پەرش‌وبڵاو دەبنەوە، لە وەرزی زستانیشدا پەنا دەبنەبەر چیاکانی (ئارارات)؛ هێندە کاریگەریی نییە.

پاشا پێی گوتم چوونە دەرەوە بۆ ئەودیوی حەساری شارەکە لە وەرزی هاویندا تائەندازەیەك مەحاڵە، چونکە لەوانەیە کوردەکان هەر کەسێ لەو ناوچانەدا بن، چەپاوڵی بکەن و سەری لە لاشەی جودا

---

[13] Bayazid.

بکەنەوە، تا قوربانییەکان نەتوانن تاوانەکەیان بدرکێنن. هەربۆیە کاروانەکان لەم وەرزەدا تەنها بە خۆپارێزی تەواو و بە کۆمەڵێك پاسەوانەوە، بەم ناوچانەدا دەڕۆن.

شاری بایەزید لە بەرامبەر چیاکانی (ئارارات) بنیات نراوە، دوو لوتکەی ئەم زنجیرە چیایە هەمیشە بە بەفر داپۆشراوە، لەنێو هەور و تەمدا بزرە و بە ئاستەم لەیەکتر جودا دەکرێتەوە.

بایەزید لە (٥٠) خانو زیاتری تێدا نییە و دانیشتوانەکەی بریتین لە تورك و ئەرمەن. سەرجەم خانوەکانی بەتایبەتی بورج و شوراکانی، لەنێو بەردەلاندا ون بووە و ناسینەوەیان بەگرفتە.

کۆی ئەم خانو و بورج و شورایانە، هەروەك لانەی هەڵۆ بەسەر دەشتەکەدا زاڵە، بەلام هەموویان زۆر هەژار و نەدارن. جگە لە کۆشکی پاشا کە بەسەر دۆڵێکدا دەڕوانیّ، بەماوەیەکی کەم لە دووری ئەوەوە خانوەکانی هاوشێوەی بیناکاریی ئیسپانیا و ئەفریقای باکورن.

بیّگومان لەو ساتەی هەنگاومان ناوەتە نێو قارەی ئاسیاوە، ئەمە تاکە خانویەکی بەرجەستەیە تائێستا بینیومانە. ناو مزگەوت و حەرەمەکەی، جوانییەکی تایبەتی هەیە. بەداخەوە ناو ئەم کۆشکە بەرەو وێرانی دەچیّ و کەس بایەخی پێنادا.

لەنێو ئەم شارە پتەوەی بایەزید، پێشتر هاولاتییەکمان بەناوی "ئەمدە ژۆبێر" لەلایەن باوکی ئەم پادشایەی ئێستاوە خراوەتە زیندانەوە. ناوبراو ئەرکێکی لە گەشتەکەیدا بۆ ئێران پیّ سپێردرابوو. ئێمە رۆیشتین بۆ بینینی شوێنی زیندانییەکەی، بە حەز و خولیاوە

چووینه ناو ئەو ژێرزەمینەی تیایدا زیندانی بووە. ژوورێکی تاریك بوو کە بەهۆی دەرگایەکەوە بە ژوورەکەی پاشاوە دەبەسترێتەوە، ئەم ژوورە بەسەر دۆڵەکەدا دەڕوانێ و لەوێوە تەواوی ئەو دەشتە بەرفراوانەی لێ دیارە. ئێستاش ئەم بورج و شوورایە بەرەو ڕووخان دەچێ، لەبری پادشایەکی دڕندە و یاساوڵەکانی، تەنها چەند کۆترێکی دەنوك سورمان لەوێ بینی کە لەسەر دیواری بورجەکە هێلکەیان داناوە، بە بینینی ئێمە لە شەقەی باڵیان دا.

ئەو چاوساغەی بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵماندایە، بە ئێمەی گوت: کوڕە کوردێکم بوومەتەمایەی دەربازکردنی "مسیۆ ژۆبێر".

قسەکانی ناوبراو ڕاست یاخود درۆ بێ، زۆر سەرنجڕاکێشە، ئێمە پاداشتێکی باشمان پێبەخشی و ئەویش زۆر خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو. من دڵنیام نەژادی کورد دەست لە نیشتەجێبوونیان لە بایەزید هەڵناگرن.

لەسەروو بورجەکەوە، دیمەنی ئەم دەڤەرە گەلێ قەشەنگە. لەژێر ئێمەوە، ڕێژاوی (کیرناوك)[14] ی پێدا دەڕوا کە لەنێو دۆڵەکەدا بەشێوەی مارپێچ بۆی دەکشێ و لە بناری چیای (ئارارات) لەگەڵ ڕێژاوێکی دیکەدا بەناوی (بالیق کۆی)[15] یەکدەگرن، ئەم ڕێژاوەی دوایی دەبێتە دەریاچەیەك بەهەمان ناوەوە، تا ئەوێ (١٢) سەعات ڕێیە.

کەمێ نزیکتر شوێنەواری وێرانی چەند قەڵایەك دەبینرێت کە بۆ پارێزگاریی لە شارەکە بنیاتنراوە، هێشتا سەنگەرێکی بەرگرییە

---

[14] Kirnaouk.
[15] Balick Keui.

لەبەرامبەر کوردەکان. کۆمەڵێك پاسەوان لەو شوێنەدا ڕاسپێدراون تا لەساتی نزیکبوونەوەی چەتەکان، خەڵکی شارەکە بەهۆی نیشانەی مەترسییەوە ئاگادار بکەنەوە. ئەمەش دۆخێکی نامۆی کۆمەڵایەتییە، پاشای ئەم دەڤەرە ناچارە لەپێناو پاراستنی خۆی بەرامبەر بە پەلاماری نەیارەکانی، ئەم جۆرە خۆپارێزییانە لەبەرچاو بگرێ.

کاتێك بیر لەوە دەکەینەوە لایەکەی دیکەی چیای (ئارارات) سەربە ڕووسیایە و ئارامیی تێدا بەرقەرارە و دەتوانرێ بەبێ مەترسی پێیدا بڕۆی، ناتوانین هەستی میهرەبانیمان بۆ دەوڵەتێك هەبێت کە بەرگەی ئەو بارودۆخەی گرتووە.

وێڕای بارودۆخی ناهەمواری بایەزید، ئەو (٣٦) سەعاتەی لەوێ بەسەرمان برد، توانیمان ماندوێتیمان بەتەواوەتی وەلانێین. بە دڵگرانییەکی ڕاستەقینە و سوپاسگوزارییەوە، ماڵئاواییمان لە دوائەفسەری حافز پاشا کرد کە لە ساتی هاتنی ئێمەوە بۆ ناوچەکە، بوو بە هاوڕێمان.

بنکەی ژین
www.zheen.org

ئیدی گەیشتینە سەرسنوورەکانی (عوسمانی) و دەبوایە بچینە خاکی ئێرانەوە. بەیارمەتی و میهرەبانی ئەم ئەفسەرانە، کۆمەڵێك دەردەسەریمان لە کۆڵ بۆوە کە بەگشتی گەشتیارانی ئەوروپی لەم وڵاتانەدا دووچاری دەبن.

لە هەموو شوێنێك بە ڕێز و حورمەتەوە میوانداریان بۆ سازداین، ئەگەر مەینەتی و دژوارییی زۆرمان بەسەردا هاتبێ، پەیوەندی بەو وەرزەوە هەبوو کە گەشتمان تێدا کرد و ئەو خاکەی پێیدا تێپەڕین،

ئەگەرنا هەردوو ئەفسەرە چاوساغەکەمان، هیچ کەمتەرخەمییەکان لە هاریکاریی و کۆشش لەپێناو ئێمەدا نەکرد.

بەپێچەوانەی ئاراستەی ئەو چیایانەوە کەوتینەڕێ کە بایەزیدی لەسەر بنیات نراوە، شورای شارەکەمان بەجێ هێشت و بەرەو خۆرهەڵات بزواین.

پادشای لاوی بایەزید تا سەرسنووری قەڵەمڕەوەکەی بەڕێی کردین، ئێمەی بە پاسەوانێ سپارد تا ڕێنمایمان بکات بەرەو دواخاڵی سەرسنووری وڵاتەکەیان و گەیشتنمان بۆلای کاربەدەستانی ئێران کە لەسەرسنوور چاوەنۆڕمانن.

دەمزانی یەکێك لە کەسایەتییەکانی دەرباری شا، دوو مانگ لەمەوپێش راسپێردراوە تا بێتە پێشوازیم و لە شارە گچکەکەی ماکۆ لە چاوەڕوانی مندایە، هەربۆیە دڵنیا بوومەوە کە چاوەڕوانمانن.

ژینگەی ژین
www.zheen.org

* **بازرگان، سنووری ئێران**

ماوەی (٢) دوو سەعاتە بەرەو خۆرهەڵات هەنگاو دەنێین، بەردەوام لەنێو ئەو پێدەشتەی کە چیاکانی (ئارارات) بەسەریدا دەڕوانێ، بەڕێگەوەین.

هەرگیز وا بە ڕوونی ئەو دوو ترۆپکە بەرجەستەیەی ئەم چیای بەناوبانگەمان نەدیتبوو، هەنوکە لێی نزیك بووینەتەوە و دەتوانین بە ئاسانی رەشماڵی کوردەکان لە بناری باشوری چیاکەدا ببینین.

بەشێکی گرنگی ئەم دەشتە بریتییە لەو سەوزەگیا و گۆلاوانەی ڕەوە بەرازی تێدا دەلەوەڕێ، لەبەرئەوەی خواردنی گۆشتی بەراز بەپێی شەرعی ئیسلام حەرامە، ڕۆژبەڕۆژ ژمارەیان لە زیادبووندایە.

بەم چەشنە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە لە هەر کوێیەك نەوایەکیان دژ بە گەرمای هاوین هەبێ و لە وەرزی زستانیشدا بڕە تێشوویەکی مەمرەومەژییان دەست بکەوێ، ئەوا ژمارەیەکی زۆری ئەم گیانلەبەرانەی تێدا خڕ ببێتەوە.

نزیکەی نیوەی ڕێگەمان بەرەو شوێنی مەنزڵ بڕی، لەناکاو لەسەر دوو تەپۆلکەی بەرامبەر لەنێو هەوایەکی تەمومژاویدا کە بەهۆی تاریکی دنیا و پەڵەهەورەوە بە ڕوونی نەدەبینرا، کۆمەڵێك خەڵکمان بینی.

هەتا نزیکتر دەبووینەوە، ئەم کۆمەڵە مرۆڤە سەیر و سەمەرەتر دەهاتە بەرچاوان. هەندێکیان جلوبەرگی سور و کڵاوی زل زلیان لەسەرنابوو، هەندێکیدیکەیان پۆشاکی گرانبەهایان پۆشی بوو. هەموویان کڵاوی نوك باریکی ئێرانیان بەسەرەوە بوو کە لە پێستی بەرخۆلە دروست دەکرێت و لە شێوەی قوچەکدایە.

ئەم گرووپە، بە بینینی من دەستیان بە هەنگاونان کرد و لە لێواری ئەو ڕێگایەی من پێیدا دەڕۆیشتم، ڕیزیان بەست. فەرماندەکەیان هاتە پێشوازیم و بەخێرهاتنی کردین.

ناوبراو کوڕی فەرمانڕەوای ئەیالەتەکە بوو کە بە زمانی فارسی بە (خان مەرزی) ناو دەبرێت، باشترین و بەڕێزترین ڕستەی بۆ بەخێرهاتنی ئێمە دەربڕی و بە منی ڕاگەیاند کە پادشای ئێران زۆر

خۆشحاڵە بە گەیشتنی سەفارەتی فەرەنسە و ئەو خۆشەویستییەی میللەتی فەرەنسە لە بەرامبەر ئێراندا هەیەتی.

دوای نیو سەعات هەواڵپرسینی یەکتر کەوتینەڕێ، ڕێگەکە لە ڕوانگەی ئێمەوە هەرگیز بەم چەشنە کورت نەبوو، چونکە چووینە نێو میللەتێکی دیکەوە کە دڵگەرم و پڕقسەی هەمیشەیین، ئەمەش پێچەوانەی ئەو بێدەنگییە خەمبارە باوەی ناو تورکەکانە کە ئێمە تازە بەجێمان هێشتبوون.

لەم ساتەوە تا ئەو ڕۆژەی کە دوای (٦) شەش مانگ خاکی ئێرانمان بەجێ هێشت، هەمیشە هەمان مامەڵە و شێوازی ڕەفتار و ڕێز و نەوازشیان لەهەمبەر مندا دەنواند.

بەدرێژایی ڕێگە، کوێخای گوندان و خانەدانانی ناوچەکان هاتنە پێشوازیمان و منیان تا سنووری قەڵەمڕەوی خۆیان بەڕێ دەخست، بە ئەسپەکانیانەوە بە دەورمدا غارغارێن و جریدبازیان دەکرد، هەمیشە بە تفەنگ و تیروکەوانەکانیان سێرەیان لەبەردەمیان دەگرتەوە، بەدوای یەکتردا دەگەڕان و نمایشی مل بەملەیان ئەنجام دەدا.

لەو ساتانەشدا پاسەوانێکی دیکە لەگەڵ من دەخرا و ئەم گەمەی نەبەردییەی دەخستە ئەستۆی خۆی. سەرۆکەکەیان نزیك ببۆوە و هاوڕێکانی پێناساندین، سوپاسیان دەکردم کە بەخت یاوەری ئێران بووە، هاونیشتیمان و دۆستانی خۆشەویستیش لەبەرئەوەی ئێوە دیار نەبوون، نیگەرانتان بوون و ئێستاش هاتوونە پێشوازیتان.

کاتیٚ ئیٚمە گەیشتینە شویٚنە گرنگەکان، کەسانیٚکی زیاتر دەهاتنە پیٚشوازیمان و پۆشاکی گرانبەهاتریان دەپۆشی و جۆش‌وخرۆشیٚکی زیاتریان دەنواند، ساتی چوونمان بۆ تاران و ئیسفەهان نزیکەی (١٠,٠٠٠) دە هەزار کەس پیٚشوازییان لیٚ کردین.

کاتیٚك چووینە نیٚو بازرگان، نزیکەی (١٢) دوازدە سەربازمان بینی بە جل‌وبەرگی سەربازییەوە لە دەوروبەری چەند مالٚیٚکی گوندەکە ڕیزیان بەستبوو، بەدەنگیٚکی تیژ گویٚی کەڕییان دەخرۆشاند.

ئەم دەستە سەربازانە لەبەردەمماندا ڕاوەستان، ئیٚمە بەم چەشنە چووینە نیٚو کووچەو کۆلاٚنە قوڕینەکانییەوە. ئەو خانوەی بۆ ئیٚمەیان ساز کرد، زۆر لەو خانوانە باشتر نەبوو کە لە تورکیا خومان پیٚوەگرتبوون، شویٚنەکان نیوەیان ژیٚرزەمین بوون، بەینی ژوورەکان و تەویلەکان بە دیواریٚك لە خشتی کالٚ جیا کرابۆوە کە بۆگەنی تەویلەکانی لیٚ دوور خستبووینەوە چونکە چیتر بەرگەی ئەو بۆگەنەم نەدەگرت.

ڕەنگە گەورەترین خۆشحالٚیم ئەمە بیٚ کە سەرەنجام ئامانجی گەشتەکەم بەدیهیٚنا. بەهەرحالٚ لەبەر ئەوەی لەناو خاکی ئیٚراندایـن، گەلیٚ شادمان بووین.

* ماکۆ

ڕۆژی دواتر (١٢ی کانوونی دووەمی ١٨٤٠ز) هەرچەندە ڕیٚگەکەمان هیٚندە دوور نەبوو، سپیٚدەی بەیانیٚ وەڕیٚکەوتین. هەر پاسەوانەکەی پیٚشوومان لەتەکدابوو، هەر ساتیٚ کۆمەلٚیٚك سوارمان

دەبینی دەهاتن و دەچوون، ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێ کە هاتنی ئێمە بە دانیشتوانی ماکۆ بگەیەنن.

بەنێو دەشتاییەکی پانوبەریندا ڕۆیشتین، گۆلاوێ بوو کە چەمی تێ دەڕژا و ئەویش دەڕژایە ڕووباری (ئاراس)ەوە. پاشان چووینە نێو گوندێکی هەژاری کوردنشین، دانیشتوانەکەی لەسەر خاکە ڕەنەکە[16] کشتوکاڵێکی پوختیان دەکرد.

لەوێوە بەرەو ڕۆژهەڵات چووینە نێو کۆمەڵێك چیای کەم بەرزایی، ئەم چیایانە بنارێکی بەرتەسکیان هەیە و هەریەکەیان وەها لە شانی یەکتردان کە ڕێگەی نێوانیان بە شێوەی توولەڕێ دێتە بەرچاو.

لەنێو ئەم سروشتە دڕندە و سەرنجڕاکێشەدا، (عەلی خان)ی سنوورپارێز، یاخود فەرمانڕەوای سەرسنوورمان بینی و هاتە پێشوازیم. ناوبراو کۆمەڵێك یاساوڵی جۆراوجۆر و بەرچاوی لەتەکدا بوو. لەنێو یاساوڵەکاندا چەند ئەسپێکی جوانم بە زینێکی ڕازاوەوە بینی. لە دەروازەی شارەکەدا هەندێ سەربازی دیکە بەهەمان شێوازی شەو هاتنە پێشوازیم، بە هەمان شەیپوورەوە بەخێرهاتنیان کردین. ئێمە لەنێو ئەم دەستە سەیروسەمەرە و شەیپورە تیژەدا کە لە کۆشکی عەلی خانەوە سازدرا بوو، چووینەسەرێ.

هیچ شتێ هێندەی ئەم شارە گچکەیەی ماکۆ سەرسوڕهێن نییە، ئەو دۆڵەی شارەکەی تێدا بنیات نراوە زۆر تەنگەبەرە، دەتوانین بڵێین

---

[16] سەرنج: (ڕەن) وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە، بە مانای خاکێکی بەپیت دێت کە رووبار یان دەریا جێی بهێڵێ و کشتوکاڵی تێدا بکرێ. (و-ك)

خانوەکانی بناری چیاکە تائەندازەیەك بەسەر یەکترەوە بنیات نراون. لەسەروو ئەم خانوە بێ نەخشە و پلانانە، ماڵی فەرمانڕەوای ناوچەکەیە.

کۆشکی (عەلی خان) تائەندازەیەك بەرفراوانە. ئێمە بۆ یەکەمین جار و دوای ماوەیەکی درێژ، لێرە چووینە نێو کۆمەڵێك ژووری پاك و خاوێن. پاشان سەرووی کۆشکەکە و لەنێو قەدپاڵی چیاکەدا داچوونێکی تێدایە کە گاشەبەردێکی بەسەرەوەیە، هەروەك کلاوێك سەری کۆشکەکەی لەباوەش گرتووە. ئەم گەمە سەرسوڕهێنەی سروشت، مەترسییەکی هەمیشەییە بۆ دانیشتوانی ماکۆ، چونکە زۆرجار هەرەسی بەردی هەیە و بۆتەمایەی زەرەر و زیانی زۆر.

لە هەمان کاتدا دانیشتوانی ئەم شارە خوویان بەم دۆخە سەرسوڕهێنە گرتووە، لە هەرەسی بەرد ناترسن. بەهەرحاڵ مەترسییەکی ڕاستەقینەیە، ئەم پێشهاتە تائێستا چەندین جار ڕووی داوە.

ماکۆ نزیکەی (٢,٠٠٠) دوو هەزار کەس دانیشتوانیەتی، پێشتر دانیشتوانەکەی زیاتر بووە، بەڵام پەلاماری ئەم دواییەی ڕووسەکان بۆتەمایەی کۆچی زۆرینەی مەسیحییەکان بەرەو ڕووسیا و لە (٢٠) خێزان پتری لێ نەماوەتەوە.

* سۆفی

سپێدەی ڕۆژی (١٣ی کانوونی دووەم) لە (ماکۆ)وە جووڵاین و چووینە نێو تەنگەبەری چیاکەوە، بەنێو شورایەکی خراپدا ڕۆیشتین کە

له گلّ بنیاتنرابوو، وەلیّ شوراکەش بەو چەشنە خەڵك بەرامبەر پەلاماری کوردانی تورکیا دەپارێزیّ.

لێرە دیسپلینێکی باشتری بە بەراورد لەگەلّ ئەولای سنووردا تێدایە، دەوڵەتی ئێران بەلایەنی کەمەوە توانیویەتی بەهۆی چاودێری ژیرانەو توندەوە، ئاسایش لە ڕێگاکاندا فەراهەم بێنیّ.

ئێمە بەردەوام بەرەو خۆرهەڵات هەنگاومان دەنا، نزیکەی سەعات (٢)ی پاشنیوەڕۆ گەیشتینە گوندێك بەناوی (سۆڤ) و دەبوایە شەو لەویّ ببەینەسەر.

گوندی (سۆڤ) بە دارودرەخت گەمارۆدراوە، دەڤەرێکی پاكوخاوێنە و شوێنی حەوانەوەی تێدایە. دانیشتوانەکەی نزیکەی (١,٠٠٠) هەزار کەسە، یەکێك لە سەرکردە کوردەکان حوکمڕانیەتی و لە ناوچەکەدا بەدەسەڵاتە.

لەکاتی چوونمان بۆ گوندەکە، بیستم یەکێك لە کوڕانی ئەم سەرکردەیە زەماوەندی ژنهێنانی سازداوە، بەم بۆنەیەوە لە یەکێك لە گۆڕەپانەکانی ماڵەکەیدا شایی و هەڵپەڕکێیە.

بەپەلە بۆ بەشداریی ئەم زەماوەندە چووینە ئەویّ. بۆ یەکەمین جار زەماوەندی کوردیم بینی، سەرنجڕاکێش و خۆش بوو بەڵام قەشەنگ نەبوو. پیاوان و ژنان بەشێوازێکی بازنەیی دەستی یەکتر دەگرن، بە دەنگی دەهۆڵێکی هەژێنەری خۆش و یەك ڕیتم بەشێوەی بازنەیی دەخولێنەوە. جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئەم هەڵپەڕکیّ و سەمایانە و سەمای باشوری ئەوروپادا هەیە کە تێیدا کچانی ئیتاڵی،

جوانیی و قەشەنگیی خۆیان بەشێوەیەکی سروشتی، بەڵام بە هەموو لێهاتوویی و لێزانیانەوە، نمایش دەکەن.

وێڕای ئەمە هەروەك دەبینرێ، ژنانی کورد هەرچەندە مووسڵمانن، هاوشێوەی مەزهەبەکانی دیکەی ئیسلام لە سوچێکدا زیندانی نین، تەنانەت ڕوخساریشیان دەبینرێت، لەکاتێکدا لەنێو مەزهەبەکانیتری ئیسلامدا دەرخستنی ڕوخساری ژن گوناهێکی گەورەیە.

*[سەرنجی وەرگێڕ: (کۆنت دوسێرسی) لێرەوە خاکی کوردستان بەجێدەهێڵێ و سەردانی تارانی پایتەختی ئێران دەکات، پاشان "محەمەد شا"ی ئێران دەبینێ، ڕێککەوتننامەیەك بۆ پێوەندی نێوان هەردوولا لە (تشرینی دووەمی ١٨٣٩- ڕەمەزانی ١٢٥٥ی هیجری)دا مۆر دەکەن. دواتر سەر لە هەریەك لە شارەکانی شەبستەر، شیراز، ئیسفەهان، ساوە، کاشان دەدا. لە دووتوێی یادداشتەکانیدا سەبارەت بە شێوازی حوکمڕانیی ئێرانیش نوسیویەتی: ((ئێران لەو سەردەمەدا (١٠) ئەیالەت بووە و کوردستانیش تەنها یەك ئەیالەتە کە ناوەندەی شاری کرماشانە)).*

*ناوبراو کاتێ لە ئێرانەوە دەیەوێ سەردانی شاری بەغدا بکات، لە (کەنگاوەر)ەوە دێتەوە ناو کوردستان.]*

*** کەنگاوەر**

ئێمە بێ ئەوەی شوێنێکی حەوانەوە لە ڕێگەدا پەیدا بکەین، ماوەی (٨) هەشت سەعات ڕێگەمان بڕی.

سەرەڕای ئەمە، لەم دەشتەدا کۆمەڵێ ئاگردان دەسوتان، نیشانی دەدا هەمووی چۆڵ نییە. پاشان تێگەیشتم ئەم ئاگردانانە هی رەشماڵە کوردەکانن، لە وەرزی هاویندا چیاکان بەجێ دەهێڵن تا بۆ شوێنەکانی دیکە کۆچڕەو بکەن و لەوەڕگا بۆ ڕانەمەڕەکانیان بدۆزنەوە.

هەتا لە کرماشان نزیکتر ببینەوە، ژمارەی ئەم رەشماڵانە پتر دەبن و زۆر مەترسیدارن بۆ ئەو ڕێبوارانەی کە بیانەوێ بەتەنیا لەو دەڤەرانەدا راببوورن، چونکە هیچ کاتێك لە شوێنێکی دیاریکراو نیشتەجێ نابن، کەس ناتوانێ دەستیان پێڕابگات.

سەرەنجام گەیشتینە (فەراپیچ)[17]، ئەم گوندە بە بناری چیایەکەوەیە و کەوتووەتە نێو هەمان ئەو دۆڵەی کە ماوەیەك بە پەنایدا ڕۆیشتین. ئەم گوندە لە (٤٠ تا ٥٠) کەس پتر دانیشتوانی نەبوو، ڕووبارێك بە دامێنی گوندەکەدا دەڕوا کە پانییەکەی لە چەند مەترێك پتر نییە. هەروەك زۆرینەی شوێنەکانی دیکەی ئێران، پردێکی نیمچە وێرانەی بۆ پەڕینەوە بەسەر ڕووبارەکەدا لێیە.

ئێمە بەنێو کۆڵانەکانی ئەم گوندەدا تێپەڕین، دانیشتوانەکەی بە چرای دەستیانەوە هاتنە دەرێ تا بمانبینین. پاشان بەرەو ئەو بەرزاییە ڕۆیشتین کە گوندەکەی لەسەر بونیات نراوە. لەوێوە بینیمان دۆڵێکی بەرفراوانی دیکە لە چاوەڕوانمانە، وێڕای ماندوویێتیی ئەسپەکانمان چووینە نێو دۆڵەکەوە، بەڵام نەمانتوانی لابدەین، چونکە پەناگەیەکی لێ نییە و ئالیکیش بۆ ئەسپەکانمان پەیدا نابێ. هەربۆیە بە تەنیشت

[17] Farapetch.

گوندێکی دیکەدا بە ناوی (کووچە)[18] ڕەت بووین، چەمێکی بەرین و تیژڕەوی لە کەناردایە.

دوای (١١) سەعات گەیشتینە کەنگاوەر، لەوێ چادرەکان چاوەنۆڕمان بوون. چادرەکانمان ئەمجارە لەژێر درەختی شۆڕەبیدا لە لێواری ئەستێڵکێکی گەورەی ئاودا هەڵدا، لەبەرئەوەی زۆر ماندووین و هەوای ئەو ناوچەیەش زۆر خۆشە، حەوانەوە لەو شوێنەدا چێژی پێ بەخشین.

قاڵیچەکانمان لەکەناری ئەم ئاوەدا ڕاخست و میوە و چایان داینێ کە گەلێ دڵگیر بوو. لێرە زۆر ئاسودەین و مانگەشەو تیشکی خۆی بەسەرماندا پەرش کردۆتەوە، بەڵام لەناکاو دەنگی بۆق و هێرشی مێشوولە ئەوەی بۆ دەرخستین ئاوی گۆلاوەکەی پەنامان بۆگەنە.

لە ڕاستیدا کاتێ سپێدە لەخەو هەستاین، بینیمان لەتەك یەکێك لەم گۆلاوە مەنگانەداین کە مراوی تێدایە و ژمارەیەکی زۆری بۆقیش بە دەنگە بەسۆزەکەیانەوە دەمانلاوێننەوە. هەندێ لە بۆقەکان لەوانی دیکە چاونەترستر بوون، بۆ سلاو بازیاندایە سەر ڕوخسارم. ئەمە لەو ڕووداوانەیە هەندێك جار لەوانەیە بەسەر ئەو کەسانەدا بێ کە لەژێر ڕەشماڵدا دەخەون.

وێڕای ئەمە، کەنگاوەر گوندێکی گەورەیە، تەنانەت کۆنەفرۆشان زۆر بە باشی گوندەکە دەناسن، چونکە لە لێواری گوندەکەدا، کۆمەڵێك وێرانە هەن و دەڵێن هی سەردەمی ساسانیەکانە. هەندێکیش لەو

---

[18] Kiouche.

بڕوایەدان وێرانەی ئەو پەرستگایانەیە کە بە دەستوری فەرمانڕەوا جێنشینەکانی ئەسکەندەر بۆ (دیانە)[19] بنیات نراون.

لەهەمانکاتدا هەندێ کەسیش لەو بڕوایەدان تەنها ئەو بینا پتەوانەن کە لەو سەردەمەدا لەلایەن ئێرانییەکانەوە دروست کراون، تا بتوانن خۆیان لە ئەگەری لافاو بپارێزن.

ئێستا لەنێو وێرانانەدا، (٨) هەشت ستوون دەبینرێ کە ئەستوریەکەیان (٣ تا ٤) پێیە، لەسەر پایەیەکن هەروەك پایەی ستوونەکان ڕەنگەکەی خۆڵەمێشییە. ئەگەر لەم دەڤەرەدا پشکنینی ورد ئەنجام بدرێت، گومان لەوەدانییە شوێنەواری زۆر دەردەکەون. بۆنمونە، دانیشتوانی کەنگاوەر دەڵێن کەمێ لەولاتر، ڕێگایەکی ژێرزەمینی تێدایە و بەستراوە بەم بینا وێرانەیە. هەنوکەش ئەم پایە و ستوونانە پارێزەری ئەو چەند ماڵە وێرانەیەن کە جووتیارە هەژارەکانی تێدا نیشتەجێیە.

کەنگاوەر لە شوێنێکی شیاودا بونیات نراوە و ئاوێکی بەرفرەی هەیە، ئەگەر لە ئێران نەبوایە دەیتوانی ببێتە شارێکی ئاوەدان. ئەم گوندە لە بەرزاییەکدایە و دەوروبەرەکەشی پڕ لە دۆڵی بەپیتوفەڕە.

لە ڕاستیدا دەڤەرێکە بۆ ڕۆیشتن لە ئیسفەهانەوە بەرەو هەمەدان، ڕێبواران بەناچاری پێیدا ڕادەبورن. هەربۆیە نزیکترین ڕێگای نێوان پایتەختی کۆنی ئێران و تەورێزە، بەڵام ئێستا لە گوندێ پتر نییە و هیچ جۆرە بایەخێکی پێنەدراوە، هەندێ چەتە و بیابانگەڕ لە لە

[19] Diane.

دەوروبەرەکەیدا نیشتەجێن. بەم شێوەیە دەوروبەرەکەی بە بەیار[20]ی ماوەتەوە. ئێمە کاتێ بە ئەوێدا چووین، تەنها چەند رەشماڵێکی کوردمان بینی، کۆمەڵێك خێزانی مەڕدار و شوان یاخود باشتر بڵێم هەندێ چەتەی تێدا نیشتەجێن.

* بێستوون

ئێمە سپێدەی زووی رۆژی شانزدەهەم شوێنەکەمان بە جێ هێشت، چونکە دەمانویست بەرلە زەردەپەڕ، بگەینە بێستوون. لەوێ کۆمەڵێك نەخش و نیگاری بەرجەستەی رۆژگاری دێرینی لێ بەجێ ماوە کە دەمانویست بیانبینین.

بۆ گەیشتن بە بێستوون، لە چوار سەعات ڕێگەمان پتر لە بەردەمدا نەماوە، ڕێگەکە زۆر خۆش بوو. سەرەتا بەتەك چیایەکدا هەنگاومان نا، پاشان لە دۆڵێکی شێوە بازنەییەوە رۆیشتین کە بێستوون کەوتۆتە لای باشووریەوە.

www.zheen.org

---

[20] بەیار: وشەیەکی رەسەنی کوردییە و بە مانای خاکێك دێت کە شیاوی کێلان بێ و نەکێڵرابێت، بەهۆی کەمتەرخەمی خاوەنەکەی یاخود زۆرجاران جوتیار بۆ ئەوەی خاکەکە گروتینێکی بۆ بگەڕێتەوە، دوای چەند ساڵ جارێك داچاندن و ڕەنێوهانین لە زەوییەکەدا، ساڵێکیش بەجێی دەهێڵێت و هیچی تیادا داناچێنێ. (و-ك)

ئەم ڕێگایە ژمارەیەکی زۆر جۆبار[21]ی تێدایە، پێیانگوتین لەکاتی شەودا بەهۆی چاڵی قووڵی نێو جویێبارەکانەوە، ناتوانن پێیدا بڕۆن. سەوزەگیایەکی زۆر تەواوی دەشتەکەی داپۆشیوە، لە هەندێ شوێندا گۆلی گچکەی تێدایە، بەهۆی هەڵچوونی ڕووبار و جۆگەلەکانەوە خولْقاون. ژمارەیەکی زۆری مارماسی و کیسەڵ لەنێو ئەم گۆلاوانەدا دەژین. زۆربەی ئەم مارانەی بینیمان زەبەلاحن، بەداخەوە کیسەڵەکان بۆ خواردن شیاو نین، تەنانەت دانیشتوانی ئەو دەڤەرە لەو بڕوایەدان مرۆڤ بە خواردنیان ژەهراوی دەبێ، ئەمەش مایەی نیگەرانیمانە، چونکە هەزاران کیسەڵمان لەوێ بینی و دەیانتوانی جۆری خۆراکمان بگۆڕن.

ئەم دۆڵە پڕ لە زەمەند و سەوزاییە، بەنزیکەیی کەسی تێدا نیشتەجێ نییە و ئێمە تەنها چەند ڕەشماڵێکی کوردەکانمان بینی. چوار سەعات درێژەی کێشا تا ئەو دۆڵەمان بڕی. سەرەنجام گەیشتینە پردێکی وێران کە تائەندازەیەك لە بەرامبەر چیای بێستوونە.

ڕەشماڵەکانمان لە قەدپاڵی چیاکە و لەژێر سایەی دار و دەوەن و لەتەك جۆبارێکدا هەڵدا، ئەم شوێنە زۆر لەبارە، چونکە وێڕای فێنکیی ئاووهەواکەی، لەپەنا وێنەیەکی هەڵکۆڵراودایە کە ئێمە دەمانویست لێی نزیك ببینەوە.

---

[21] جۆبار: وشەیەکی ڕەسەنی کوردییە، بەمانای جۆگەلەئاوێکی زۆر دێت، هەروەك نالی لە شیعرێکدا دەڵێ:

هەر جۆگە و جۆبارێ کەوا سوور و سوێر بێ

جێی جۆششی گریانی منە و خوێن نەڕژاوە. (و. ك)

تەنانەت لەنێو ڕەشماڵەکانماندا، چەند پارچە بەرد و بەشێ لەو ستوونانەمان بینی، واپێدەچێ پێوەندیی بەو تەلارە دێرینانەوە هەبێ. بە لاپاڵی چیاکەوە، گاشەبەردێکی تێدا دانراوە و چەند شیعرێکی بە زمانی نوێی فارسی لەسەر نوسراوە.

نووسینە هەڵکۆڵراوە دێرینەکان لە بەشێکی قەدپاڵی چیاکەدایە و گەلێ بەرز و سەرکەشە، لە شەقامەکەوە ناتوانرێ بە باشی جودای بکەیتەوە. لەسەر هەمان قەدپاڵی چیادا، وێنەی چەند مرۆڤێ دەبینرێت و لە نزیك ئەوانیشدا دوو تاقی نیوەناچڵی تێدایە. ئەم وێنە هەڵکۆڵراوانە ناوبانگێکی زۆری لە جیهاندا هەیە، چونکە زۆر دێرینە و لێکدانەوەی هەمەچەشنەیان بۆ کراوە.

هەندێك دەڵێن ئەم نوسراوانە بە فەرمانی (سەمیر ئەمیس) کاتێ هاتۆتە ئەکباتان، لەسەر ئەو بەردانە نەخشێنراون. کەسانێکی دیکەش بە کاری (سەلمانازار)ی دەزانن و دەبێژن ئەم پادشایەی ئاشور و ماد، ئەو ساتەی جولەکە دیلەکانی بۆ هەمەدان ڕاگواستووە، فەرمانی داوە ئەم نووسینانەی تێدا هەڵبکۆڵن. لەوانەشە هەروەك هەڵکۆڵراوە بەرجەستەکانی تاقوەسان، کاری پادشایانی ماد بێت کە زۆرجار ئەم چەشنە یادگارییانەیان لە شوێنی حەوانەوەی هاوینەیان بەجێ دەهێشت.

لە هەمان کاتدا لێرە بەپێی دابونەریتی باو، ئەوەی بەنهێنی ماوەتەوە بە شێوازێکی ئاڵۆز دەیدەنە پاڵ سەرچاوە ئەفسانەییەکان. هەر بەپێی ئەم نەریتە، بیناسازێکی ناسراو بەناوی (فەرهاد) کە لە سەردەمی

ساسانییەکاندا ژیاوە، ڕایدەسپێرن کێوی بێستوون بۆ ئاو دابتاشێ تا ئاوی ڕووبارەکە، پێدەشتی بەرفراوانی بناری کێوەکە ئاودێر بکا.

فەرهاد، کیژۆڵەیەکی گەنجی شازادەی ئەرمەنی بەناوی (شیرین) خۆشویستووە، بەڵێنیان پێداوە لەهەمبەر ئەو کارەدا، (شیرین)ی بدەنێ. کاتێ بەدڵگەرمییەوە سەرقاڵی ئەنجامدانی کارەکەی بووە، کوڕی پادشای بابل دڵی ئاشقەکەی دەفڕێنێ و لەڕێگەی پیرەژنێکەوە هەواڵ دەگەیەننە (فەرهاد) کە (شیرین) مردووە. (فەرهاد) بە بیستنی ئەم هەواڵە، دەبێتە دێوانە و بەچەکوشەکەی دەستی، پیرەژنی تەتەری هەواڵەکە دەکوژێ و خۆی لە ترۆپکی کێوەکەوە هەڵدەدێرێت. بەم چەشنە کارەکەی بە نیوەناچڵ دەمێنێتەوە.

هەربۆیە داستانی خۆشەویستیی (شیرین و فەرهاد) لەم دەڤەرەی ئێراندا بۆتە فۆلکلۆر، هەرکاتێ بینایەك ببینن نیوەناچڵ بێ و هۆکارەکەی نەزانن، دەڵێن (فەرهاد) بونیاتی ناوە تا (شیرین)ی تێدا بژی و خۆشەویستی خۆی بۆ بسەلمێنێ.

بێستوون ئەمڕۆ لە کاروانسەرایەك پتر نییە، لە زناری چیاکەدا دەستەیەك خانوی گچکە لەلایەن جووتیارانەوە بنیات نراوە، چەند درەختێکیش بەدەوریدا ڕووێنراوە، هەر لێرەش ئێمە ڕەشماڵەکانمان هەڵدا.

ناوی (بێستوون) تایبەتە بەو ناوچەیەی لەسەروو ئەم ماڵ و کوخە گچکانەوەیە، بەسەر ئەو دەشتەدا دەڕوانێ کە ئێمەی پێیدا تێپەڕین، لەلایەکی دیکەوە سێبەری بەسەر دەشتێکی دیکەدا کردووە کە کرماشانە.

پادشا دێرینەکانی ماد وەرزی هاوینیان لەم دۆڵانەدا گوزەراندووە، بە جۆگە و جۆباری هەمەچەشنە دەشتەکە تێرئاو دەبن و زۆر سەوز و گەشن. دانەوێڵەیەکی چڕوپڕیان لێ چاندووە، ئەو ژمارە کەمەی کشتوکاڵیش کە لەو دەڤەردا دەبینرێ، پڕ پیت و بەرەکەتە. ئەگەر دانیشتوانی لێ نیشتەجێ ببێ و بە باشی بەڕێوەببرێن، دەبێتە بەهەشتی سەر ڕووی زەمین.

*** کرماشان**

تا بەرەو کرماشان نزیك ببینەوە، سەوزایی کەمتر دەبێتەوە. ئەم شارە پایتەختی کوردستانی ئێرانە و لە دەڤەرێکی شاخاویدایە، بەڵام خاکەکەی وشك و بەردەڵانە. ئێمە ماوەیەك لە پێدەشتی کێوی بێستووندا ڕێگەمان بڕی، بەرلە زەردەپەڕ گەیشتینە دیوارەکانی شاری کرماشان. حوکمڕانی شارەکە، پاسەوانی ڕێزلێنانی بە کۆمەڵێ مەشخەڵی هەمەچەشنەوە کە سەرجەم ناوچەکەی ڕۆشن کردبووەوە، بۆ پێشوازی ئێمە نارد.

www.zheen.org

بەهۆی ئەم بایەخە شیاوەوە ئێمە توانیمان بەنێو گۆڕستان و وێرانەکەدا ڕاببورین و بگەینە خانویەکی قەشەنگ کە بۆ حەوانەوەمان تەرخان کرابوو. ئەم خانوە بەگشتی بۆ ژیان و گوزەرانی شازادە قاجارییەکانی حوکمڕانی ئەم ناوچەیەن.

ئێمە بەوپەڕی شادمانییەوە لە کرماشان حەواینەوە، بڕیارمان دا چەند ڕۆژێ لەوێ بمێنینەوە تا پشوو بدەین وماڵئاوایی لە ئێرانیش بکەین. هاوڕێکانم و ئەسپەکانیان ماندوون و پێویستیان بە هەناسەدانێکە.

ئێمه بەو نەوازش و میوانپەروەرییەی خانی ئەم ناوچەیە، توانیمان هەموو پێداویستییەکانمان وەدەست بخەین، ئەو کۆشکەی خان خستییە خزمەت ئێمەوە، پەناگایەکی دڵگیر و ئارام بوو. کۆشکەکە لەنێو باغێکی مەزندایە، ژمارەیەکی زۆری دارودەوەنی تێدایە و ئاوە زۆرەکەی هەڵدەمژێ، هەربۆیە زۆر گەش و سەوزن. ئەو تەلارە سەرەکییەی شوێنی حەوانەوەمە، فوارەیەکی تێدایە و دەڕژێتە حەوزێکی مەڕمەڕەوە، سەدای نەرمونیان و دڵنەوازەکەی منی دەخستە خەو.

ناتوانرێ هەروا بەسانایی باوەڕ بەوە بکەی کە دانیشتن لە قەراغی ئەستێڵکی ئاو و فوارەکانی ئەم دەڤەرە گەرمە، تا چ ئاستێ چێژت پێ دەبەخشێ. تەنانەت ئەو گەشتیارانەی زۆر ئەوروپییانە بیر دەکەنەوە، بە ئاسانی و تەواوەتی هەست بەو خۆشبەختییە دەکەن کە ئاسیاییەك دەتوانێ بۆ خۆی فەراهەم بێنێ، بەشێوازێك کە لەسەر قاڵیچەیەکی پەنا فوارەی ئاوەکە ڕاکشێ و قاوە بنۆشێ و قلیان بکێشێ تا کاتی خۆی بەسەر ببا.

سپێدەی بەیانێ لە کرماشان، چووم بۆ سەردانی فەرمانداری شارەکە و بەوپەڕی میهرەبانییەوە میوانداریی کردم، ناوی (محەمەد خان)ە و لە بنەماڵەی قاجارەکانە.

لەبارەی حوکمڕانیی خۆیەوە وتوێژێکی فراوانی لەگەڵدا کردم، باسی لەو گیروگرفتانە کرد کە بۆ سزادانی یاخی و چەتەکان هاتۆتە بەردەمی. کرماشان کەوتۆتە نێوان ڕێگای بەغدا– تاران و تەورێز، زۆرجار لەبەردەم پەلاماری کوردانداییە.

ئەو گوتی ڕێگای ئازەربایجانت لەپێشە. بۆی شی کردمەوە لەم وەرزی هاوینەدا ناوچەی میزۆپۆتامیا زۆر گەرمە، ئەو خەڵکانەی کە ڕانەمەڕ و مێگەلەکانیان بۆ کوێستانەکانی ئەم دەڤەرە دەهێنن، زۆر مەترسیدارن.

وێڕای ئەوە، ناوبراو پاسەوانێکی لەگەڵ خستم تا بمگەیێنێتە دەستی بەرپرسانی تورک و پادشای بەغدا، چونکە کرماشان هێندە لە سنووری عوسمانییەکانەوە دوور نییە.

ئێمە بۆ ماوەی چەندین ڕۆژ لەو ناوچانەداماینەوە کە لەژێر دەسەڵاتی هیچ کام لەم دوو دەوڵەتەدا نییە، نەمانتوانی هیچ کام لە بەرپرسان ببینین. وێڕای ئەوە، بە متمانەیەکی تەواوەوە بە کاروانەکە و چەکەکانی دەستمان، بڕیارەکەمم هەڵنەوەشاندەوە. بەبێ‌گۆڕینی بۆچوونەکەم، بە سوپاس و ڕێزەوە ماڵئاواییم لە نوور محەمەد خان کرد.

شاعەباس خان واتە ئەو پاسەوانەی وەك ڕێزلێنانێ ڕاسپێدرابوو لە ئێراندا چاوساغم بێ، لە کرماشان بەجێی هێشتین. ناوبراو بەدڵگرانییەوە لە ئێمە جیا بووەوە، وێڕای ئەوەی کارێکی ناقۆڵای ئەنجام دا و تائەندازەیەك لێی دڵسارد بوومەوە، حەزم بە ڕۆیشتنی نەدەکرد. لەهەمان کاتدا نەمدەتوانی ئەوەش لەیاد بکەم کە بەدرێژایی مانەوەمان لە ئێران هاوڕێمان بووە، هەمیشە هەوڵی دەدا ڕێوشوێنی حەوانەوەمان بۆ وەدی بێنێ.

کاتێك ئەومان بەجێ هێشت، کۆمەڵێك چەك و کەلوپەلم بەدیاری دایێ و خۆشحاڵ بوو، ئیدی هەرگیز ئەوم نەبینییەوە، چونکە

نەمدەویست هیچ کەلوپەلێك لە ئێرانەوە لەگەڵ خۆمدا ببەم، ئەسپە تورکمانیەکەم کە شاهەنشا بەدیاری پێی بەخشی بووم و دەمی دەتگوت دەمی مشکی بیابانە و یاڵی نەبوو –ئەمەش تایبەتمەندی نەژادی ئەسپەکەیە– بەو چاوساغەم بەخشی.

کرماشان یەکێکە لە شارە بایەخدارەکانی ئێران، دانیشتوانەکەی دەگاتە (١٢,٠٠٠) هەزار کەس، کۆمەڵێك پیشەی تێدا باوە و بووەتەمایەی خۆشگوزەرانیی خەڵکەکەی.

ئەو گەشتیارانەی کە لە کرماشانەوە دەچنە عەرەبستانی سعودییە و ئەو ڕێبوارانەی لە کەربەلاوە دەگەڕێنەوە، بێگومان بڕێك لە پارە و دراوەکانیان لەم شارەدا خەرج دەکەن.

قاڵی و فەرشی کرماشان، لە سەرجەم قارەی ئاسیادا بەناوبانگە، هەرچەندە وەك قاڵی و فەرشی خۆراسان باش نییە، بەڵام باشییەکەشی لەو کەمتر نییە. وێڕای ئەوەش، پەستەك لە خوری بەرهەم دەهێنن کە لەنێو خەڵکی چیانشینان و هۆزەکانی ئەو دەوروبەردا زۆر باوە.

www.zheen.org

* تاقوەسان

ئەو سێ ڕۆژەی لە کرماشانماینەوە، بەخێراییەکی سەرسوڕهێن تێپەڕی. بەرلەوەی درێژە بە پاشماوەی گەشتەکەم بدەم، چووم بۆ بینینی وێنە نەخشێنراوە بەناوبانگەکەی تاق وەسان.

ئەم وێنانە هێندە لە شارەکەوە دوور نین، بۆ ئەو مەبەستە بەو ڕێگەیەدا کە بەرەو ئیسفەهان دەچێ، ڕۆیشتمە دەرەوە و لای باکورم

گرتەبەر و چوومە نێو دەشتێکی پانوبەرین کە تا زناری بێستوون درێژە دەکێشێ، بەنێو باغ و مەزراکاندا هەنگاوم دەنا و گەیشتمە ڕووباری (قەرەسوو)، بەناچارییەوە بە مەلە لێی پەڕینەوە. پاشان هاتینە نێو گوندە گچکەکەی تاق وەسان، بەسەر چەند پردێکی ڕووبارەکەدا ڕۆیشتین کە ئاوە زولاڵەکەی لە چیاکانەوە هەڵدەقوڵێ.

ئەو دەڤەرە گەلێ جوان و دڵگیرە، یەکێك لە گوندنشینەکان ئێمەی بەرەو ئەشکەوتێ برد کە لە بەردی چیاکە داتاشراوە، کۆمەڵێك وێنەی بەرجەستەی تێدایەو لای شوێنەوارناسان زۆر بەناوبانگە.

وێنەی سێ پەیکەر لە سەرەتا و کۆتایی ئەشکەوتەکەدا دەبینرێ کە بە کامڵی ماونەتەوە. ئەم وێنانە لە ئەندازەی سروشتی گەورەترن و ئەو پادشایانەن کە من پێموایە دەستنیشانی ناوەکانیان، دەبێ بدرێتەپاڵ کەسانی دەسەڵاتدارتر.

ژێر ئەم وێنانە، وێنەی ئەسپسوارێکە و زرێی پۆشیوە، نێزەیەکی بەدەستەوەیە کە بەشە گرنگەکەی فەوتاوە و شکێنراوە. لە هەردوولای ئەشکەوتەکەوە، کۆمەڵێك وێنەی بەرجەستەی گچکەتر دەبینرێت کە کۆبوونەوەی ڕاووشکاری پادشایانی کۆن نیشان دەدا. ئەم وێنە بەرجەستانەی دوایی، بە وردەکارییەکی پترەوە داتاشراون و سەرجەمیان سەرنجڕاکێشن.

ئەو گەشتیارانەی دێنە ئێران، هەموویان لێی دواون. ناوی (مالکۆڵم) و (کۆرت) و هی دیکەم لەوێ بینی. سەرووی یەکێك لە دیوارە لاوەکیەکانی ئەشکەوتەکە، وێنەیەکی نوێتری سەردەمی

(فەتحعەلی شا)ی لێیە کە لە بەرد داتاشراوە. بەهۆی نەبوونی سەلیقەیی هونەرمەندانی نوێی داتاشینی بەرد لە ئێران، ئەم وێنەی دوایی کە بە بەراورد لەگەڵ وێنە هەڵکۆڵراوە کۆنەکاندا، بە رەنگێکی تیژ نەخشێنراوە و زۆر ناقۆڵایە.

ئەشکەوتێکی دیکە لەتەك یەکەمین ئەشکەوتدایە و هەروەك ئەوانی دیکە لەکەناری کانییەکدایە، بەڵام لەو بچوکتر و کەم بایەخترە. ناوەوە وێنەیەکی هەڵکۆڵراوی بەرجەستەی تێدایە بێگومان لە وێنەکانیتر دێرینترە، پەیکەری دوو کەس نیشان دەدات کە بە باشی ماونەتەوە و لە تەنیشتیدا نووسینێکە بە خەتی پەهلەوی[22].

هەر پەنای ئەشکەوتەکە، دیمەنێکی دیکەی تێدایە لەسەر تاشەبەردەکەی هەڵکۆڵراوە، کەمێ لەولاتر لەژێر ئاوێکدا جەستەی پەیکەرێکی بەردینی تێدایە کە باراناو شێواندوویەتی.

ئەم وێنە بەرجەستانەی تاق وەسان لەڕوانگەی زانستییەوە بایەخێکی زۆری هەیە، ئەو هونەرمەندانەی بە هاوڕێیەتیی من هاتوونەتە ئێران، زانیاریی زۆرتریان لەوبارەیەوە هەیە، چونکە دەبێ توێژنەوەکانیشیان لە پەرتوکێکدا لەسەر ئەرکی دەوڵەت بڵاوبکرێتەوە.

سەبارەت بەو سەردانەم بۆ تاق وەسان، تەنها بەشێوەی بەشێك لە گەشتەکەم لێی دەدوێم. لێرەدا دەڵێم دیمەنی ئەم ئەشکەوتە بەناوبانگانە لە دیدی ئێمەوە سەرنجڕاکێشە، هەروەك کەسانیتریش لەو بڕوایەدام ئەم نەخش و نیگارانە تەنها بۆ ئارایشتی ئەو باخانە بووە کە

[22] خەتی پەهلەوی: خەتی ئێرانییەکانە لە سەردەمی ساسانییەکاندا. (و.ك).

پادشایانی ماد دەیانویست لە دۆڵەکانی هاوسێی ئەکباتاندا دروستیان بکەن.

لە ڕاستیدا هەروەك نەریتێك، سەرجەم دەڤەری کرماشان پێشتر پڕ لە کۆشك و تەلاری حەوانەوە بووە، زۆری ڕێژەی سەرچاوەکانی ئاو کە تا ئەمڕۆش لەوێ دەبینرێ، هەر لە زووەوە بووەتەمایەی نیشتەجێبوونی دانیشتوانێکی چڕوپڕ کە بەداخەوە ئەمڕۆ لەوێ نەماون.

ئێمە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی (٢٠ی حوزەیرانی ١٨٤٠ز) کرماشانمان بەجێ هێشت، ماڵئاواییمان لە شا عەباس خانی وەفادارمان کرد و پاسەوانێکی نوێی لەگەڵ خستین. نورمحەمەد خان داوای کرد بەهەر نرخێ بێت، پاسەوانێکی بەهێزمان لەتەکدا بخاتەڕێ تا لەکاتی هەر پەلامارێکدا لەلایەن کوردەکانەوە، بتوانێ بەرگریمان لێ بکات و ئێمە بە ئاسانی بە چیاکانی ئەم ناوچەیەدا ڕاببورین و بچینە نێو بیابانی عەرەبییەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* ماهی‌دەشت

بەزوویی کووچە و کۆڵانە پێچاوپێچ و گڵینەکانی کرماشانمان بەجێ هێشت، بەلای باشور و بەرەو کاروانسەرای (ماهی‌دەشت) بۆ گوزەراندنی شەو، وەڕێ کەوتین.

لە سەرووی ئەو بەرزاییەی شارەکەی تێدا بنیات نراوە، دیمەنی دڵڕفێنی تەواوی دۆڵی کرماشانمان بینی کە لە سێ لاوە بە پێدەشتی چیاکانی کوردستان گەمارۆ دراوە. ئەم دۆڵە لەو نێوانەدا هەروەك فەرشێکی سەوز و گەش دێتە بەرچاوان. لە هەمان کاتدا هەتا لە

حەساری شارەکە دوور بکەوینەوە، دانیشتوانی دەوروبەرمان هەژارترن و زەوییەکانیان بێ بەرهەم و بەردەلانترە و پڕە لە بەردی ڕەش، لەنێویاندا خانوی گچکە و ناقۆلا لە بناری چیاکەدا دروستکراوە و خەڵکی هەژاری تێدا دەژی.

کاتێك گەیشتینە (ماهی دەشت) بینیمان کاروانسەراکە پڕ لە ڕێبوارە، بە ناچارییەوە کەمێ لەولاتر خێوەتەکانمان لەنێو ڕەشماڵی ئەو ئێلێ و عەشیرەتانە داکوتا کە ئاگرەکانیان کلپە و نێڵەی دەدا.

ئەو پاسەوانەی کە خستیانە تەك من، لە تەنیشت ئێمە خێمەی ساز کرد و هەروەك فەرماندەیەك بەڕواڵەت زۆر خۆپارێزی دەکرد، تا ئەو چەتە و ڕێگرە زۆرو زەوەندانەی لەم دەڤەرەدا دەژیان، پەلامارمان نەدەن.

بەسانایی تێگەیشتم ڕەفتارەکەی لەپێناو ئەوەدایە پاداشتێکی زیاتر و نامەی دەستخۆشانەش لە بەرپرسەکەی وەربگرێت. لە ڕاستیدا هەموو ئەو ماوەیەی ئەم ئەفسەرە لێهاتووەمان لەگەڵدا بوو، بەخۆی و چەکدارەکانیەوە کە لە (٣٠) کەس تێنەدەپەڕی و سەرتاپایان چەك و ڕیحاڵە، هەروەك سەربازانی ساتی جەنگ پاسەوانیان لێ دەگرتین و قەرەوڵیان لە هەموو سوچێکدا دانا و لە دەوری ئالاکەیان کۆببوونەوە.

بەگشتی کاتێك ئێمە بە ئارامی دەکەوتینە ڕێ، ئەوان فەرمانی ئامادەباشیان وەردەگرت و گاشەبەردی ڕۆخی ڕێگاکانیان دەپشکنی و هەندێکجاریش تیرەبارانی دەوروبەریان دەکرد، پاشان هەروەك سەربازی سەرکەوتوو بۆ لامان دەگەڕانەوە و باسی ئەو مەترسیانەیان بۆ ئێمە دەگێڕایەوە کە دەشێ ببنە هەڕەشە.

کاتێ مرۆڤ ماوەیەك گەشت بۆ خۆرهەلاتی دونیا بکات ئیدی فریوی ئەم جۆرە نمایشانە ناخوات. ئێمە پتر پشتمان بە چەکەکانی خۆمان دەبەست نەك قارەمانێتی ئەو سەربازانەی لەگەڵماندان.

سەرەڕای ئەوەش پێویستە بڵێین ئەو پۆشاکە ئەوروپییەی لەبەرماندایە، باشترین گرەنتی ئاسایشمانە لەنێو ئەم چەتە و ڕێگرانەدا، چونکە ئەوان ئاگاداری ئازایەتی و مێرخاسی ئەوروپییەکان و باشی چەکەکانیانن، ئەمەش زیاتر مایەی ئاسودەییمان بوو.

(١٠-١٢) دە تا دوازدە کەسی ئەوروپی کە پێکەوە بەم ڕێگایەدا بڕۆن و بە باشی پڕچەك بن و بڕیاریان دابێ بەرگریی لە خۆیان بکەن، دەتوانن بەبێ هیچ مەترسییەك بە ناوچەکەدا هەنگاو بنێن.

بۆ ئەم جۆرە ڕێبوارە ئەوروپییانە، تەنها مەترسییەکی بەردەمییان لەنێو شارەکاندایە، چونکە ئەگەری ئەوە هەیە دەسەلاتداران بیانەوێ سودی نیگەتیڤانەیان لێوەربگرن، یاخود تۆڵەیان لێ بستێننەوە.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* **هاروونئاوا**

دوای (٧) حەوت سەعات ڕێگەبڕین، گەیشتینە هاروونئاوا. ئەم گوندە گچکەیە نیوە وێرانەیەکە لەنێو ناوچەیەکی وشك و بێبەرهەمدا. ڕێگەکەی زۆر سەختە و هاوڕێکانم و ئەسپەکانیان بە ئەستەم پێیدا ڕۆیشتین، بەلام بە تەنگەبەرێکدا تێپەڕین کە لە دامێنیدا ڕووبارێکە و دەوروبەرەکەی بە دارستانی سنەوبەر داپۆشراوە.

یەك سەعاتی تەواو بەم شیوە بەرتەسکەدا ڕۆیشتین، ئێرە هەمان ئەو شوێنەیە کە کوردەکان بەگشتی ڕێبواری تێدا ڕووت دەکەنەوە،

پاسەوانەکانمان بە خۆپارێزی و چاودێرییەکی زۆرەوە هەوڵی وەدیهێنانی ئارامی شوێنەکەیان دەدا. بەدرێژایی ماوەی تولەڕێیەکە، بەنێو ئەو بەردە نووكتیژانەدا هەنگاومان دەنا کە ناوچەکەیان داپۆشی بوو.

پاش ئەوەی تەنگەبەرەکەمان تێپەڕاند، چووینە نێو پێدەشتێکەوە و بڕینی ڕێگەکەی یەك سەعاتی خایاند. پاشان جارێکی دیکە بەناچارییەوە تولەڕێیەکی سەرەوەمان گرتەبەر هەروەك ئەوەی پێشوو سەخت و دژوار بوو، دواتر هاتینەوە نێو ئەو پێدەشتەی لە هەموو لایەکەوە چیاکان گەمارۆیان داوە، بەتەك گردۆلکەیەکدا چووینە نێو (هاروونئاوا)وە.

لێرە بۆ ماوەی چارەکە سەعاتێ ڕەشماڵەکانمان لەنێو خانوچکە وێرانەکانی ئەم گوندەدا هەڵدا، لەپەنا دەشتێکی بێ بەرهەم و لە قەراغ جۆگەلەیەکی تیژڕەودا دانیشتین. ئەم ناوچەیە لەڕووی دۆخی سروشتییەوە بەتەواوەتی دڕندەیە، زۆرجار کوردە ڕێگرەکان دەبنە مایەی ئازار بۆ ڕێبواران.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* **گوند**

سپێدەی ئەو ڕۆژەی کە هاتینە ناوچەیەکەوە، دانیشتوانی تێدا نەبوو. دوای ئەوەی دەشتی (هاروون ئاوا)مان بەجێ هێشت، گەیشتینە تەنگەی چیایەك کە بەرزاییەکەی زۆر نەبوو، بەڵام نشێوییەکی مەترسیداری هەبوو. ئەم ڕێگایە گەلێ خراپ و بەردەڵان و ترسناکە، بەتایبەتی ئەگەر کەسێك لێرەوە لە ساتی شەودا پەلامارمان بدا، کارمان دژوار دەبێ.

ویڕای ئەمانە، دیمەنی سروشتی زەوی لێرە تەواو جیاوازە، چیاکان پڕ لە گژوگیا و دارودەوەنن بەڵام سەوزن، تەنها سەوزییەکەشی بەلای ئێمەوە نوێیە. چەند درەختێکیش لەویٚ دەبینرا کە بە جودا لەیەکتر لەو نشێوییەی چیاکەدا ڕوا بوون.

ئێمە گەلیٚ درەنگ گەیشتینە کرند، خۆشحاڵ بووین ئەم ڕێگا دژوارەمان بەبیٚ مەترسی بڕی. ئەم گوندە لە بناری چیایەکی سەختدایە و ناوبانگیشی هێندە نییە. ئێمە کۆمەڵێك دانیشتوانی گوندەکەمان بینی سێرەیان لیٚ دەگرتینەوە، بێگومان ئەگەر لە چەك و ژمارەمان نەترسانایە، پەلاماریان دەداین.

بۆ ئەوەی لە بوێری و قسەلەڕوویی ئەم خەڵکە بدوێم، دەبیٚ ئەوە وەبیر بهێنمەوە وەرگێڕەکەم و خزمەتکارەکەم لە پێش کاروانەکەمانەوە دەڕۆیشتن و لە سەرەتای گوندەکەدا وەستان، بەدوای ئەو ڕێگایەدا دەگەڕان کە دەبوایە پێیدا بڕۆین. ئەسپسوارێك لێیان نزیك بووەوە و سەری مەسەلەیەکی پڕوپووچی لەگەڵ خزمەتکارەکەمدا دامەزراند، وەلیٚ دوای ئاڵوگۆڕی چەند وشەیەك، ئەو پیاوە پەلاماری خزمەتکارەکەمی دا و کڵاوەکەی لیٚ فڕاند. پاشان بەخێرایی خۆی لەنێو تاشەبەردەکاندا حەشار دا.

دەبیٚ چۆن هەڵوێست دەربارەی وڵاتێکی لەو چەشنە بنوێنین کە تەنانەت لە قەراغ گوندەکانیدا، ڕێی تێدەچیٚ ڕەفتاری لەوشێوەیە بۆ ئەم جۆرە شتە بیٚ بەهایانە ئەنجام بدەن.

کرند گوندێکی گەورەیە لە بناری چیایەکدا و ئەشکەوتی زۆری تێدایە. باغ و کێڵگەی جۆراوجۆر لە دەوروبەریدا دەبینرێت، دیمەنێکی دڵڕفێنی هەیە. ڕەشماڵەکانمان لەنێو باغچەیەکدا هەڵدا کە پڕ لە ڕەز و مێو و قەیسیە و چەند کانیاوێك ئاوی دەدا.

ڕۆژی (٢٤ی حوزەیرانی ١٨٤٠) کاتێك کرندمان جێهێشت، ڕێگایەکمان گرتەبەر بەرەو خۆرئاوا دەچوو. دوای (٢) دوو سەعات ڕێگەبڕین، چووینە نێو دۆڵێکەوە کە وردەوردە پانتاییەکەی بەرتەسکتر دەبووەوە تا بە تەنگەیەکی قووڵ کۆتایی هات کە پڕ لە تاشەبەرد بوو، ئەسپەکانمان بەئاستەم دەیانتوانی هەنگاو بنێن.

ئەو چیایانەی دەوری ئەم دۆڵەیان دابوو شانیان لەنێو یەکتردایە و هەر تاشەبەردن، کۆمەڵێك درەختی بەڕووی تێدایە و شێوەی دارستانێکی پێبەخشیوە.

لەو ساتەی ئەرزەڕۆممان جێهێشتووە، ئەمە یەکەمینجارە دارستانێکی سروشتی ببینین. وێڕای ئەوەی ڕێگەکە سەختە، بەلایەنی کەمەوە دیمەنی ئەم دارستانە بە دڵڕفێن دەهاتە بەرچاو.

ماوەی (٣) سێ سەعات بەم دارستانەدا ڕۆیشتین و پەراسوومان خەریکە ورد دەبێ. زۆربەی ئەسپەکانمان زامدارن، ئەو ڕێژاوانەی لەنێو ئەم گاشەبەردانەوە هەڵدەقوڵان، هێندەی تر جوڵەی ئێمەیان سەختتر دەکرد.

سەرەنجام سەعات (١١)ی یانزدەی شەو، ئاگردانی ڕەشماڵەکانمان بینی لە نزیکی کاروانسەرێکی نیمچە وێرانە هەڵیاندابوو. لە دەوروبەری کاروانسەراکەدا، پێنج تا شەش خانوی

گڵی وێرانە دەبینرا. دانیشتوانی ئەم خانوانە تەنها لە وەرزی زستاندا لێرە دەژین، لە وەرزی هاویندا رەشماڵەکانیان لەکەنار ڕووباردا هەڵدەدەن تا هەوایەکی فێنك هەڵمژن.

بەرلەوەی بگەینە ئەم شوێنە، ئاگردانی چەند رەشماڵێکی بیابان-نشینەکانمان دەبینی کە لەم چیایانە زۆر هەن، هەربۆیە تێپەڕین بەم ڕێگەیەدا مەترسیدارە.

* تاق‌گەرا

ئەو کاروانسەرایەی لەم شوێنەدایە بە (تاق گەڕا) ناودەبرێت، لەم ڕووەوە جێگەی بایەخە کە بەسەر ڕێگای پەیوەندی لەگەڵ (بەغدا)ەوە زاڵە. بە لایەنی کەمەوە پێویستمان بە (٥) پێنج سەعاتە تا لەم تەنگەیە بێینە دەرێ، ڕێگەکەشی هێندە سەختە دەستەیەك پیاو دەتوانن لێرەوە بەگژ سوپایەکدا بچنەوە.

ڕێگایەکی دیکە بۆ گەیشتن بە بیابانی عەرەبیمان لەبەردەمدایە، ئەویش بە شاری (مەندەلی)دا کە دەکەوێتە نزیك باشوری تەنگەی ئەم چیایەوە تێدەپەڕێ، بەڵام ڕێگەکەی هێندە خراپە هەرگیز ڕێبواری پێدا ناڕوا.

بەم شێوەیە هەڵکەوتەی ستراتیژیی (تاقگەرا) بە باشی دیارە، بەڵام ئێرانیەکان حەز ناکەن ئەم مەسەلەیە لەبەرچاو بگرن، ئاسانکارییان لەم ڕێگەیەدا بۆ ڕێبواران فەراهەم نەهێناوە و بە کۆمەڵێك چەتە و ڕێگریان سپاردووە، زۆرجار پەلاماری کاروانەکان دەدەن، بەتایبەت کاتێ ژمارەی

بنکەی ژین www.zheen.org

کاروانەکە زۆر نەبێ. ئێمە ئەم ناوچە شاخاوییەمان بەجێ هێشت کە لە کۆندا بە زاگرۆس ناودەبرا، لە ڕاستیدا چیاکانی کوردستانمان تێپەڕاند و هەنوکە لەنێو بیابانی عەرەبیداین.

ئەمڕۆ ئێمە نەمانتوانی هەموو بیابانەکە ببڕین، چونکە ئەسپەکانیشمان هەروەك خۆمان ماندوو دەهاتنە بەرچاو. بەم شێوەیە لە نوایەکی نێو ئەو خانوە وێرانانەی تاق گەڕادا پشوومان دا و گەلێ خۆشحاڵ بووین، شەوێکی ئاسودە و بێ ڕووداومان لە نزیك کوردەکانەوە گوزەراند.

سپێدەی بەیانێ زۆر زوو سەرلەنوێ چووینە نێو توولەڕێی پێچاوپێچی ئەم تەنگەیە، تاشەبەرد و قەدی درەخت و نشێوی سەخت ئێمەیان هێنایە گیانەڵا، وەلێ ڕێگەکە زۆر قەشەنگ و سەرنجڕاکێشە.

ئێمە بەژێر نسێی درەختی هەڵووژە، هەنجیر و بەڕووی کێویدا ڕۆیشتین کە ڕەگەکانیان دەوری تاشەبەردەکانیان داوە و وەك چڕنووکی هەڵۆ ڕەگیان داکوتاوە.

لەنێو ئەم ڕێگا سەختەدا توشی تاقێکی مەڕمەڕی سپی بووین کە نەدەزانرا بۆ چ مەبەستێ لێرە نەخشێنراوە، مۆدیلی بیناکاری ئەم تاقە یۆنانی بوو. خەڵکی ناوچەکە ئەو کارە دەدەنە پاڵ کەسێك بەناوی (فەرهاد) کە پێشتر ناومان هێنا.

پێدەشتێکی بێ کۆتایی لەم شوێنەدا دەبینرێ، ئێمە توانیمان هەر لێرەوە ئەو ڕێگەیە ببینین کە دەبوایە پێیدا بڕۆین و شێوەی لە تیروکەوانێ دەچوو لە سنگی دێوێکدا بێ.

له نزیك ئەم پێدەشتە، ڕێژگەیەکی بەخوڕ لە بناری چیاکەوە دەهاتە خوارێ. سەرجەم دیمەنەکەم بە سەرنجڕاکێش دەهاتە بەرچاو.

ئێمە تاقە مەڕمەڕییەکەمان بەجێ هێشت، ئەم بەشەی چیاکەمان بە ئاسانتر لە ناوچەکانی دیکە بڕی. پاشان گەیشتینە دەشتێك و بەرەو خۆرهەلاَت کەوتینەڕێ.

لە کاتێکدا هێشتا لە دامێنی چیاکانی زاگرۆسدا دەڕۆیشتین، لەم ڕێگایەشدا چەند ڕەشماڵێکی کوردەکان دەبینرا. لەبەرئەوەی کەمێ لە کاروانەکە جودا ببووینەوە، ڕێگەمان بزر کرد و لە زەنوێرێکدا پشوومان دا. لەولای کانیاوەکەوە، ژمارەیەك خێزان لە ژێر ڕەشماڵەکانیاندا بوون، ڕێگەیان پێ نیشانداین.

بەم چەشنە گەیشتینە ڕووبارێکی پان و بەخوڕ کە پردێکی باشی لەسەر بنیاتنراوە، ڕەشماڵەکانمان لە کەناریدا هەڵدا.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* سەرپێڵی زەهاو[٢٣]

ئەم دەڤەرە بە (سەرپێڵی زەهاو) ناو دەبرێ، گەیشتنمان بۆ ئەوێ یاریدەیەکی باشی دەداین، چونکە هەموان دەزانن ئاو لەم جۆرە ناوچانە چەندە بەنرخە.

ڕووبارەکە بەرامبەر بە ڕەشماڵەکانمان تێدەپەڕی، بەلاَم ئاوەکەی زەردباو و شلێو بوو. بەم حاڵەشەوە ڕووبارەکە لەو ساتەدا چێژی پێ دەبەخشین.

---

[23] Feri- Pouli- Zahab.

ئێمە بەدرێژایی سەعاتە گەرم و پڕووکێنەرەکانی رۆژ، لەژێر نسێی ئەو درەختانەدا بووین کە ڕەگوڕیشەیان لەنێو ئاوەکەدا ڕۆچووە. لەنێو ئاوەکەدا تا ملمان نقوم کرد، هەروەك ئەو گامێشانەی لەنێو گۆلاوەکانی (پۆنتن) لە ئیتاڵیا دەبینرێن و لەنێو قوڕاودا دەخەون تا لە بەرزیی پلەی گەرما خۆیان بپارێزن.

رۆژی دواتر (٢٦ی حوزەیرانی ١٨٤٠ز)، ڕێگەکەمان درێژتر، بەڵام ئاسانتر بوو. وابڕیارە لە قەسری شیرین کە هەمان (هەڵوەن)[٢٤]ی کۆنە، لابدەین. سەرجەم ناوچەکە وێرانەیە، (هەڵوەن) شارێکی مەزن بووە کە بە فەرمانی (جەنگیز خان) نغرۆ کراوە. لەسەر بەرزاییەکی کەنار ڕووباری ئەڵوەن کە بەنێو کۆشکە وێرانەکانی قەسری شیریندا دەڕوات، ڕەشماڵمان هەڵدا. وێڕای ئەوەش لەهەمبەر ئەو بیابانشینانەی لەم ناوچانە لە هاتوچۆدان، چاودێریی خۆمان دەکرد.

پاسەوانەکەمان گوتی ئیدی لەوە دڵنیا نییە بتوانێ سەلامەتیمان بپارێزێ، ئەو دەشتەی ئێمەی تیادایین لە چیای زاگرۆسەوە تا ئێرە، بریتیە لە ناوچەی بێلایەن.

لێرە بیابان‌نشینەکان بە ئارەزووی خۆیان ڕەفتار دەکەن، هەندێك-جار شوێنکەوتەی عوسمانی و جارجاریش خۆیان بە پاشکۆی ئێران دەزانن. ڕاستتر بڵێین: سەربە هیچکام لەم دوو دەسەڵاتە نین، سەرجەم ئەو کاروانانەی لێرەوە دەڕۆن، دەڕووتێنرێنەوە.

---

[24] Holwand.

www.zheen.org

ژمارەیەك كاروانمان بینی بەخۆپارێزییەوە بێرەدا تیٚدەپەڕین، لەناویاندا ئاشنای دوو هاولاٚتی ئینگلیز بووین بەرەو هیندستان دەچوون. ئەوان گوتیان لێرەوە بەتەنها كەوتوونە تەڕێ بەبیٚ ئەوەی زمانی ئەو ناوچانەش بزانن كە پێیدا دەڕۆن و وەرگێڕ و خزمەتكاریان لەتەكدا نییە، دەیانەوێ بگەنە لای یەكە سەربازییەكانیان لە هیندستان. كونسوڵی بەریتانیا لە بەغدا ئەم دوو هاولاٚتییەی بە كاروانێك سپاردووە، كاروانچییەكانیش بەڵێنیان پێداوە بە سەلامەتی و وەك كالاٚكانی خۆیان بیانپارێزن تا دەیانگەیەننە دەست یەكەمین بەرپرسی بەریتانیایی كە لە ڕێگەدا توشی بێن.

تەنها خۆپارێزییەكی ئەم دوو هاولاٚتییە بەریتانییە ئەوەیە كە جلوبەرگی عەرەبییان پۆشیوە. من دەستخۆشیم لەم دوو لاوە كرد چونكە دەستیان داوەتە ئەم كارە دژوارە، پشت بە خودا بە ساغ و سەلامەتی بگەنە شوێنی مەبەست و مەترسی نەیەتە بەردەمیان.

بنكەی ژین
www.zheen.org

* خانەقین

كاتێك لە سەرسنووری خاكی ئێران هاتینە دەرێ، بارودۆخی ژینگەش گۆڕانی بەسەرداهات و تەنانەت دانیشتوانی ئەم شوێنە نوێیانەی پێیدا تێپەڕ بووین، خەسڵەتێكی جیاوازیان هەبوو، بە قیافەی كەسەكاندا زانرا عەرەبن، جلوبەرگی هاولاٚتیانی بیابانشین بەپێی پێداویستی ژینگەكەیە، ئێمەش بە باشی هەستمان كرد لە ئیمپراتۆرییەتی ئێران هاتووینەتەدەر. گەرما گەیشتوەتە ئەوپەڕی

بەرزی و تەنها لەکاتی شەودا دەمانتوانی درێژە بەڕێگا بدەین، ئەمەش کێشەی بۆ دەخوڵقاندین.

پاسەوانە ئێرانیەکەمان هەمیشە ترسی ئەوەی هەبوو پەلاماری بدەن، ئیدی دەبوایە ئێمە پارێزگاری لەو بکەین.

بەڵێن وابوو ئەم پاسەوانە بمانگەیێنێتە بەرپرسانی عوسمانی لە خانەقین کە یەکەمین شاری مەڵبەندی پاشایەتیی بەغدایە. پاسەوانەکەمان ئەرکی ئەم دواییەی بە دژوارترین کار دەزانی. کاتێ دەمنۆڕییە قیافەی (خان)ی فەرماندەی پاسەوانەکان، ترس و لەرزێکی زۆرم تێدا دەبینی، زەردەخەنەم دەگرت و پێموابوو تەنانەت ئومێدی وەرگرتنی پاداشتێکی باشیش لە من، ناتوانێ ترس و لەرزی وەلابنێ.

ئێمە بەم دۆخەوە بەدرێژایی شەو دەڕۆیشتین، بەبێ ئەوەی بوێرین لە کاروان دابڕێین، چونکە لە هەر ساتێکدا ڕەنگە پەلاماری کاروانەکەمان بدرێت، ئەمەش زۆری ماندوو دەکردین و کاروانەکە بە باربەرەکانییەوە بەهێواشی دەچووە پێش.

سەرەنجام لە سەعاتەکانی سەرەتای سپێدەدا گەیشتینە خانەقین، لەو ساتەدا بەچەشنێ شەکەت و ماندووین و هێندە خەومان دێت کە چاوەڕوانمان نەکرد ڕەشماڵەکان هەڵبدەن، خۆمان بەزەوی دادا و لە خەو ڕاچووین.

وێڕای ئەوە، ڕەشماڵەکانمان لەنێو شاردا داکوتا و ئاسایشێکی زیاترمان هەبوو. ڕەشماڵەکان لە پشت دیواری کاروانسەرایەکدایە، لایەکەی تری جۆگەلەیەك ئێمەی لە بیابان دادەبڕی.

تا چارەکە سەعاتێ بێدەنگی لەنێوماندا بەرقەرار بوو، بەڵام لەناکاو قرمەژنی گوللەی تفەنگ و هاتوهاوار بیسترا، لە جێگاکەمان دەرپەڕین و چەکەکانمان گرتە دەست، لەو ساتەدا ڕووداوێکی سەیروسەمەرەمان بینی، پیاوێك ئەسپەکەمی فڕاند و زۆر بەخێرایی هەڵدەهات، یەکێك لە جوانترین ئەسپەکانم بوو کە زینەکەشیان لێ داماڵی بوو. هاوڕێکانم پیاوەکەیان بە دەسترێژی گوللە داگرتەوە، بەڵام لە ڕووبارەکە پەڕییەوە و چووە نێو دەشتەکەوە، پاشان لەبەرچاوان نەما و ئەسپە جوانەکەمی لەگەڵ خۆیدا فڕاند.

ئەم ئەسپە لەلایەن شازادەی ئێرانەوە بە من بەخشرا بوو، لە نەژادی ئەو ئەسپانەیە کە لە ئەیالەتی (خەرابە)[25] پەروەردە دەکرێن. چەند ڕۆژێك سواری بووم و جێگەی ستایشی پاسەوانەکەشمان بوو.

ئەسپەکە هێز و بڕستێکی زۆری هەبوو، هەربۆیە من و هاوڕێکانم گومانمان برد بە دەستوری (خان) ئەو ئەسپەیان دزیوە.

لەساتی ماڵئاوایی دا، ئەم پیاوە هێندە نیگەرانی خۆی بۆ فڕاندنی ئەسپەکە دەربڕی کە ئیدی گومانم نەما دەستی لەو کارەدا هەبووە. وێڕای ئەوە بەرپرسە تورکەکەی خانەقین ئامادەیی بۆ هاریکاریی من نیشان دا، چونکە میوانی پادشای بەغدام و ئەمەش بۆ مووسڵمانانی ئەوێ دیارییەکی پیرۆز بوو، ئەو نەیدەتوانی ئەم دزییە ئەنجام بدات. ناوبراو هێندە نیگەرانی بۆ ئەم دزییە دەربڕی کە چەند ئەسپێکی عەرەبیی خستە خزمەتمەوە نەوەك لای پاشا گازندەی لێ بکەم. دیارە

[25] Kharabah.

من ئەم ئەسپانەم وەرنەگرت بەڵام بەڵێنم پێدا سەبارەت بەم مەسەلەیە هیچ بە پاشا نەڵێم.

خانەقین شارێکی مەزن و قەشەنگە و ڕووبارێکی بەرینی پێدا دەڕوا و ڕەز و باغی بەرفراوانی هەیە. باخی خورما لە دەوروبەری ماڵەکاندا، هەروەك سایەیەك ڕێگە لە گەیشتنی پلەی گەرمای خۆر بۆ خانوەکان دەگرێ.

بۆیەکەمینجار ئەو درەختە خورمایانەمان بینی کە هێشووی خورما بە گەڵا و لقە پانەکانیدا شۆڕ ببۆوە. ژمارەیەکی زۆری لەق لەق بەسەر خانوەکانەوە لانەیان بۆ خۆیان چێ کردبوو کە تائەندازەیەك لەگەڵ دانیشتوانی خانوەکاندا ژیان دەگوزەرێنن، لانەکانیان بەگشتی لە گوێسەبانەی خانوەکاندایە.

هەموو درەختە خورماکانیش لێوانلێوە لە هێلانەی ئەو قومریانەی نەوە بە نەوە لەو هێڵانانەدا ژیاون، بەجۆرێك لە عەرەبستانیش هەروەك تەواوی وڵاتانیتری ئیسلامی، هەمیشە هاتوچۆی ئەم باڵندانە لەسەر ئەم کلاورۆژنانە دەبینرێ.

لەکاتێکدا دانیشتوانی ئێرە بۆ خۆپارێزی لە بەرزی پلەی گەرمای خۆر، خۆیان لە تاریکترین شوێنی ماڵەکانیاندا حەشار دەدەن تا لە سایەی هەوای فێنکدا بژین و چاوەڕوانی کاتە فێنکەکانی رۆژ دەکەن بۆ ئەوەی لەو نوا تاریکانەیان بێنەدەرێ. لەق لەقەکان بە ئاسماندا لە شەقەی باڵ دەدەن و تێشووی بۆ بێچووەکانیان دەدۆزنەوە.

www.zheen.org

لەو ساتەدا خۆر بەرەو ماڵئاوایی دەچێ و فرسەتێ بە مرۆڤ دەدات هەناسەیەك هەڵبکێشێت، خێرا خاوەنماڵ لەسەر سەکۆی سەربانەکانیان (واتا لەو شوێنانەی لەق لەقەکان تیایدا دەخەون) قاڵیچەیەك ڕادەخەن و چێژ لە یەکەمین شنەبای فێنکی شەو وەردەگرن. بەم شێوەیە پەروەردگار پشکی هەرکەسێکی بەپێی پێویست دیاری کردووە، پەروەردگار بوونی (لاواز) و (بەهێز)ی پێکەوە لە یەك تای تەرازوودا داناوە.

* قزلڕەبات

ڕێگای (خانەقین) بەرەو (قزلڕەبات)، وێڕای ئەوەی بەشێکی بەردەڵانە، بەرفراوان و قەشەنگیشە. ئەو شوێنەی ئێمە پێیدا تێپەڕین، بەتەواوەتی بێبەرهەمە و دانیشتوانی نییە. بەم دۆخەشەوە دووراودوور ئاگردانمان دەبینی کە ڕەنگە نیشانەیەك بێ بۆ بوونی چەتە و ڕێگری ئەم ناوچانە تا ڕێگایان لێ بزر نەبێ.

دوای (٦) شەش سەعات ڕێگەبڕین، بەسەر ڕووبارێکدا پەڕینەوە و لەلای چەپیشمانەوە وێرانەیەك دەبینرا. پاشان لە دەروازەیەکەوە ڕۆیشتین کە بەشێوەی تاق دروست کراوە، چووینە نێو کووچە و کۆڵانەکانی (قزلڕەبات)ەوە.

کاتێك هاوڕێکانمان بەدوای شوێنێکی گونجاو بۆ ڕەشماڵەکانمان دەگەڕان، خۆمان لە ئەسپەکانمان هەڵدایە خوارێ و لەسەر کێلەبەردی گۆڕستانێکی لای چەپی شەقامەکەوە دانیشتین.

دوای نیو سەعات، هەواڵمان پێ گەیشت (کیایا)[٢٦]ی شارەکە، شوێنێکی شیاوی بۆ حەوانەوەمان هەڵبژاردووە، ئێمەش بە پەلەپروزێ کۆلانی گوندەکەمان بڕی کە لە (١٠٠) سەد ماڵ زیاتر نەدەبوو.

لێرە لەسەر زەوییەکی بەیار و لەژێر نسێی پۆلێ دارتوو و خورمای ڕۆخی ڕووبارێکدا پشوومان دا. لە ڕوانگەی ئێمەوە، دانیشتوانی ئەم گوندە لەو شوێنانەی تا ئەم ساتە بینیومانن، ئاسوودەتر و دەوڵەمەندتر دەهاتنە بەرچاو.

*** شارەبان[٢٧]**

ڕۆژی (٢٩ی حوزەیرانی ١٨٤٠) لەساتی ئاوابوونی خۆردا سەرلەنوێ وەڕێ کەوتین، بەشێکی گرنگی شەو ڕابورد تا گەیشتینە (شارەبان). ڕێگایەکمان بڕی کە پانوبەرین و تەخت بوو، بەخێرایی هەنگاومان دەنا، پاشان گەیشتینە تەنگەبەرێك کە کەوتبووە نێوان چەند تۆپۆلکە و دۆڵێکی قووڵەوە و بە دوودڵییەوە ئەسپەکانمان پێیدا ڕۆیشتن. سەرەرای ئەوەش بەرلە گەیشتنمان بۆ بەغدا، ئەمە دوابینینی یادگاری ئەو تاشەبەردانە بوو. یەك سەعات دوای (شارەبان)، بەسەر پردی ڕووبارێکدا تێپەڕ بووین کە بەساغی مابووەوە.

---

[26] Kiaia.

کیایا: بەوەدا کە پێدەچێ پۆستێکی ئیداری بێ، ڕەنگە (کەهییە) بێ. (و.ك)

[27] Charaban.

ئەم دەڤەرە پڕ لە سەوزاییە، لەبەر ئەوەی هەردوولای ڕووبارەکە بە بەراورد لەگەڵ دەوروبەریدا زۆر بەرزترە، بەئێمەیان گوت پتر ئاگاداری خۆمان بین، چونکە چەتە لێرە زۆرجار ڕێبواران ئاوەڕووت دەکەن، بەڵام ئێمە هیچ ڕووداوێکی نەشیاومان بەسەردا نەهات و بەبێ دەردەسەر گەیشتینە مەنزڵی نوێ.

کاتێك گەیشتینە (شارەبان)، بیستمان چەند رۆژێکە ژمارەیەك دز و جەردەی (عەرەب) دەستیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا گرتووە و تەنانەت تا سنووری کوردستان، هەر قۆڵبڕی و تالانبڕۆ دەکەن. پادشای بەغدا فەرمانی خۆبەدەستەوەدانی پێداون، ئێمە کۆمەڵێك سەربازمان بینی کە نێزەی درێژیان بەدەستەوە گرتبوو و بە بێدەربەستییەکی سەرسوڕهێنەوە کێشکچیی ئەو دەوروبەرەن.

وێڕای ئەوەی (شارەبان) گوندێکە پتر لە (٣ تا ٤) هەزار دانیشتوانی هەیە، ئێمە شوێنی بۆ نیشتەجێبوونمان ڕووبەرووی کێشەو گرفتێکی زۆر بووینەوە، سەرەنجام پێخەفەکانمان لەسەر کاروانسەرایەکی وێران ڕاخست، هەرچەندە شەو کورت بوو بەڵام شەوێکی ئاراممان گوزەراند. تەنها زەنگۆڵەی ئێسترەکان کە لە دەوروبەری کاروانسەراکەدا دەسووڕانەوە و ئاوازی ئەو لەق لەقانەی بە قاچە درێژەکانیانەوە لەولای ئێمە هەڵنیشتوون، جارجارە ئێمەیان لە خەو وەئاگا دەهێنا.

هەتا لە بەغدا نزیکتر ببینەوە، هەست بە ماندووبوونێکی پتر دەکەین، چونکە گەرمای هەوا لەم بەشەی عەرەبستاندا بەتوندی لە

بەرزبوونەوەدایە. ئێمە ئیدی نەماندەتوانی پێداویستی کاروانەکەمان دابین بکەین. ماوەی (٨) هەشت سەعات بەخێراییەوە دەجوولاین تا بەرلە زەردەپەڕ، گەیشتینە (بەعقوبە).

ئەسپەکەنمان زۆر ماندوو بوون، ئێمەش هێندە ئومێدمان نەبوو کە سپێدەی ئەویٚ ڕۆژیٚ بگەینە بەغدا. وێڕای ئەوەش نەماندەتوانی لەنێو ڕێگەکەدا بوەستین، چونکە نە نوایەك نە خۆراکمان پێبوو.

*[سەرنجی وەرگێڕ: لێرەوە (کۆنت دوسێرسی) و گرووپەکەی هاوڕێی، دەچنە شاری بەغدا و (عەلی پادشای بەغدا) دەبینن، پاشان بەڕێگای شارۆچکەی (کفری)ەوە دێنەوە بۆ کوردستان تا بگەنە وڵاتی تورکیا.]*

* **کفری**[28]

ئەو نەتەوانەی لە دەڤەرە دێرینەکەی میزۆپۆتامیادا دەژین، بە ئازایەتییەکی بێوێنە بەناوبانگن. هەر بۆیە (٢٠٠) سوار بۆ دەستەی پاسەوانیمان زیاد کرا تا لەهەمبەر ئەگەری هەر پەلامارێکدا پشتیوانمان بن.

ئێمە بە ناچارییەوە شەویٚ لە (کفری) ماینەوە، گوندێکی مەزنە. شەقامەکەی باش و تەختە، بەڵام هێندە دنیا تاریکە، بە ئاستەم دەتوانین دوو هەنگاوی بەردەم خۆمان بناسینەوە.

---

[28] Kifri.

لەسەر ڕێگەکەماندا ڕووبارێکی پانوبەرین هەیە کە تائەندازەیەك وشك ببوو، لێرە بیشەلانێکی چڕ لەبری ئاو دەبینرا کە بۆق و مارماسی تێدا دەژیان. وێڕای ئەمە، هێندە تینوین بەناچارییەوە بڕە ئاوێکی کەمی نێو ئەستێلکەکانمان خواردەوە. ماوەی یەك سەعات حەواینەوە تا ئەسپەکانیشمان پشوو بدەن، کاتێك سەرلەنوێ سواری ئەسپەکانمان بووینەوە بەتەواوەتی شەو ڕاکشا. ئەم ڕەوتە کشوماتە لەنێو تاریکیدا هێندە خەمناك بوو، بیروخەیالاتی پەرێشان کردین.

لەناکاو لە دوورەوە دەنگی قرمەژنی تفەنگمان کەوتە بەرگوێ، سەرەتا پێمان وابوو پەلاماری کاروانەکەمان دراوە، لە ڕاستیدا کەمێ پاش ئەوەش لەنێو کەشێکی نامۆداماینەوە. لەهەموو لایەکەوە دەستڕێژە، کۆمەڵێك ئەسپسوار بە نێزەیەکی درێژەوە کە نوکەکانیان بە پەڕی نەعامە ڕازێنراوەتەوە، لە تاریکیدا هەروەك تارماییەك بە جلوبەرگی سپییەوە هەنگاویان دەنا. لێرە سوارەکان هاواریان کرد و بانگی یەکتریان ڕادەهێشت، پاسەوانەکانمان بە شمشێرەوە پەلاماری دۆست و دوژمنیان دەدا. دیمەنەکە شێواو و ترسناك بوو، تاریکی دنیا هێندەی دیکە دۆخەکەی خراپتر کرد. هەر کەسە بە نەشارەزاییەوە بەرەو لایەك هەڵدەهات، لەڕاستیدا کەس نەیدەزانی چ قەوماوە و دووژمن لەکوێن. سەرجەم ڕووداوەکان لە کەناری دەروازەی (کفری) ڕوویان دا، بەڵام زوو لە کرۆکی مەسەلەکە گەیشتین. کۆمەڵێك کەس لە لایەن (کیایا)وە بە بێ-دەنگی بە مەشخەڵەکانی دەستیانەوە بۆ هاریکاریی ئێمە هاتبوون. لەنێو ئەو شوێنەی سوارەکانمان تیایدا کۆببوونەوە، ئاگرێکیان داگیرساند.

www.zheen.org

دواتر زانیمان عەرەبەکان (٥) پێنج ئێستر و ئەسپیان فڕاندووە و هەندێ لە هاوڕێکانی گرووپەکەشمان بریندارن. پاسەوانەکەمان وەدووی ئەو کەسانە کەوت و پێی وابوو دەستگیریان دەکات. لە ڕاستیدا بینیمان سوارەکانمان چوارناڵە بەدووی پەلاماردەران دەکەوتن، کاتێ ئاگری مەشخەڵەکان داگیرسان ئەو پەرلاماردەرانەی هەروەك تارمایی هاتنەبەرچاو، لەنێو تاریکیدا بزر بوون، لەو ساتەشدا کراسە سپییە جێماوەکانیان بەهۆی شنەباوە دەلەرییەوە.

لە ڕاستیدا دیمەنێك بوو تەنها دەشێ لەو دەڤەرەدا ڕووبدات کە ئێمەی پێدا تێپەڕین. ئێمە ئەو گەشتیارانەین مەترسییەکانمان لەبەرچاو نەگرتبوو، بەڵام بەبینینی ئەم ڕووداوە باوەڕم بە هەموو ئەو بۆچوونانە کرد کە دەربارەی ئەم هۆزە عەرەبیانە گوتراون.

دوای دوو سەعات بەدواداچوون و پشکنین، پاسەوانەکانمان دوو ئێستری ڕفێنراویان دەست خستەوە، بەڵام سێ ئەسپەکەی دیکەیان وەگیر نەکەوتەوە. خۆشبەختانە ئەم کارەساتە کە ڕەنگە دەرەنجامی پیلانی خودی پاسەوانەکانمان بووبێ، بەو چەشنەی دەیانویست بۆیان ئەنجام نەدرا. لەبری ئەوەی ئەو ئەسپانە بفرێنن کە بارەکانیان زیو و کەلوپەلی گرانبەهای من بوون، بەهەڵە ئەسپی هاوڕێ ئینگلیزەکەی ئێمەیان بەتاڵان برد، ئەم ئەسپەش بارەکەی تەنها پۆشاکی ژنانە و بوتڵی بیرە بوو کە وەك کەلوپەلی پێویست لەگەڵ خۆماندا هێنابوومانن.

بە هەرحاڵ، ئەم ڕووداوە ئێمەی سەرقاڵ کرد، بەدەرلەوەش مانەوەمان لە (کفری) بێ دەردەسەری بردەسەر، بەڵام مەسەلەیەکی نوێی

بۆ گفتوگۆ هێنایە گۆڕێ. ئەویش پێویستە بڵێین ئێمە لەو ساتەدا کەمتر لە بیری ئەم چەشنە ڕووداوانەدا بووین و پتر خەیاڵمان لای خواردنی کاڵەکە شیرینەکانی (کفری) بوو. میوەکانی ئەم دەڤەرە زۆر بە چێژن، ئێمەش وەك گەشتیارێکی بە ویژدان پەی بە ناوبانگی میوەی ئێرە دەبەین.

* دووزخورماتوو[٢٩]

ڕۆژی دواتر دۆخەکە ئارامتر بوو، هەموو ڕۆژێ جەژن نییە. ئێمە شەومان لە دووزخورماتوو بەسەربرد کە گوندێکی مەزنە و (١,٢٠٠) کەس دانیشتوانییەتی، دوای (٧) حەوت سەعات ڕێگەبڕین بەنێو دەشتێکی پان‌وپۆڕ و پڕ ماندوویێتیدا، گەیشتینە ئێرە.

دووزخورماتوو لەنێو ئەو ناوچە لەعنەتییەدا، دەڤەرێکی دڵگیرە و ئاوی بەرفرەی هەیە. ئەم شوێنە جێگەی چاوتێبڕینی پادشای بەغداشە و کۆشکی تێدا بنیات ناوە، ئێمە شەوێ لەو کۆشکەدا ماینەوە. ژێر پەنجەرەی کۆشکەکە، ئاوێکی بێگەرد و قووڵی پێدا دەڕوات.

www.zheen.org

* تاووق (داقووق)[٣٠]

لە (دووزخورماتوو– دوشکووماتی)یەوە تا (تاووق) حەوت سەعات ڕێیە. ئەم گوندە هێندەش جێگەی سەرنج نییە، بەڵام ڕووباری (فاوشکای)

---

[29] نووسەر بە (دوشکۆڤۆماتی Douchkovo-mati) ناوی هێناوە. (و. ك)

[30] Faouk.

مەبەستی (داقووق)ە. (و. ك)

لەتەك حەسارەکەیدایە و نزیکبوونەوەی لەکاتی شەودا مەترسیدارە. چەند ئارامگایەکی پیرۆز لە دەوروبەری گوندەکەدا دەبینریّ.

رۆژی (٢٨ی تەممووزی ١٨٤٠ز) ماوەی (٩) سەعات ریّگامان بری تا گەیشتینە (تاووق)، ئیّرە گوندیّکی گچکەیە کە لە بناری چیاکانی کوردستاندایە. دەمانویست یەك رۆژ لەویّ پشوو بدەین، ئەمەش دەبووە هاندەرمان. کەش‌وهەواکەی باراناوییە و زایەڵەی هەورەبریسکەمان دەبیست. بەداخەوە ئەم بریسك و هوری هەورە بەهیچ شیّوەیەك هەواکەی فیّنك نەکرد، لەبری بارانیش رەشەبایەکی توند دەهات کە لە عەرەبستان بە (سموم) یاخود (خوماسین) ناوی دەبەن.

ئەگەرچی باسی ئاستی توندی و زیانی ئەم رەشەبایەیان پیّ گوتین، بەڵام ئیّمەش لەو مەترسییەمان کەمتر نەدەبینی. رەنگە ئەو ریّبوارانەی دەگەنە کەناری دەروازەکانی بەغدا و ماندوویّتی ریّگا لە پەلوپۆیان دەخات، بیرەوەرییەکی تاڵیان لەسەر ئەم رەشەبایە هەبیّت، دەڵیّن: هەندیّکجار ئەم رەشەبایە کاروانیّکی لەگەڵ خۆیدا خستۆتە ژیّر گڵ.

لە هەمان کاتدا ئەوەی پەیوەندی بە ئیّمەوە هەبوو، دوای ئەوەی یەکەمین شەپۆلی رەشەبا مەترسیدارەکەمان بینی، تەنها کاتیّ هەستمان بە مەترسی کرد کە پاسەوانەکانمان سەرقاڵی گرتنەبەری ریّوشویّنی خۆپاراستن بوون. هەندیّکیان سەر و دەم‌وچاویان بە پارچە قوماشیّ دەپیّچا، بەتایبەت دەم و لوتیان. ئەوانیتریش عەباکانیان بەسەر خۆیاندا کرد، ئەسپەکانیان بە ماتەمینییەوە سەریان دانەواند، وادەهاتەبەرچاو هاوبەشی غەمی ترس و لەرزی خاوەنەکانیانن.

دەستەیەك کۆتر بە ترسەوە بەملاولادا دەفڕین و لە دەوروبەرماندا دەکەوتنە سەر زەوی، دەتگوت سروشتی گیانلەبەران بە سەدای شەیپورەوە ڕۆژی قیامەتیان بۆ بەرپا بووە. ئێمە ئاگاداری هیچ نەبووین، هەڵسوکەوتی خۆمان نەگۆڕی و بە بێ باکییەوە بەرەو پێشوازی مەرگ ڕۆیشتین.

خوداوەند یاریدەی ئێمەی دا و مەترسیەکەش هێندە زۆر نەبوو، بای (خوماسین) بەهۆی سەرماوە نەما و لەنێو هەورەبریسکەدا بزر بوو، بەڵام دوای تێپەڕینی ئەم ڕەشەبایە، بۆگەنی گۆگرد کەوتە بەرلوتمان و تینوێتی زیاتر کردین.

بە هەرحاڵ وێڕای مەترسییەکانی ڕەشەبای (خوماسین)، درێژەمان بە ڕێگای خۆمان دا، نزیکەی سەعات (٢) دووی پاش نیوەشەو، گەیشتینە شاری ( کەرکووك).

* **کەرکووك**

کەرکووك یەکێکە لە شارە گرنگەکانی کوردستان، زۆر نزیکە لە چیاکانەوە، ناتوانرێ ئەو شارە بە بەشێك لە شارە عەرەبییەکان بژمێردرێ.

(٤ تا ٥) چوار تا پێنج هەزار دانیشتوانی هەیە و لەنێویاندا (٣٠٠ تا ٤٠٠) کەسیان کاتۆلیکن، ئوسقوفێکیان هەیە لەم ساتەدا لێرە نەبوو. هەتا لە کوردستان نزیکتر ببینەوە، ژمارەی کلدانییە کاتۆلیکەکان زیاتر دەبن. گرووپێکی بەربڵاوی کاتۆلیکەکان نەك تەنها لە شارەکان، بەڵکو لە گوندە گچکەکانیشدا دەبینرێن.

بنکەی ژین
www.zheen.org

زۆرجار له كاتی گەشتەكانمدا، هەزاران كەسم دەمبینی له چیاكانەوه هاتبوونه خوارێ تا بێنه سەردانی نوێنەری پادشای دەسەلاتداری فەرەنسه كه لایەنگری كاتۆلیكەكانه. ئەمەش بەلای منەوه شادییەكی مەزن بوو كه هەستی سۆزدارانەی ئەم كەسانه ببینم، واتا ئەو خەڵكه جێماوانەی دەهاتنه دیداری برا كەشیشەكانیان.

سەردانی گەشتیارێكی ئەوروپی، شادمانییەكی زۆری بۆ ئەم خەڵكه پەراوێزخراوه خولقاند، له پەنجەرەكانیانەوه سەریان هێنابووه دەرێ تا تێپەڕینی ئێمه به شارەكەدا ببینن. ئەوان سڵاویان لێ دەكردم و وێنەی خاچیان لەسەر سنگیان دەكێشا، سوپاسیان كردم كه توانیومه بڕیارێك له پادشای ئێرانەوه وەربگرم تا له تەوق و دیلێتییەكی درێژخایەن ئازادیان بكەم.

ئەوان ئومێدیان وابوو وڵاتانی دیكەی ئیسلامی لەم ڕووەوه لاسایی ئێران بكەنەوه. بەداخەوه فەرمانی (گوڵخانه)[31] بۆ ئەم خەڵكه سادەیه بەخێرایی تێپەڕی[32]، دوای ماوەیەكیش (مەحمود پادشا)ی فەرمانڕەوای مووسڵ فەرمانی كۆمەڵكوژی ئەوانی دەركرد. ئەم

---

[31] Golahana.

[32] فەرمانی (گوڵخانه) یاخود (خەتی شەریفی گوڵخانه) فەرمانێكه ساڵی (١٨٣٩) لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوه دەركرا، بەڵێنی وەدیهێنانی (ئاسایشی ژیان و ئابڕوو و چۆنایەتی و دارایی)ی تێدا به سەرجەم هاوڵاتیانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی دا، له دوای ئەو فەرمانەوه سیستەمی موڵكایەتیی پێشوو پووچەڵ كرایەوه و دەوڵەت (مافی كۆمەڵایەتی بۆ هەموو خەڵك)ی به فەرمی ناساند، خزمەتی زۆرەملێی سەربازیشی بەسەر گەنجاندا سەپاند. (و. ك)

بڕیارنامەی (گوڵەخانە)یە، فێڵێك بوو بۆ ئەوەی بیانخەنە تەڵەکەوە، گاڵتەکردنیشە بە ئەوروپا.

ڕووبارێك شاری کەرکووك دەکات بە دوو بەشەوە، لە وەرزی باراندا بڕێکی گرنگی زەوییەکەی کە لە ساتی گەشتەکەی مندا لە بەردەڵان دەچوو، ژێر ئاو دەخات و پاراوی دەکات.

خانوەکانی بەشێکی شارەکە بەشێوازی پێپلیکانەیی و بەشێوەی (کورسییەکانی شانۆ) دروست کراون، وێڕای ئەوەی زۆر هەژارن بەڵام دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیان هەیە.

ئێمە لە کەرکووك لەتەك لافاوی ئەو بارانەدا ڕەشماڵمان هەڵدا، چونکە هەمیشە دەمانویست پتر لە ئاوەکەوە نزیك ببینەوە. لێرە دەمانتوانی چیا مەزنەکانی کوردستان لە دوورەوە ببینین کە ترۆپکە بەفرینەکانیان لەنێو هەوراندا ونن. نزیکایەتیمان لەم چیایانە، ببووەمایەی ئەوەی دوای ئەو گەرما پڕووکێنەرەی لەو ڕۆژەدا بینیمان، هەنوکە سروەیەکی خۆشمان بەسەردا بێت. بە داخەوە دیسانەوە ناچار بووین چەندین دەشت ببڕین تا بگەینە ناوچە شاخاوییەکان.

ڕۆژی (٢٩ی تەمموزی ١٨٤٠) کەرکووکمان جێهێشت. لە دواڕێگەماندا گەلێ ماندوو بووین، چونکە هەواکەی زێدە گەرمە و ئەسپەکانیشمان شەکەتن و زۆر پێویستمان بە حەوانەوەیە، بەو پشودانەش هیلاکیمان تا ئەندازەیەك ڕەوییەوە. ڕۆژی (٣٠ی تەممون) شاری کەرکووکمان لە دەمەدەمی زەردەپەڕدا جێهێشت.

www.zheen.org

### * ئاڵتوون کۆپری[33]

بۆ گەیشتن بە (ئاڵتوونکۆپری) هەشت سەعات ڕێگەمان بڕی، گوندێکی مەزنە و دەکەوێتە کەناری ڕووباری زابەوە، ئەم ڕووبارە لە چیاکانی کوردستانەوە هەڵدەقووڵێ.

پردێك لە دەروازەی شارەکەدا دەبینرێ، بە شێوازی کەوانەیی دروستکراوە و بە ساغی ماوەتەوە. ئەم پردە سێ پایەی هەیە، دوو پایەی گچکە و ئەویتریان گەورەیە. دیمەنی پردەکە قەشەنگە، ئاوی ڕووبارەکەش ڕوون و بێگەرد و تیژڕەوە. کاتێ ئێمە دەستمان خستە نێو ڕووبارەکەوە، سەرنجمان دا ئاوەکەی زۆر فێنکە. زۆرینەی کاتی ڕۆژەکەم لەنێو ڕووبارەکەدا بەسەربرد تا گەرما کارم لێ نەکات.

لە نزیك پردەکەوە، ڕەشماڵمان لێ داکوتا و ئەوانی دیکەشمان لەسەر تەپۆلکەیەکدا هەڵدا کە بەسەر ڕووبارەکەدا دەیڕوانی. لێرەوە دەمانتوانی ڕوخسارێکی دیکەی ڕووبارەکە ببینین، هەردوو لقی ڕووبارەکەی زابمان دەبینی کە بە دەوری (ئاڵتوونکۆپری)دا دەسوڕانەوە و ناوچەکەیان کردبووە دوورگەیەك.

پردێکی دیکەش بۆ چوونەدەرەوە لە شارەکە هەیە، ڕەوتی ڕووباری زاب کەشوهەوای ناوچەکەی سازگار کردووە، ڕەنگە هەر لەبەر ئەم فاکتەرەش ئەم ناوچەیە کە لە بنەڕەتدا بەرهەمێکی ئەوتۆی نییە، دانیشتوانی لە دەوری خۆی کۆکردبێتەوە و دانیشتوانەکەی نزیکەی (١٢,٠٠٠) هەزار کەسە.

---

[33] Alton Kopri.

ویڕای ئەمانەش لێرە دۆخی سروشتی زەوییەکەش جیاوازە، ئیدی ڕێگای دەشتێکی پان و بێ کۆتای هاوشێوەی ڕێگای شاری بەغدا تائێرەمان لەبەردەمدا نەماوە.

لەسەر رێگەدا کۆمەڵێك تەپۆلکە دەبینرێت، لە ڕاستیدا ئێمە بەرەو بناری چیاکانی کوردستان دەبزوێین. لەسەر یەکێك لەم تەپۆلکانە، کانیاوێك بەنێو (بیتۆم) هەیە و بڕێکی زۆری ڕۆنێکی ڕەنگ ڕەش و بۆن ناخۆشی لێ هەڵدەقووڵێ. ئەسکەندەری مەکەدۆنیش بەپێی گوتەی نوسەرانی کۆن، کانیاوێکی لەو چەشنەی لەم دەڤەرەدا بینیوە، بەڵام نازانرێ ئایا هەمان کانیاوە یاخود لە شوێنێکی دیکەی نێوان ڕووباری دیجلە و فوراتدایە.

کاتێك کەرکووکمان جێهێشت، بەهیوا بووین بەبێ وەستان بە ڕێگەکەدا بگەینە (ئەربیل) بەڵام ڕێگایەکی درێژ بوو، بەناچارییەوە لەنێوەندی رێگەدا کەمێ پشوومان دا.

ئێستا هاتووینە نێو پێدەشتێکەوە کە ئەسکەندەر لێرەدا ئێرانییەکانی بەزاند، لێرە هیچ گوندێکمان نەبینی. هەربۆیە بەناچارییەوە لە کەناری ڕووبارێکدا لە ناوچەی (قوشتەپە[٣٤]) بارگەمان خست کە لێژاییەکی زۆری هەبوو، چونکە کاروانەکەشمان ڕێگایەکی قەدبڕیان گرتبووەبەر. ئێمە بۆ خەوتن و حەوانەوە، باڵاپۆشمان کرد بە پەتو، زینی ئەسپەکانیشمان لەبری سەرین بەکار هێنا.

---

[34] Gouchtepe.

سپێدەی بەیانیٚ سەرلەنویٚ کەوتینەوە ڕیٚ، دوای سیٚ سەعات بەسەر بەرزاییەکدا ڕۆیشتین کە قەڵای هەولێری لەسەر بونیاتنراوە. خانوەکانی شارەکە لە دەوروبەری هەمان قەڵادان.

* ئەربیل[٣٥]

ئەربیل هەنوکە شارێکی بایەخدارە و نزیکەی (٥ تا ٦) پێنج تا شەش هەزار دانیشتوانی هەیە، سەرۆکی ئەم دەڤەرەش پیاوێکی بەدەسەڵاتە. ئەم کەسە ئەفسەرێکە، دوای کەمیٚ دووڵی، ڕێگای پێداین بچینە نێو ئەو قەڵا پتەوەوە، کۆمەڵێك خانوی لەخۆگرتووە و بەسەر ئەو دەشتەدا دەڕوانیٚ کە جەنگەکەی ئەسکەندەری مەکەدۆنی تێیدا ڕووی داوە.

ئەم قەڵایە بەسەر بەردەڵانێکەوە بونیاتنراوە، لەبەرئەوەی لە هەموولایەکەوە واڵایە هەوایەکی خۆش و فێنکی هەیە. خۆمان خستەبەر تیشکی مانگەشەو، بەهۆی نەسیمە خۆشەکەیەوە کە لە کوێستانەکانەوە دەهات، شەوێکی شادمان بردەسەر.

لێرەوە تەواوی مەیدانی جەنگەکەی ئەسکەندەر دەبینرا، لەلای چەپەوە تەپۆلکەیەکی نزمی لیٚ بوو، لە خۆرهەڵاتییەوە بەرەو خۆرئاوا هەوایەکی فێنکی دەهات. لەم شوێنەدا بوو کە داریوشی هەخامەنشی بە فیزەوە ڕاوەستا و سەرژمێری سوپا بێشومارەکەی خۆی کرد. لە دامێنی هەمان چیاوە (پارمینۆن) سەربازانی سوارەی خۆی بەئارامی خستە ڕیٚ و سوپای ئێرانی تێکشکاند. کاتێك سەرکردەی مەکەدۆنی بەم چەشنە

[35] Arbelles.

سوپای داریوشی بەزاند، ئەسکەندەر دەستوبرد ئەو دەشتەی خستە ژێر بازووی خۆیەوە کە کەوتبووە نێوان خۆی و دووژمنەکەیەوە.

شیاوی باسە دۆخی ئێستای ئەم دەشتە هەر بەو چەشنە ماوەتەوە کە مێژوونووسان باسیان کردووە. هێشتا ئەو جۆگەلە وشککراو و دۆڵە قووڵانە کە داریوش بۆ تێپەڕاندنی سوپاکەی تەختی کردوون؛ هەر ماون.

بە هەرحاڵ سەرجەمی یادەوەرییەکانی ئەو ڕووداوەی پتر لە (٢,٠٠٠) دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش لێرە لە شاری ئەربیل ڕووی-داوە، وەك خۆی ماونەتەوە.

ئەو ڕۆژەی کە ئێمە لە ئەربیل بردمانە سەر، زۆر بەلامانەوە سەرنجڕاکێش بوو. دوای وەبیرهێنانەوەی ئەم یادەوەریانە، ئەم گوتەیەش دەخەمەڕوو کە دوای گوزەراندنی چەندین مانگ لەنێو کەشوهەوای گەرمدا، ئاوێکی پڕ بەفراومان نۆشی. ئەم یادەوەرییە لە بەرامبەر ئەو ڕووداوانەی لێرەدا ڕوویانداوە، زۆر جێگەی بایەخ نییە، بەڵام من ئێرە بۆ کەسانێ باس دەکەم کە لەوانەیە هەروەك ئێمە لە ژێر تیشکی مرۆسوتێنەری خۆردا لێرە ژیابن، ئیدی ئەوان لەوە تێدەگەن ئەم هەستی فێنکایەتییە لە سایەی گەرمای خۆردا، یەکێکە لە یادوەرییە چێژبەخشەکان.

لە ئەربیل، ئوسقوفێکی کاسۆلیکی کەرکووك کە بە سەرکێشییەوە سەری لە ناوچە کاتۆلیكنشینەکانی وەك سلێمانی، خۆی، ئەنساڤیل[٣٦]

---

[36] Ansavil.

و ... هتد داوه، بۆ دیدەنی و سەردانمان هات. ئەم گوندەی دوایی واتا ئەنساڤیل، تایبەته بە کاتۆلیکەکان، دەڵێن نزیکەی (٤ تا ٥) چوار تا پێنج هەزار دانیشتوانی هەیە.

ئێمە بە نیگەرانییەوە (ئەربیل)مان بەجێهێشت، وێڕای بێ-بەرهەمی ئەم دەڤەرە کە تەنانەت یەك درەختیشی تیا نەڕواوە و تەنها یەك بیری ئاوی خواردنەوە بۆ خەڵکەکەی لێدراوە، بەهۆی ئەو دۆخە تایبەتەی لەنێو ئەم دەشتە بەرفراوانانە و بەتایبەتتر لەم پێدەشتەدا هەیە، خەڵکەکەی لە سەرتاسەری ناوچەکەدا بە ناهەمواری دەژین.

کەمێ لەولای شارەکە، کۆمەڵێك کەسمان بینی هەروەك ئێمە لە کەرکووکەوە هاتبوون و بەرەو سنوورەکانی ئێران کەوتبوونە ڕێ، لێرە کەل‌وپەلی جەنگیشی لێ دەست دەکەوت.

من هەموو وڵاتی ئێرانم بە پێ تەی کردبوو، زۆر کەم بیرم لە سوپای ئێران دەکردەوە، ئیدی پێشبینیی جەنگی دیکەم لە ئەربیل نەدەکرد.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* زاب

لە (ئەربیل)ەوە دوای (٦) شەش سەعات گەیشتینە زاب. ڕێگەکەی تەخت و پانە، بەڵام دنیا هێندە تاریك بوو کە تەنها بە چاوساغی ئەسپەکانمان ڕێگەمان دەبڕی.

کەمێ لەولای زاب، ئەسپێك لە پێش کاروانەکەمانەوە هەنگاوی دەنا، لەناکاو لە بەرامبەر شتێکی تاریك ڕاوەستا، نۆڕیمان جەستەی مرۆڤێکی کوژراوە، پزیشکەکەمان داودەرمانی بۆ بەکارهێنا و گوتی

ماوەیەکە ئەم پیاوەیان کوشتووە. ئەم ڕێگایە هاتوچۆی زۆری بەسەرەوە بوو، پێدەچێ ڕێبوارانی پێشووش ئەم جەستەیەیان دیتبێ، وەلێ خەڵکی ئەم دەوروبەرە هێندە بێ هەست و خۆپەرستن کە هیچ کەس بیری لەوە نەکردۆتەوە لایەنی کەم ئەم لاشەیە بە خاك بسپێرێت.

ئێمەش بەناچاریی لەهەمان شوێن بەجێمان هێشت، چونکە هیچ کاممان ئامادە نەبووین ئەم لاشەیە بخەینە پشتی ئەسپەکەمان. لەهەمان کاتدا بەرلەوەی بگەینە زاب، من داوام لە (کیایا)[37] کرد تا بەرەو لاشەکە بگەڕێنەوە و بە خاکی بسپێرن. ئەم پیاوە بە خەنجەرێ کوشتویانە کە لەنێو سینەیان دابوو.

گوندی زاب لە کەناری ڕووبارێکدایە هەر ناوی زابە، لە کۆمەڵێك خانوچکەی ناخۆش پێکهاتووە، ئێمە بەناچاریی شەومان لەوێ گوزەراند، بەڵام دەمویست لە ڕووبارەکە بپەڕینەوە تا لەولای ڕووبارەکەوە کە دەشتێکی بەرینە، ڕەشماڵەکانمان هەڵبدەین.

ڕووبارێکی گچکە لەنێو دەشتەکەدا دەڕۆیشت، بەو هۆیەوە بەشێکی دەشتەکە سەوز بوو. بە لێژاییەکی بەردەڵاندا چووینە خوارێ، پاشان سواری چەند کەڵەکێکی[38] گچکە بووین کە لە چەند پێستەیەکی فودراو دروست کراوە، ئەسپەکانیشمان بە ڕێشمەکانیان ڕاکێشا و لەپەنا کەڵەکەکانەوە بە مەلە لە ڕووبارەکە پەڕینەوە.

---

[37] Kiaia.

[38] کەڵەك: جۆرە بەلەمێکی گچکەیە و بۆ پەڕینەوە لە ئاوێکی کەم بەکاردێت. (و.ك)

ئەم کارەمان هێندە ئاسان بە ئەنجام نەگەیاند، چونکە ئاوەکە بەخوڕە و بەلەمەکانیشمان جێی متمانە نین.

وێڕای ئەمە کارەساتێکی ئەوتۆ ڕووی نەدا و گەیشتینە ئەوبەری ڕووبارەکە. لێرەدا ئاوەکە زۆر بەهاژەیە، چونکە دەرژێتە نێو دیجلەوە، بەیەکگەیشتنی دوو ڕووباریش ئاوەکە بەخوڕتر دەکات.

ئێمە پێمانوابوو ڕۆژی (٤ی ئاب) دەگەینە مووسڵ و لەوێ چەند ڕۆژێ دەمێنینەوە. هەربۆیە سپێدەی بەیانێ کەوتینە ڕێ، بەدرێژایی شەویش ئەم دەشتە پڕ هەوراز و نشێوەی نێوان (ئەربیل) و (مووسڵ)مان دەبڕی.

لەنێو ڕێگەکەدا بە ئێمەیان گوت (٢,٠٠٠) دوو هەزار سوار بەفەرماندەیی پادشای مووسڵ بەرەولای ئێمە دێن تا بچنە کەرکووک. کەمێ دواتر لە پێچاوپێچەکانی زابدا، سەربازانی پێشڕەوی سوپاکەمان بینی دەیانویست لە تەنکاوێکی ڕووبارەکەدا بپەڕنەوە.

ئێمە کەمێ پاشەکشەمان کرد تا ئەو دیمەنە سەرنجڕاکێشە ببینین، ئاگاداری خۆشمان بووین تا چەتە و ڕێگر پەلامارمان نەدەن. لەو ساتە مانگەشەوەدا بە باشی توانیمان پەڕینەوەیان ببینین. لێرەدا کۆمەڵێك حوشترمان بینی کە بە بارەکانیانەوە دەچوونە نێو ڕووبارەکەوە و ملە درێژەکەیان لە ئاوەکە هێنابووەدەر، بەدوای شوێنێکدا دەگەڕان تا ئاسودەتر بتوانن لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە. هەر لێرە ئەسپە ڕازێنراوەکانیان چوونە نێو ڕووبارەکەوە و زین و ڕێشمەکانیان لەژێر ڕۆشنایی مانگدا دەبریسکانەوە.

چەند ئەفسەرێك بەملاولادا دەڕۆیشتن تا سەربازە هەڵاتووەکان کۆبکەنەوە، هەروەك ئەو سەگانەی بە حەپەحەپ مەڕومالاّتە بزێوەکان کۆدەکەنەوە. هەندێکی‌دیکەشیان بە ئارامییەوە بەبیّ ئەوەی بایەخ بەهیچ بدەن، مژیان لە پایپەکەیان دەدا. چەند تۆپێکیان خستبووەسەر عەرەبانەی جەنگی و (١٠ تا ١٢) ئەسپیش بە ماندوویّتییەوە بەسەر زەوییەکی ناهەمواردا ڕایاندەکێشا.

کاتیّ سەرجەم یەکە سەربازییەکان تێپەڕین، ئێمەش هەمان ڕیّوشوێنمان گرتەبەر. ئاوە بەخوڕ و قووڵەکە، ئەسپەکانی شەکەت کردین بەلاّم چێژیان لیّ دەبینی و بە ئاسانیش پەڕینەوە.

لەوسەری ڕووبارەکەوە هێنانەدەرەوەی ئەسپەکان لە ئاوەکە زۆر بەلامانەوە ئاستەم بوو، سەرەنجام توانیمان کارەکە بە ئەنجام بگەیەنین و سەرلەنویّ پێدەشتە سوتێنەرەکەمان گرتەوەبەر.

دوای کەمێك، ئەفسەرێکی پادشا هاتە لام و گوتی: پادشا ڕایسپاردووم تا پێت ڕابگەیەنم دێتەلات. لە ڕاستیدا دوای بڕینی فرسەخە ڕێگەیەك، محەمەد پاشامان لە دوورەوە بینی بەرەو لای ئێمە دەیاژوا. لە ئەسپەکانمان دابەزین و بەپەلە قاڵیچەیەکمان لەسەر زەوی ڕاخست و دەستمان بە جگەرەکێشان و قاوەنۆشین کرد، چونکە تورکە عوسمانییەکان هیچ کاتیّ بە بیّ جگەرە و قاوە گەشت ناکەن.

پادشای مووسڵ -درۆ یان ڕاست- گوتی زۆر نیگەرانم لەکاتی هاتنی ئێوەدا لە سەفەر بووم.

ناوبراو ئاشكرای كرد كه ئێرانییەكان له نزیكی شاری سلێمانی، تەقەلایان‌داوه بێنه نێو خاكی عوسمانییەوه، منیش چووم بۆ داپلۆسینیان. ئەو ترسی لەمەڕ كۆتایی جەنگەكه هەبوو، پرسیارێكی زۆری سەبارەت به هێزی شای ئێران لێ پرسیم. منیش ئامۆژگاریم كرد پەله نەكات، چونكه دەمزانی هەموو قسەكانی درۆیه.

پادشا گوتی: بای خوماسین "هەرچەنده زیانی بەئێمه نەگەیاند" هەندێ له سەربازەكانمی لەژێر حەساری شاری مووسڵدا بەهیلاك بردووه، پتر له (٥٠٠) پێنجسەد سەربازم له ماوەی یەك رۆژدا لەدەستچووه. بێگومان ئێمەش له ڕۆخی ڕێگەكەدا بینیمان كه ژمارەیەكی زۆر چاڵی قووڵ هەڵكەنرابوو.

محەمەد پاشا تەمەنی (٦٠) ساڵەو بەوه بەناوبانگه به دڵڕەقییەوه ئاسایش و ئارامی ئەم ناوچەیەی فەراهەم هێناوه. ناوبراو یەكێكه له ئەندامانی خانەدانه دێرینەكانی تورك، خاوەن بڕیار و ئازا و دڵڕەقه.

دوو رۆژ بەرله چوونی من بۆ مووسڵ، كاتێ له مزگەوت دەهاته دەرێ و لەوێ (خەتی شەریفی گوڵەخانه)[٣٩]ی ڕاگەیاندبوو، (٣) سێ كوردیشی بەبێ موحاكەمه كوشت و پێستی پڕ له كا كردن، چونكه یەكێك له سەربازەكانی لەو چیایانه كوژرابوو. ئەم سێ كورده به ڕێكەوت دەكەونه بەردەستی ئەو، باجی تاوانی كەسانی‌تریان بەسەردا

---

[39] Hatti Charif.

سەپێنرا، ئێمەش ئەو کوردە بێچارانەمان بینی کە لە شوێنێکی گشتیدا بۆ پەند و عیبرەتی خەڵك هەڵواسرا بوون[40].

دوای سەعاتێ گفتوگۆ لەگەڵ ئەم پادشایە، لێی جیابووینەوە و هەریەکەمان ڕێگای خۆی گرتەبەر. ئەو بەرەو سنووری ئێران و ئێمەش بەرەو کۆشکەکەی کەوتینە ڕێ، بەڵام وێڕای حەز و تاسەیەکی زۆرمان، نەمانتوانی ئەو شەوە بگەینە شاری مووسڵ.

* بەرتەلە[41]

ئەسپەکانمان چیتر نەیاندەتوانی هەنگاو بنێن، بەناچارییەوە چەند سەعاتێ لە گوندی (بەرتەلە) حەواینەوە کە دوو سەعات لە شار دوورە.

سپێدەی بەیانێ سەرلەنوێ سواری ئەسپەکان بووینەوە، لە دوورەوە بەرزاییەکمان بینی و گوتیان ئەوە شوێنی نەینەوای کۆنە. کەمێ پاش ئەوە، ئارامگای (حەزرەتی یوونس)مان بینی کە ئەمڕۆ مزگەوتێکی سادەی دێرینە، ڕووباری دیجلەش وەك مارێك بەنێو ناوچەکەدا دەخزێ.

www.zheen.org

[40] دەسەڵاتدارە تورك و عەرەبەکان بەدرێژایی مێژووی حکومڕانیان لە کوردستانی عیراق، ئەم ڕەفتارە دزێوەیان ئەنجام داوە واتا لە هەرکوێیەك سەربازێکیان کوژرا بێت، ئەوا کوردێکی بێچارە و بێ ئاگا لە ڕووداوەکەیان گرتووە، بۆ چاوترساندنی کورد دوای سەربڕینیان، پێستیان پڕ لە "کا" کردووە و چاویان هەڵکۆڵیون و لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵیانواسیون. (و.ك)

[41] Bartallah.

لەسەر ڕووی یەکێك لە بەرزاییەکان، شارێکی گچکەیان بنیاتناوە.
مووسڵ لە دوورەوە بە شارێکی مەزن دێتەبەرچاو، بەسەر پردی ڕۆخی شارەکەدا تێپەڕین و چووینە نێو کووچە و کۆڵانی تەنگ و پیس‌وپۆخەڵەوە کە زۆر بە خراپی بەردڕێژ کراون. سەگە برسیەکان بە قروسکە قروسك لە پێی ئەسپەکانمان نەدەبوونەوە.

* مووسڵ

کاتێ لە شاری مووسڵ بووم، دەوڵەتی فەرەنسە کونسوڵخانەی لەوێ نەبوو، ئەرمەنییەکی خەڵکی ناوچەکە کاری کونسوڵێتی ئەنجام دەدا. ساڵی دواتر دەوڵەتی فەرەنسە کارمەندێکی فەرمی بۆ ئەو ناوچەیە نارد. من چوومە لای ئەو ئەرمەنییە،ماڵەکەی تا ئەندازەیەك خاوێن بوو، بەڵام گەرمیی هەواکەی مرۆڤپرووکێنە. ئێمە نەماندەتوانی بەئاسانی هەناسە بدەین، مەگەر چاوەنۆڕی ئاوابوونی خۆر بین. لەو ساتەدا بە پێپلیکانەی پشت خانووەکەدا چووینە سەرێ و شەوێمان لەوێ گوزەراند.

www.zheen.org

سەرەڕای ئەوەش مانگەشەوی مووسڵ لەگەڵ مانگەشەوی بەغدا، ئەم جیاوازییەی هەیە کە خەمناك دێتە بەرچاوان و ڕۆشنایی کەمترە. لە مووسڵ ئیدی دیمەنی باخە خورماکانی دیجلە و لەقلەقە گەڕۆکەکانی لێ نییە.

هەموو شتەکان خەمناك و بێجوڵەن، بەرزاییەکانی شارەکە پاشماوەی بینا کۆنەکانن و دەکەونە ئەولای ڕووبارەکەوە، جگە لە تەپۆلکەیەکی گڵین چیتر نین. پێویستم بەوە بوو دیدگایەکی جەسوورانەم هەبێ تا بتوانم

پاشماوەی حەسارە دێرینەکەی شاری ئەکباتان لەویٚ بدۆزمەوە. دەشیٚ لە دەرەنجامی کۆمەڵێك پشکنین و گەڕاندا، بتوانریٚ ئاسەوارە نهێنییە پڕ لە جوانی و بەشکۆکانی ئەو شارە لەژێر خاکدا پەیدا بکەن[٤٢].

وێڕای ئەمە، مووسڵ شارێکی سەرنجڕاکێشە و دانیشتوانەکەی دەگاتە نزیکەی (٢٠) هەزار کەس.

پێشتر بازرگانییەکەی بە برەو بووە. لەبەر هەڵکەوتەکەی کە دەکەوێتەسەر ڕووباری دیجلە، بۆتە هاندەری بازرگانان تا کاتیٚ لە ئەوروپاوە بەرەو ئاسیا دێن، لێرە یەکتر ببینن. بەهۆی ئاوی بەخوڕی ڕووبارەکەشەوە، بە ماوەی (٣) ڕۆژ لە مووسڵەوە خۆیان دەگەیەننە بەغدا.

لە هەمان کاتدا ئەمڕۆ هەموو شتەکان گۆڕاون، لەم سەردەمەدا (محەمەد پاشا) حوکمڕانی بەسەر ئەم ناوچە وشکەدا دەکات، بازرگانان لە ترساندا وازیان لە هاتوچۆ بۆ ئێرە هێناوە. ئەو کەسانەی بوێرن لەهەمبەر ئەو گەردەلولەدا ڕابوەستن، ئەوا دووچاری بەدبەختی دەبنەوە و ڕەفتاری دڕندانەیان لەگەڵدا دەکرێت، ماڵومولکیان تالانڕۆ دەکات و ناتوانن لەو شارە لەعنەتییە دوور بکەونەوە و لەنێو قەفەزی ئاسنیندا ئەشکەنجە دەدرێن[٤٣].

---

[42] زانیومە لە دەرەنجامی کۆمەڵێك پشکنیندا، کۆمەڵێك شتی گرنگ لەم شوێنەدا دۆزراونەتەوە. هەردوو دەوڵەتی فەرەنسە و بەریتانیا، پێکەوە لەم ناوچەیەدا سەرقاڵی گەڕانن. (نووسەر)

[43] لە ڕاستیدا کاتێك دەبینرێت بەرەڵایی کەسێك چ زیانێکی لیٚ دەکەوێتەوە، مرۆڤ ئومێدی بە ئایندەی ئەو مرۆڤانە نامێنیٚ کە ژێردەستەی ئەو حکوومەتانەن. (نووسەر)

کاتۆلیکەکان لەم ناوچەیەدا زۆرن، شاری مووسڵ شوێنی نیشتەجێبوونی ئوسقوفی کاتۆلیکەکانە.

ئێرە ناوەندی ئەو گرووپانەیە کە بۆ پڕوپاگەندەی مەزهەبی دەچنە وڵاتە دراوسێکان. دەزانم لە چیاکانی کوردستان ژمارەیەکی زۆری کاتۆلیکی کلدانی لێیە کە شوێنی نیشتەجێبوونیان تا دیاربەکر درێژ دەبێتەوە، لەنێو ئەم چیا سەرکەشانەی نێوان ئێران و عوسمانیدا دەژین. کەواتە ئەمە سەرنجمان رادەکێشێ بۆ ئەوەی تا چ ئەندازەیەك پێویستمان بەوە هەیە ئاڵاکەمان لەم ناوچانەدا بشەکێنینەوە، چونکە دووپاتی دەکەمەوە فەرەنسە تائێستاش بە لایەنگری تایبەتی هاوڵاتیانی کاتۆلیکی ئەم ناوچانە بەهەژمار دێت، حەیفە دەوڵەتەکەمان چاوپۆشی لەم کارە بکات.

کاتێك بۆ فەرەنسە بگەڕێمەوە، یەکەمین کار ئەنجامی بدەم داخوازی کردنەوەی کونسوڵخانەیەکە لە مووسڵ تا بەرژەوەندییە مەزهەبی و بازرگانییەکانمان لەم دەڤەرەدا بپارێزین، چونکە لە وڵاتانی خۆرهەڵات بوونی نوێنەر لە ئیمزای ڕێککەوتننامەکاندا بایەخدارترە، ڕێککەوتننامەکان کاتێ جێبەجێ دەبن کە لایەنی بەرامبەر بترسن.

ئەو کاروانچیانەی لە بەغداوە بەکرێمان گرتن تا من بگەیەننە مووسڵ، نەهاتنە نێو شارەکەوە و مۆڵەتیان لێ وەرگرتم، منیش بەناچارییەوە داخوازییەکەیانم پەسند کرد.

بۆ دۆزینەوەی کاروانچییەکی نوێ، گەلێ ماندووم، چونکە ناوچەی نێوان ڕێگای مووسڵ و شام، بێسەروبەرییەکی تەواوی تێدایە و خەڵکەکەی هێندە هەژارن کە گرفت بۆ ڕێبواران دەخوڵقێنن.

دوو ڕێگەمان لەبەردەمدا بوو، ڕێگای (ماردین[44]) و ڕێگای کوردستان. ڕێگای یەکەم زۆر نزیکتر بوو، بەڵام بە ناوچەی چۆڵەوانیدا تێدەپەڕی و ڕەنگە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ ئاوی خواردنەوەمان دەست نەکەوێت، چەند هۆزێکی عەرەبیش لەو ناوچانەدا ئاژاوەیان نابۆوە.

ڕێگای بەرەو کوردستان زۆر درێژتر بوو، بەڵام ڕێگەکەی هەمیشە لە قەدپاڵی چیاکانەوەیە و دەمانتوانی دڵنیا بین لەوەی هەمیشە دەتوانین ئاوی خواردنەوە لەو ڕووبارانەوە دەست بخەین کە لە چیاکانەوە هەڵدەقوڵن، ئەم ڕووبارانە دەڕژێنە دیجلەوە.

سەرەڕای ئەوانەش، لەوێ ژمارەیەکی زۆری گوند هەن و دەتوانن پێداویستی کاروانچیان فەراهەم بێنن.

پاساوێکی دیکەش بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە لەلایەن منەوە، بەنهێنی پێیانڕاگەیاندم بەهۆی ناکۆکی ناوخۆیی نێوان هۆزە عەرەبییەکانی ئەو ناوچەیە، لەوانەیە خودی ئەو پاسەوانەی (کیایا)[45]ی مووسڵ لەگەڵی خستووم، پەلامارم بدەن.

ئەم پیاوە دزە دۆستی نزیکی پادشا بوو، هەموو شتێکی دەبرد. ئەو جەختی دەکردەوە تا ڕێگای (ماردین) هەڵبژێرم، هەربۆیە هێندەی

---

[44] Mardin.
[45] Kiaia.

دیکە جەسورتر بووم و پتر خۆم لێ دەپاراست، بەڵام نەمویست لە بڕیارەکەم ئاگادار ببێتەوە و وەها خۆم دەرخست ئامۆژگارییەکەیم لاپەسندە. بەبێ ئەوەی ئاگاداری بکەمەوە، ڕێگای کوردستانم گرتەبەر.

کاتێ گەیشتمە دیاربەکر، زانیارییان دامێ ئەو کاروانەی دوای ئێمە کەوتە جوڵە و ڕێگای بیابانی گرتبووەبەر، دوو ڕۆژ لەولای مووسڵەوە لەلایەن عەرەبەکانەوە پەلامار دراون و چەندین کەسیان لێکوژراوە و گەڕاونەتەوە مووسڵ. پێدەچێ ئەمە هەمان پەلامار بێت کە وابڕیار بوو دژ بە من ئەنجامی بدەن.

* تلکێف[٤٦]

ئێمە چوار ڕۆژ لە مووسڵ ماینەوە، سەعات (٦)ی ئێوارەی ڕۆژی (٩ی ئابی ١٨٤٠) کەوتینە ڕێ، مەنزڵی دواترمان تلکێف بوو کە بەتایبەت کلدانیەکان لەوێ نیشتەجێن، ئەم کلدانیانەش کاتۆلیکن.

خەڵکی شارەکە بە ئوسقوفەکەیانەوە هاتنە پێشوازیمان و وەك بەخێرهاتنێ نیشانەی خاچیان لەسەر سنگیان بۆ کێشام، ئەمەش مانای وایە خودای ئەوان دەپەرستم.

ئەم خەڵکە هەژارە ئەوەی هەیانبوو خستیانە خزمەتم، بەڵام هێندە بێچارە و دەستکورتن، ئێمە بەئاستەم توانیمان بەشێك لە پێداویستییەکانمان لەوێ پەیدا بکەین، چونکە ئەوان نزیك شاری مووسڵن و لەژێر ستەم و جەوری میرغەزەبی دەسەڵاتداری ئەو

---

[46] Telescof.

شارەدان، هەربۆیە شتێکی کەم دادەچێنن چونکە ئومێدیان بە بەرهەمی داچاندنەکەیان نییە ئەگەرچی کەمیش بێت.

وێرانەییەکەی شاری نەینەوا تائێرە درێژەی کێشاوە، ئێمە ماوەیەك بەنێو ئەم وێرانانە و بەسەر ئەو بەردەلآنەدا رۆیشتین کە ناوچەکەی داپۆشیوە و کەوتووەتە ڕۆخە بێ بەرهەمەکەی ڕووباری دیجلەوە. هێشتا هەر بە دەشتدا دەڕۆین، ڕێگەکەشمان تەختەڕێ و ئاسانە.

* فایدە[47]

ڕۆژی دەیەم لە چیاکانی کوردستان نزیك بووینەوە کە دەڵێی دەروازەی نێوان ئەم دەڤەرە و دەشتی نێوان دووڕووبارە.

کاتێك نەینەوامان بەجێهێشت، ماڵئاواییمان لەم ناوچە ناسراو و بەناوبانگەش کرد. ئەو گوندەی بۆ پشوو لامان دا ناوی (فایدا)یە و ڕووبارێك بەتەکیدا تێدەپەڕێ، ڕەشماڵمان لەپەنایدا هەڵدا.

کاروانی ئێسترەکانمان ڕێگەیان بزر کرد، دوای دوو سەعات گەیشتنە ڕەشماڵەکانمان. ئێمە گەلێ دڵتەنگی چارەنووسیان بووین، چونکە هەموو ساتێ باسیان لەو ڕێگر و چەتەی ئەم ناوچانەدا دەکرد.

سەرەنجام درەنگانێ و لەساتی شەودا سەدای زەنگۆڵەی ئێسترەکانمان بیست، هەروەك نەریتی خۆیان بە ئارامی لە بەرامبەرماندا ئۆقرەیان گرت.

[47] Faida.

ئێمە ڕاستەڕێمان گرتەبەر کە زۆرجار ڕێگەیەکی باشە، بەڵام ناچار بووین بەنێو دوو دۆڵی قووڵی بەردەڵاندا هەڵزنێین و دواتر بێینە خوارەوە، ئەمەش ئەسپەکانی ماندوو کردین.

ئاگردانێکی بێشومار لە هەموو لایەکی دەشتەکەوە داگیرسێنراوە، کڵپەی ئاگر لەسەر سەرجەم چیاکانیش دەبینرا، هەروەك بڵێی جەژنێ لەئارادایە. ترۆپکی یەکێك لە چیاکان بەشێوازێکی نهێنیئامێز ڕۆشن ببۆوە و قەدپاڵی چیاکەش تاریك بوو، بەجۆرێ لە تاجێکی ئاگرین دەچوو کە ئاسمان لەسەر زەوی دانابێ تا زەوی ڕۆشن بکاتەوە.

ئەم دیمەنە قەشەنگە کاری شوانەکانە، بینینی ئەم دیمەنە ئەگەرچی لای ئەوان ئاساییە، بەڵام جێگەی سەرسوڕمانی ئێمە بوو.

* کاوەشی[48]

ڕۆژی دواتر چووینە (کاوەشی) کە گوندێکی هەژارنشینە و بە قەدپاڵی چیاکەوەیە. واپێدەچوو ئێمە بەو ڕێگەدا هاتبین کە (دە هەزار سەربازەکەی گزنەفون) دوای بەزاندنی (کۆناکزا)، لە وڵاتی کاردۆکەکانەوە بەئێرەدا تێپەڕیوە. ئێمە بەدوای دۆڵێکدا دەگەڕاین تا دەشتی نێوان دووڕووبار جێ بهێڵین.

هەروەك (گزنەفون) گەیشتینە ناوچەیەك کە ڕێژاوێکی زۆر و لەوەڕگایەکی سەوزی تێدا بوو. ئێمە چەند ساتێ لەبەرامبەر ڕووبارێکدا ڕاوەستاین کە داری (ژاڵە) کەنارەکانی داپۆشی بوو،

---

48 Kaouachi.

پەڵەگیای پڕ لە گوڵی ڕەنگاوڕەنگمان تێدا بینی. کاروانچییەکانمان بڕێ گژوگیایان چنی و ئەسپەکانیان پێ ڕازاندەوە، دەتگوت بۆ جەژن دەچین، لەکاتێکدا لە کۆمەڵێ ڕێبواری ماندوو زیاتر نەبووین.

گوندی (جیلب)[49] لەنزیك ڕووبارەکەوە بوو، یەزیدییەکان یاخود شەیتانپەرستانی تێدا دەژیان. ئێمە لە (خیرمۆك)[50]ەوە یەزیدیمان بینی. بە بۆچوونی من واهاتنە بەرچاوم وێڕای ئەوەی هەردوو ڕەگەزی چاکە و خراپە دەپەرستن، بەڵام هیچکام لە بیروباوەڕەکانی مووسڵمانانیان لاپەسند نییە. ڕەنگە هەر لەبەر ئەم فاکتەرەش، مووسڵمانان خۆیان بە دوژمنی یەزیدییەکان دەزانن.

کاتێ (کاوەشی)مان جێهێشت زۆر لە چیاکان نزیك بووینەوە، بەرەو دۆڵێك ڕۆیشتین کە لەوێوە دەچووینە نێو چیاکان. ژمارەیەکی زۆری ئاسکە کێویمان بینی، تەنانەت هەندێکیان هێندە لە ئێمە نزیکن کە دەمانتوانی تیریان تێ بگرین.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* زاخۆ[51]

ئێمە ماوەی دوو سەعات بێ کێشە ڕێگەمان دەبڕی، بەڵام دوای تێپەڕین بەنێو گوندێکی ڕازاوەدا بەناوی (ئەسکیا)[52] کە کەوتبووە نێو

[49] Jilb.
[50] Khirmouk.
[51] Zako.
[52] Asscia.

چیاکانەوە، بەرەو باکور وەرچەرخاین و چووینە نێو تەنگەی (زاخۆ)وە کە نزیکە لە گوندێك بەهەمان ناوەوە.

دوو سەعاتی تەواو بەنێو بەردەلانەکاندا هەڵزناین و تەنانەت پارچە زەوییەکی نەرممان نەدیتەوە. هەندێك جاریش دەگەیشتینە ئەو ڕێژاوانەی کە درەختی ژاڵەی زۆریان تێدا بوو.

ڕەوتی ڕێگەکەمان پڕگرفت بوو، بەڵام نازانم ئەم سروشتە دڕندەیە چی لەخۆیدا حەشارداوە وەها منی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ڕەنگە (گزنەفون)یش هەر لەم ڕێگایەوە دوو هەزار ساڵ لەمەوپێش بەرەو یۆنان گەڕابێتەوە. نیوەشەو گەیشتینە (زاخۆ) کە دەکەوێتە دەرەوەی تەنگەکە. لەم ساتەدا زۆر ماندووین، ئەسپەکانیشمان چیتر نەیاندەتوانی بەپێوە بوەستن.

ڕۆژی دواتر لێپرسراوی ئەو دەڤەرە هاتە پێشوازیمان، گوتی گوندەکەم لە بازنەی حوکمڕانی مووسڵدایە و ئەو پاسەوانەی (محەمەد پاشا) بۆ ئێمەی تەرخان کردوون، لێرەوە پێویستە بڕۆنەوە.

من لەم مەسەلەیە نیگەران نەبووم، چونکە بەم شێوازە هەستمان بە ئازادیی خۆمان دەکرد، لەبەرئەوەی ئەم کەسانە پتر لەوەی گیروگرفت لاببەن، کێشەی زیاتریان بۆ ئێمە دادەتاشی تا وەهای نیشان بدەن کاریان بۆ ئەنجامداوین.

وێڕای ئەوە، هەنووکە کاروانەکەم دابوویە زیادی و نەمدەتوانی ئەگەر پەلامار بدرێین، خۆبپارێزین، ئەمەش تەنها شتێ بوو کە گومانم دەکرد ڕووبدا. بەم شێوەیە داوای چاوساغم لە (موسلیم) کرد و بەبێ دەردەسەری

کەوتینە ڕێ. بۆ ئەوەی شتێ لەبارەی هەژاریی و نەداریی دانیشتوانی ئەم ناوچەیەوە بخەمەڕوو، دەڵێم (موسلیم)ی لێپرسراوی ئەم دەڤەری (زاخۆ)یە، هاتە بەردەمم و داوای چەند پارچە شەکرێکی بۆ یەکێك لە ژنەکانی لێکردم چونکە نەخۆشە، بێگومان منیش شەکرەکەم دایێ.

ڕۆژی دواتر هەرچەندە دڵنیا نەبوو دەستودڵ فراوانیم درێژە دەکێشێ یان نا، داوای ئالۆوێری چەند پارچە شەکرێکی لەبارتەقای باشترین ئەسپەکانی خۆی لێکردم، منیش پێشنیازەکەیم وەرنەگرت بەڵام کاتێ گوندەکەمان جێهێشت، فەرمانم دا بڕە شەکرێکی دیکەی بۆ ببەن. بەبڕوای ئەو، بە کەسێکی زۆر سەخاوەتمەند هاتمە بەرچاو.

(زاخۆ) قەڵا و حەسارێکی وێرانەی لێیە و (موسەلیم) ی تێدا دەژی. ئەم قەڵا و حەسارە کەوتۆتە لای چەپی ڕێگەکەمان، جۆگەلەیەك بەبن حەسارەکەدا دەکشێ.

بەرەو خۆرئاوا کەوتینە جوڵە، بەنێو پێدەشتێکی بەرفراوان و چۆڵدا گوزەرمان کرد، کەوتینە بەرامبەر یەکێك لە لقەکانی ڕووباری (یسەل)[53] کە بەخوڕ لە چیاکانەوە هەڵدەقوڵێ و پاش کەمێ دەڕژێتە دیجلەوە.

ئێمە بە چەرمەسەرییەکی زۆر بوارمان دۆزییەوە و لە ڕووبارەکە پەڕینەوە. ڕەوتی ئاوەکە گەلێ بە خوڕ و قووڵ بوو، چەند ئێسترێکمان ئاو بردی بەڵام بە مەلەی خۆیان بەرەو لایەکی دیکەی ڕووبارەکە پەڕینەوە و گیانی خۆیان قوتار دا و هاتنەوە سەرێ.

[53] Yssel.

دوای (٥) پێنج سەعات ڕێگەبڕین، گەیشتینە گوندێ بەناوی (کەنگاڤین)[54] و دانیشتوانەکەی مەسیحین. خەڵکە باشەکەی ئەوێ هەروەك برای خۆیان مامەڵەیان لە تەکدا کردین و میوە و شیریان بۆ هێناین، تکایان کرد شەوێ لەنێویاندا بمێنینەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕەشماڵەکانمان پێشتر هەڵدابوو، بەناچاریی تا گوندی (نارڤەند)[55] وەڕێکەوتین، دەیانگوت ئاوێکی فرەی لێیە.

ئەو ساتەی لە دوورەوە تروسکەی سەوزایی ڕەشماڵەکانی خۆمان بینی، هێندەی دیکە خێراتر هەنگاومان نا، بەڵام لەوێ تەنانەت یەك ماڵیشمان نەبینی. گوندەکە تازە کاول بووە و دانیشتوانەکەی پەنایان بۆ کوێستانەکان بردبوو. لەبەرئەوە ناچار بووین کەلوپەلی پێویست لە دوورەوە دەست بخەین و بۆ ڕۆژی دواتر گەیشتە دەستمان. ئەسپەکانمان بەخێرایی لەوەڕی بیابانیان دەخوارد، ئێمەش ناچار بووین ئاوی پیس و لێڵی ئەو ڕووبارە بخۆینەوە کە بە پەنا ڕەشماڵەکانماندا تێدەپەڕی.

هەڵۆیەك بەسەرمانەوە دەخولایەوە هەروەك بڵێی خۆی بە خاوەنی ئەو دەڤەرە بزانێ. ئێمە بە چەند گوللەیەك سێرەمان لێگرت و نانی ئێوارەمان بە گۆشتەکەی سازدا.

www.zheen.org

[54] Kengavine.
[55] Narvand.

ڕێگای (نارڤەند) بەرەو (جزیرە) گەلیٚ سەرنجڕاکێشە، ئێمە لەم ڕێگایەدا بەردەوام بەکەناری ڕووباری دیجلەدا ملمان دەنا، چونکە سەرلەنویٚ بەم ڕووبارە گەیشتینەوە.

دوای یەك سەعات ڕێگا، بە ڕووبارێکی گچکەدا تێپەڕین کە قەوزە ئاوەکەی داپۆشی بوو.

لەسەر بەرزاییەکی قەراغی ئەم ڕووبارەدا، ئاسەواری قەلاٚ و حەسارێکمان دیت بەسەر دۆڵێکدا دەیڕوانی.

دوای سەعاتێك، بەسەر ڕێژاوێکی گەورەدا پەڕینەوە و هێندە قووڵ نەبوو. هەموو ئەم چەم و ڕووبارانە پاش کەمیٚ دەڕژێنە نێو دیجلەوە. ئیدی لەم ڕووبارە پانوبەرین و قەشەنگە جودا نەبووینەوە، تەنها لە هەندیٚ شوێندا ناچاربووین بە زەویی بەردەلاٚندا بڕۆین.

دوای (٤) چوار سەعات بە ڕێگایەکی والاٚدا، گەیشتینە چیایەك و ڕێگەکەی هەروا سانا نەبوو. ئەم ڕێیە زۆر سەختە، چونکە لە ئێستادا بەتەواوەتی چۆڵە و مەترسیی تێدایە.

پاشان چیاکەمان بەجیٚ هێشت و سەرلەنویٚ لە دیجلە نزیك کەوتینەوە، تا (جزیرە) بەتەکیدا ڕۆیشتین. لەلای چەپمانەوە دوو بناغەی پردێکی دێرینمان بینی.

* جزیرە

ڕۆژی (١٤)ی مانگ لە (جزیرە) گوزەراندمان، ئەم شارە لەکەناری ڕاستی ڕووباری دیجلەدایە، کۆمەڵێك وێرانەی شارێکی دێرین لەو دەڤەرە ماونەتەوە، دەڵێی لانەی قەلەڕەشە بەسەر تاشەبەردەوە.

ئێمە بەسەر پردێکی وێرانە و لەژێر ڕۆشنایی مەشخەڵانی پاسەوانانی پردەکەدا کە ئاگاداری هاتنمان بوون، لە ڕووباری دیجلە پەڕینەوە و پاشان بەنێو کۆڵانە پێچاوپێچەکانی ئەو شارە دێرینەدا ڕۆیشتین کە ئێستا لە کۆمەڵێ تەپۆلکەی دەستکردی گچکە دەچن.

تاریکی شەو هێندەی دیکە ڕۆیشتنەکەی دووچاری گرفت کردین، بەبێ هیچ ڕووداوێ گەیشتینە قەراغی دیکەی دیجلە. ئەو دەڤەرە پێدەشتێکی بەرفراوان بوو، ڕەشماڵمان لێ هەڵدا. فەرمانڕەوای شارەکە کاتێك بە هاتنی ئێمەی زانی، کۆمەڵێ کەسی بە سەبەتەی پڕ لە ترێ و خورما و شوتی و میوەی دیکەوە بۆ ناردین، ئێمەش بە تاسوقێکی تایبەتییەوە خواردمان چونکە (١١) یانزدە سەعات لەژێر گڕەی گەرمای (٤٠) پلەدا، بە ڕێگەوە بووین.

ڕۆژی دواتر، وێڕای تیشکی سوتێنەری خۆر لە ئاسمانێکی بێ پەڵە هەوردا، لەم گەرما توندەشدا کە لە عەرەبستانەوە دەهات، پێشنیازم بۆ هاوڕێیەکەم کرد پێکەوە بچینە نێو ئەو وێرانانەی هێندە لە ڕەشماڵەکانمانەوە دوور نین.

پاش کەمێ بەنێو وێرانەیەکدا ڕۆیشتین و چووینە گۆڕەپانێکەوە، لە دەوروبەرەکەی چەند دەرگایەکی بۆ کۆمەڵێك ژێرزەمین تێدابوو کە تائەندازەیەك کوێر ببۆوە. ئێمە چووینەسەر یەکێك لەو سەکۆیانەی بەسەر ڕووبارەکەدا دەیڕوانی، لەوێ نۆڕیمانە قەشەنگترین دیمەنی ئەم گەشتەمان.

www.zheen.org

لەلای ڕاستەوە، ڕووباری دیجلە لەنێو کەناراوە شەپۆلاوییەکانی خۆیدا تێدەپەڕی، تەنها دوو پایەی پردە دێرینەکەی مابوو.

لەلای چەپەوە، لەبەرامبەر ئێمەدا چیا سەرکەشەکانی کوردستان دەبینرا، بەڵام وادەهاتە بەرچاو پەروەردگار ئەم خاکە پڕ پیتوبەرەکەتەی نێوان دووڕووباری سەردەمە کۆنەکانی بە نەفرەت کردبێ، بەجۆرێك تەنانەت یەك درەختیش لە ڕۆخی ڕووبارەکەدا بەرچاو نەدەکەوت و یەك لقە گیا یاخود سەوزایی لەنێو ئەو پێدەشتە بێ بەرهەمەدا نەدەبینرا، لەکاتێکدا ڕووباری دیجلە لە لێڕەواری پێدەشتەکەیدا تیژڕەوانە بۆ خوارێ دەکشا.

جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە هیچ شتێ هێندەی ئەوە نائاسودەم ناکات لەم جۆرە نیشتیمانانەدا تەنانەت سەوزەگیایەك نەڕوابێ، من لەو سەکۆیەمەوە کە ئاسۆ بەو مەزنییەی خۆیەوە باڵی بەسەر چواردەورماندا کێشابوو، بەهەستێکی گەلێ خەمبارانەوە هاتمەخوارێ.

دواتر چووین بۆ گۆڕەپانێکی دیکە، شوێنەواری بورجێکی دێرینمان بینی بە باشی مابۆوە، واپێدەچوو بۆ شوێنەوارناسان جێگەی بایەخ بێ.

ئەم بورجە شێوەی گومەزی هەیە، بە بەردی داتاشراو و خشتی سورەوەکراو بونیات نراوە، ناو بورجەکە ژوورێکی بازنەیی تێدایە کە داڵانێك چواردەورەی داوە. ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانم بوو لەسەر دەرگاکانی هەردوو دەروازەکە، وێنەی دوو سەری قۆچی بەمۆدیلی بیناسازی یۆنانی هەڵکۆڵراوە.

www.zheen.org

وەڵامی ئەم مەسەلەیە بۆ کەسانێ جێدەهێڵم کە زانیارییەکی پتریان لەم کارانەدا هەیە، ئایا (جزیرە) لەلایەن ژێردەستانی یۆنانییەوە یاخود لەلایەن خاچییەکانەوە دروست کراوە، چونکە بەڕواڵەت خاچییەکان بۆ ماوەیەکی کورت بەسەر شامدا زاڵ بوون.

بەهەر چەشنێك بێ، شوێنەوارەکانی (جزیرە) زۆر سەرنجڕاکێشن و شایستەی ئەوەن پشکنینیان لەسەر ئەنجام بدرێت.

بەلای منەوە کە گەشتیارێکی سادەی بێ زانیاریم و تەنها هەست و بیرەوەری و یادگارییەکانم دەخەمەڕوو، پێموایە پتەویی ئەم شوێنەوارانە و تاشەبەردە سەرنجڕاکێشە ڕازێنراوەکان و نەخش و نیگاری دیوارە بەرزەکانی؛ شیاوی سەرنجن. وەها دەهاتە بەرچاوم ئەم شوێنەوارە دێرینانە کاری هونەرمەندانی خۆرئاوان و لێکچوونیان لەگەڵ بیناسازیی ئیسلامیدا نییە کە بە دارو گڵ دروستی دەکەن.

ماوەی دوو سەعات سەرجەم گۆشە و قوژبنی شوێنەوارەکانمان تەی کرد، زۆرینەی هۆکاری وێرانبوونەکەشی پتر بە دەستی مرۆڤ ئەنجام درابوو نەك سروشت.

من و هاوڕێکانم بڕیارمان دا بۆلای ڕەشماڵەکانمان بگەڕێینەوە، بۆ ئەو مەبەستەش بەنێو تونێڵێکی ژێرزەمینی درێژدا تێپەڕین کە ڕەنگە لە دێرزەماندا پێوەندی بەو بورجەوە هەبووبێ و ئێستاش بووەتە جێگەی هاتوچۆی مەڕومالات.

هاوڕێکەم چەندینجار ئەم دەڤەرەی دیتووە، تەنانەت لە ئێران و هیندستان بەشداری بەرەی جەنگی کردووە، سەرەنجام لە بەغدا ژنی

www.zheen.org

هێناوه. ناوبراو پیاوێکی گەنج و زۆر بەڕێز و پاکوخاوێنە و ئەم وڵاتە بەباشی دەناسیێ. ناوبراو یەکێك بووە لە ئەندامانی لیژنەی کاپتن (شیزنی)[٥٦]، چەندین جار بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دیجلە و فورات هاتووە بۆ ئێرە، ئێستاش سەرقاڵی گەڕانەوەیە بۆ بەریتانیا بەمەبەستی ئەنجامدانی کارە تایبەتییەکانی.

کاتیێ لە بەغدا بووم، میهرەبانییەکی زۆری لەگەڵدا نواندم، زۆر خۆشحاڵ بووم لەگەڵ گرووپەکەمدایە، چونکە ڕێگاکان هێندە دڵنیابەخش نین، ئەویش دەیویست ئەو ئامێرە زۆرانەی لەبەردەستماندایە، لەپێناو تێپەڕبوونماندا بەنێو خەڵکانی بیابانشین و چاوچنۆکدا بەکاریان بهێنیێ.

بەدرێژایی ماوەی گەشتەکەم، کاپتن (ئەیکس) ئەوەی بۆ من خستەڕوو کە زانیاریی لەسەر هەموو شوێنەکان هەیە، هەر ئەو ڕێنمایی منی بۆ نێو کووچە و کۆڵانی شوێنەوارەکان کرد، گوتیشی یەکەمجارم نییە ئەم کارانە بە ئەنجام بگەیەنم.

ئێمە گەیشتینە بەشی خۆرئاوای بورج و شورای شوێنەوارەکە، کەمێکمان بەرەو ڕێڕەوی ژێرزەمینەکە مابوو، لەناکاو لەبەرامبەر دەرگایەکی گچکەدا کە بە ژوورێکی تاریك کۆتایی دەهات، سەرنجم دا کاپتن (ئەیکس) ڕاوەستا و ڕوخساری شێوەیەکی خەمبارانە و نامۆی بەخۆوە گرت.

---

[56] Chesney.

**من تا ئەو ساتەش بەو چەشنە کاپتن (ئەیکس)م نەبینی بوو، هەربۆیە لەلام سەیر بوو و هۆکارەکەیم لێ پرسی.**

**کاپتن (ئەیکس) بە ماتییەوە گوتی:" سێ ساڵ لەمەوپێش و لەم وێرانەیەدا کارەساتێك ڕووی دا، هێشتا لە یادەوەریمدا ماوە. پاشان پارچە پایەیەکی شکاوی نیشاندام تا لەسەری دابنیشم، گوتی: ئەگەر کاتت هەیە ئەوا بەسەرهاتەکەت بۆ دەگێڕمەوە.**

**دیارە من بە حەز و خولیایەکی فراوانەوە ئەم پێشنیازەم پەسند کرد. ئێمە لەسەر ئەو پایە شکاوە دانیشتین، پاش کەمێ بێ دەنگی، کاپتن (ئەیکس) بە خەندەیەکی تاڵەوە وتی:" هەروەك ئەمڕۆ، من هاتمە ئێرە تا بنۆڕمە شوێنەوارەکانی ئەم بینا کۆنانە. تەنها بووم و وابڕیار بوو بەلەمەوانێ من بگەیەنێتە بەغدا، بەڵام بەلەمەکەی هێشتا تەواو نەببوو. خۆت دەزانی ئەم بەلەمانە بە چەند پارچە دارێك دروست دەکرێن کە لەسەر کۆمەڵێك چەرمی پڕلەهەوا دادەنرێن. لەلایەکی بەلەمەکەوە جۆرە چەترێکی تێدا ڕێکدەخەن تا گەشتیاران لەسەری دابنیشن. ئەو کەسانەی بەلەمەکە لێدەخوڕن، بەڕووتی لەسەر تەختەی سەر بەلەمەکە دەخەون. بەلەمەکە زۆر بەخێرایی بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕوا، بەم چەشنە گەشتەکەت لە (٤–٥) چوار تا پێنج ڕۆژ زیاتر درێژە ناخایەنێ، لەکاتێکدا بە ڕێگەی ڕۆیشتن بەسەر زەویدا پتر لە (١٠) ڕۆژی پێ دەچێ.**

کاتێك بەلەمەکەیان بۆ سازدام، چوومە سەردانی فەرمانڕەوای شارەکە و بە میهرەبانییەوە پێشوازیی لێ کردم و داخوازی ئەوەی خستەڕوو کە بەرلە گەشتەکەم نانێکی لەتەکدا بخۆم.

پێشنیازەکەی ئەوم پەسند کرد، چونکە هێشتا کاتمان زۆر بەدەستەوەبوو بۆ شام. هاتمە ئەم وێرانەیە، بەشێکی گرنگی گەڕام و دەمویست بچمە نێو تەلاری ژێرزەمینەکەوە، لەناکاودا سەگێکی گەورە لەنێو ئەم دەرگا گچکەیەدا دەپەڕی و پەلاماری دام تا نەهێڵێ بچمە ژوورێ. سەرەتا خۆم کێشایە دواوە، پاش کەمێ ئارەقەی شەرمەزاریم دەردا و سەرلەنوێ بەرەو دەرگاکە چوومەوە. ئەو سەگە تووڕەیە جارێکی دیکە پەلاماری دامەوە. منیش دەمانچەکەم هەڵکێشا و نەڕاندم ئەگەر ئەم سەگەم لێ دوور نەخەنەوە، ئەوا دەیکوژم.

بەپێچەوانەی ئەو هاوارە توڕەیەمەوە، دەنگی ژنێکم بیست، بانگی سەگەکەی کرد و ئەویش چووە نێو کولانە تاریکەکەوە و ئیدی دەنگم نەهاتە بەرگوێ، بەڵام دوای بیستنی ئەم دەنگە، سەرم سوڕما چۆن دەشێ ئەو دەنگە سازگارە لەم کەلاوە چۆڵەدا بێتەدەرێ. چوومە نێو ئەو کولانە گچکەیەوە و لەنێو تاریکیدا ڕۆچووم.

کاتێ چاوم بە تاریکییەکە ڕاهات، لە سوچێکی ژوورەکەدا کیژێکی تەمەن (١٢ تا ١٤) ساڵەم بینی کە لەسەر ڕووی بڕە کایەك خەوتبوو، ئەو سەگەی کە دەیویست پارچەپارچەم بکا، لەنێو باوەشی خۆی گرتووە.

کاپتن (ئەیکس) درێژەی دایێ: تۆش پێتوایە ئەمە رێکەوتێکی سەرسوڕهێن بووە. ویستم لەو کیژە جوانە بپرسم، بەڵام خۆی هاویشتە بەرپێم و دەستەکانی ڕاموسیم و باوەشی پێداکردم تا زیانی پێنەگەیەنم. دەنگێکی لەڕولاوازی هەبوو، بەجۆرێ کروزایەوە کە بەڕاستی منی خستە ژێر کاریگەرییەوە. دەستەکانیم گرت و گوتم مەسیحیم و بەئێرەدا دەڕۆم و لە ئەورووپاوە هاتووم، نامەوێ زیانی پێبگەیەنم. ئەوەی کە توانیم پێمگوت تا ببمە جێگەی متمانەی.

کیژەکە ماوەیەك بە دڕدۆنگی تێڕاما، چونکە زۆر لاواز ببوو نەیدەتوانی بڕیار بدا، بەڵام بەهۆی هیوابڕاوی و ئەو ناوبانگەش کە ئەورووپییەکان لە خۆرهەڵاتدا هەیانە، سەرلەنوێ پەلاماری پێڵاوەکانمی دا و کروزایەوە جێی نەهێڵم و گوتی دوو رۆژم بە برسێتی بەسەر بردووە و برستم لێ بڕاوە. ویستم بۆ ساتێ جێی بهێڵم و تێشوویەکی بۆ ئامادە بکەم، چونکە زۆر بە برسی دەهاتە بەرچاو، وەلێ بۆ چەند چرکەیەکیش نەیهێشت لێی جودا ببمەوە. ئەو ئومێدەی لە دڵدا بوژابۆوە کە ڕزگاری دەبێت و دەترسا جارێکی دیکە دوچاری ئەو کارەساتە ببێتەوە کە ڕەنجی لەگەڵ کێشاوە، داوای لێکردم لەو شوێنە بیبەمە دەرێ و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕامەوە.

ئەو کیژی سەرۆکی یەکێك لەو گوندانە بوو کە سەربە (جزیرە)یە، ماوەیەك لەمەوپێش سەربازانی (حافز پاشا) کە ئەرکی سەرکوت و دامرکاندنەوەی کوردە شۆڕشگێڕەکانیان لەئەستۆگرتبوو، پەلاماری گوندەکەیان دابوو.

هەموو خەڵکەکە بەرەو چیاکان هەڵاتبوون، ئەم کیژەش ناوی (ئەلیا)یە و لەگەڵ خێزانەکەی خۆیدا پەنایان بۆ شوێنێ بردووە وایانزانیوە جێگەیەکی ئارامە، بەڵام (ئەلیا) لەگەڵ چەند کەس‌وکارێکیدا بڕیار دەدەن بۆ گوندەکەیان بگەڕێنەوە تا کەلوپەلە جێماوەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن کە بەردەست سەربازانی لەشکری عوسمانی نەکەوتوون.

لەبری ئەوەی بچنەوە گوند، دەکەونە داوی کۆمەڵێك چەتەوە کە بەگشتی لە پشت سەربازانی عوسمانییەوە دەهاتن تا گوندە کوردییەکان تاڵان و چەپاوڵ بکەن. (ئەلیا)ش لەلایەن سەربازێکەوە بەدیل دەگیرێ، سەربازەکە بەڵێنی دەداتێ ئەگەر شوێنی خێزانەکەیان پێ بڵێ ئەوا دەیباتەوە بۆلای خێزانەکەی خۆی. پاشان کیژۆڵەکە هەڵدەداتە سەرپشتی ئەسپەکەی و بەدرێژایی شەو ڕێگا دەبڕێ، دوای خۆرهەڵاتن چەند سەعاتێ پشوو دەدەن و سەرلەنوێ بە ڕێگەدا دەڕۆن. هەر بۆیە "ئەلیا" هەست دەکات سەربازەکە بەو ڕێگایەدا ناڕوات کە ئەم نیشانی داوە تا بگەنە خێزانەکەیان. هەرچەند (ئەلیا) لە سەربازەکە دەپاڕێتەوە تا ئازادی بکات، هیچ ئەنجامێکی نابێت و سەربازەکە پێی دەڵێت: من خاوەنی تۆم و هەر فەرمانێکم بەسەردا سەپاندیت، دەبێ جێبەجێی بکەی.

بەدرێژایی شەو بە ڕێگاوە دەبن، ڕۆژی دواتر دەگەنە (جزیرە)، ئەم سەربازە دڕندەیە هەرلەوێ کیژەکە دەباتە لای پیرەمێردێکی تورك و بە

www.zheen.org

(٤٥٠ پیاستەر)[57] پێی دەفرۆشێ. پیرەمێردەکەش بەهۆی نەبوونی سەروەت و سامانەوە، تەنها لەگەڵ پیرەژنەکەیدا ژیان دەباتەسەر. ئەم پیرەژنەش بەهاتنی کیژێکی جیحێڵ و گەنجتر بۆلای مێردەکەی بەتەواوەتی جاڕس دەبێت، بەشێوەیەکی بەدڕەفتارانە و وەك کارەکەرێك مامەڵە لەگەڵ کیژەکەدا دەکات.

دوای تێپەڕینی شەو و ڕۆژێك، کیژەکە هەست دەکات درەنگ یاخود زوو لەژێرباری ڕەنج و مەینەتیدا لە پەل‌وپۆ دەکەوێ، بڕیاری هەلاتن لەو ماڵە دەدا. شەوێ لەو ساتەی پیرەژنەکە فەرمانی بەسەردا دەسەپێنێ کە بڕوا و لە ڕووباری دیجلە ئاو بهێنێت، ئەلیا بە هەلێکی زێڕینی دەزانێ و هەڵدێ و دەچێتە ناو ئەم کاولە خانوەوە، خۆی لەو ژوورەدا حەشار دەدات کە من باسم کرد، چونکە دەیزانی ئەگەر لێرە بچێتەدەرێ، ئەوا دەستگیری دەکەنەوە، حەز دەکات هەر لەو کاولە خانوەدا بمرێت نەك پیرەمێرد و پیرێژنەکە ئازارو ئەشکەنجەی بدەنەوە.

ئەم کیژە وێڕای برسێتی، لە چاوەڕوانی مردندا لەو کەلاوەیەدا دادەنیشێ تا بەڵکو خودای مەسیح (چونکە ئەلیا هەروەك زۆرینەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە مەسیحی بووە)، یارمەتیی بدا و کۆمەکی بۆ بنێرێ.

هەرچەندە بەپێی گوتەکانی (ئەلیا) دەربارەی خۆی، پێموایە دەربازکردنی ئەو بێ دەردەسەری نابێ، دەمزانی بەپێی یاساکانی تورك، ئەو مەسیحییانەی پێوەندییان بە کچانی مووسڵمانەوە هەبێ

[57] پیاستەر جۆرە دراوێکی کۆنی ئیسانییە. (و.ك)

ئەوا بە مەرگ سزا دەدرێن، منیش نەمدەتوانی بیسەلمێنم (ئەلیا) مەسیحییە. بەم حاڵەوە بەئەرکی سەرشانی خۆم دەزانی دەربازی بکەم، هەرگیز ئەوە بە خەیاڵمدا نەهات لەو شوێنەدا (ئەلیا) بەو دۆخە پڕ مەینەتییەوە جێ بهێڵم.

بەرەو نزیکترین شوێنی ڕووباری دیجلە و بۆ لای ئەو کەسانە ڕۆیشتم کە سەرقاڵی سازدانی بەلەمەکەم بوون، کرێکارەکان سەرقاڵی کار بوون، بە دەست ئاماژەم بۆ یەکێك لە کرێکارە دڵسۆز و بە وەفاکانم کرد و پێمگوت بەبێ ئەوەی کرێکارەکانیدیکە بزانن، ئەو کچە بخەرە بەلەمەکەوە تا ڕزگاری بکەم. سەرەتا کرێکارەکەم نارد بۆ خواردن، قاوەڵتیم بۆ ساز کرد و بڕێکم دایە ئەلیا تا هێز و بڕستی لەدەستچووی بۆ بگەڕێتەوە. پاشان نۆکەرەکەمم بۆلای فەرمانڕەوای ئێرە نارد تا ئاگاداری بکەمەوە نانی ئێوارە لەگەڵ ئەودا ناخۆم و بڕیارم داوە ئەو ماوەیەی لەبەردەمدایە، بە بەلەمەکەمەوە سەرقاڵ ببم".

کاپتن گوتی: ئای ئەگەر دەزانی لە ساتی سواربوونی بەلەمەکەمدا چیم بەسەرداهات!. کاتێکم بۆ ڕۆیشتن دەستنیشان کرد کە بە گشتی تورکەکان لەو ساتەوەختەدا دەخەون، بەڵام دەمزانی ئەگەر یەك کەس هەتا منداڵێکیش، من ببینێ ئەوا لەوانەیە ڕووداوێکی ناخۆش بێتەگۆڕێ. هەروەك گوتم، پێم وابوو لەلایەن خوداوەندەوە بۆ قوتاردانی ئەو کیژۆڵەیە ڕاسپێردراوم و بەرپرسیارێتیی هەر کارەساتێکیش ئەگەر ڕوویبدایە، دەمخستە ئەستۆ.

www.zheen.org

(ئەلیا) لەکاتێکدا دەلەرزی، کۆڵوانەکەی پشتم تێوەپێچا. بەنێو ئەو سەرەونشێوییەی بۆ دیجلە دەچوو، کەوتمە ڕێ. هەر هەنگاوێکم دەنا، خورپەیەکی لەنێو دڵم دەدا. سەرەنجام دوای چارەکە سەعاتێ کە پێموایە سەدەیەکی خایاند، گەیشتمە بەلەمەکەم و گوریسەکەیم کردەوە چونکە بە کەناری ڕووبارەکەوە شەتەکم دابوو، تیژڕەویی ئاوەکە ئێمەی لە مەترسی قوتار دا.

چەند سەعاتێ دواتر، خێرایی ئاوەکە ئێمەی بە تەواوەتی لە (جزیرە) دوورخستەوە و خەیاڵم پشوویەکی دا. پێموابوو ئەو کیژە بەدبەخت و چارەڕەشەم لە مەرگ پەڕاندۆتەوە و لە ناخمدا هەستم بە ئاسودەیی دەکرد. ڕوخساری مەزڵومی ئەم کیژۆڵەیە، منی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە. غەمی نێو چاوە ڕەش و قەشەنگەکانی و پرچ و ئەگریجەی سەر ڕوخساری، هەروەک دیمەنێکی هێندە جوان خۆی دەنواند کە نمونەی کیژێکی خۆرهەڵاتیانەی دەردەخست.

لەو ساتەدا کاپتن دەنگی بڵندتر کردەوەو درێژەی دایێ:"هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات تێڕوانینێکی خۆپەرستانەم بۆ ئەو هەبێ و لە بەهای ئەم خزمەتەم کەم بکەمەوە. خۆم بە کەسوکاری (ئەلیا) دەزانی و بڕیاری لێبڕاوانەم دابوو بە پێچەوانەی ئەوەی بچم بۆ بەغدا، ئەو بخەمە ژێربالّی پشتیوانیی کونسوڵخانەی وڵاتەکەمەوە، بەڵام چی بێ لە تۆ نهێنی! (ئەلیا) بە چاوی خاوەنێکەوە کە چارەنووسی ئەوی دەستنیشان کردووە، لە منی دەنۆڕی. سوپاس و ستایشی بێکۆتای

www.zheen.org

دەکردم. لەم خۆرهەڵاتەدا ژنان خۆیان بە بەشێکی دانەبڕاوی پیاوان دەزانن، وەها دەردەکەوت ئەویش خۆی بە موڵکی من بزانێ.

دۆخێکی دژوار هاتە ئارا، پێمواننەبوو بتوانم لەم فیداکارییە بێ وێنەیە سەربڵندانە دەربازم ببێ. خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، بەدڵنیاییەوە تۆش بەم ڕێگایەدا گوزەرت کردووە و بینیوتە ئاوابوونی خۆر چەندە ڕازاوەیە. لەو ساتەدا تیشکی خۆر دەدرەوشایەوە و لە ئاگردانێك دەچوو لەژێر زەبری چەکوشێکدا بێ، بەڵام ئەو هەموو قەشەنگییە لە ساتێك زیاتر ناخایەنێ و پاش کەمێ هەموو شتەکان لەنێو تاریکیدا ڕۆدەچن.

وڵاتانی ئەوروپایی ساتێکیان لەنێوان ڕۆژ و شەودا هەیە کە نە ڕۆژە نە شەو. لە خۆرهەڵاتی زەوی، تاریکی راستەوخۆ لەدوای خۆرئاوابوونەوە دێت و هەموو لایەك دەگرێتە باوەش. ئەو جموجۆڵە کورتەی کاتی ڕۆژ لەم دەڤەرە هەیە، لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا بەگشتی لەنێودەچێ و هەموو لایەك دەچنە نێو بێدەنگییەکی قووڵەوە، هەروەك بڵێی پەردەی ژیان دادرابێتەوە.

بەلەمەوانانی دیجلە لەڕووی تەمەڵییەوە یاخود بۆ خۆپاراستن لە زیخ و چەوی کەناری ڕووبارەکە کە لێخوڕینی بەلەم دژوار دەکەن، دابونەریتیان بە چەشنێکە لە شەودا هاتوچۆ ناکەن و ناتوانرێ ناچاریشیان بکەی دوای ئاوابوونی خۆر، درێژە بە بەلەمەوانی بدەن. هەربۆیە پێشنیازی ئەوەیان بۆ خستمەڕوو لە بەردەڵانێکی لێواری ڕووبارەکەدا ڕابوەستین. شوێنەکە شێوەی لە بەندەرێکی سروشتی

دەچوو، ئێمەش لەم پەناوپەسێوەدا کە شەپۆلەکانی ئاوەکە هیچ کاریگەری بەسەرەوە نەبوو، پشوومان دا.

گەرما و ناڕەحەتی منی شپرزە کرد، دەمویست تا هەواکە بەتەواوەتی تاریک نەبووە، خۆم بشۆم. هاتمە لای (ئەلیا) و پێمگوت لە بەلەمەکە نەیێتەدەرێ، دەترسام یەکێك لە دانیشتوانی ناوچەکە بیبینێ. کەمێ دواتر، لەسەرووی بەرزاییەکەوە کە درێژایی دیجلەی لێ دەبینرا، چوومە نێو ئاوەکە.

کاتێك هاتمەوە لێواری ڕووبارەکە، (ئەلیا)م بینی بەرەو لای من هەڵدەهات، بەهۆی دیارنەمانی منەوە ناڕەحەت ببوو و هاتەلام تا بمبینێ، بەڵام لەو سەرپێچی و بێ گوێیەی تووڕە نەبووم. خۆشحاڵی ئەو بەهۆی بینینی منەوە و ڕەفتاری ڕێزدارانەی لەگەڵمدا، بە چەشنێ بوو کە پەشێوییەکەی خۆمم شاردەوە.

لە کەناری ڕووبارەکە نزیك بووینەوە و لەژێر درەختێکدا دانیشتین کە گەڵا هەڵوەریوە ڕەنگ زەردەکانی پەرت وبڵاو ببوونەوە و دەدرەخشانەوە.

ساتێ لە جوانیی ئەم دیمەنە تێپەڕی، لەناکاودا دەنگی ئێمە گەیشتە گوێی ڕێبوارێك کە بەو ناوەدا تێدەپەڕی، پاش کەمێك دوو پیاومان بینی، یەکێکیان جلوبەرگی سەربازیی لەبەردابوو. ئەوان ئێمەیان نەبینی، بەخۆپارێزییەوە هەنگاویان دەنا هەروەك بڵێی بنۆڕنە بەلەمەکەی ئێمە، چونکە بە ماتەماتەوە لە چواردەوریان دەڕوانی، هەستم کرد پیلانێکیان لەژێر سەردایە. (ئەلیا) لەناکاودا بە

پەرێشانییەوە گوتی: ((ئەمە هەمان ئەو پیاوەیە منی فرۆشت و ئەویتریشیان پیرەمێردەیە کە منی کڕی)).

منیش تا ئەو ساتەش دڵی (ئەلیا)م دەدایەوە و پێم دەگوت هەرگیز جێت ناهێڵم، بە ئەسپایی لە جێگەکەم ڕابووم، نازانم ئەو دوو پیاوە منیان دیتبوو یاخود بەڕێکەوت بەرەو لای ئێمە هاتن، سەرەنجام هێندە لە ئێمە نزیك بوونەوە کە دەمانتوانی یەکتر ببینین. یەکسەر بەرەو لای ئێمە هاتن و پیرەمێردەکەیان بە منی گوت: ((ئەی مەسیحی سەگ، لێرە لەگەڵ ئەو کچەی موڵکی مندا چی دەکەی؟. من پێموت ئەمە کچی تۆ نییە ... دەزانم هەقی تۆ چییە ... بە هەرحاڵ پێویست بە زۆرگوتن ناکا، ئەگەر پارەت دەوێ دەتدەمێ ئەگەرنا ئاگادارت دەکەمەوە کە بەرگریی لەم کیژە دەکەم)).

ئەو پیاوەی لەگەڵ پیرەمێردەکەدا بوو گوتی: ((مردن بۆ مەسیحی!)). دوای ئەو گوتەیە، دەمانچەی لەبەر پشتێن هەڵکێشا و سێرەی لە من گرت، بەڵام منیش دەستبەجێ گوللەیەکم پێوەنا. گوللەکەی ئەو بەپەنامدا تێدەپەڕی بەڵام بینیم (ئەلیا) بەسەر ئەژنۆمدا کەوتووە و دەلەرزێ. بەداخەوە ئەو گوللەیەی بەر من نەکەوت، لەسەر دڵی (ئەلیا)ی دابوو، ناڵاندی و کەوتە سەرزەوی. کاتێ ویستم (ئەلیا) لەسەر زەوییەکە بڵند بکەم، پیرەمێردەکە گوللەیەکی تەقاند و خۆشبەختانە چەکەکەی وەستا، منیش بە دواگوللە ئەوم لەپەنا لاشەی هاوڕێکەیدا گەوزاند.

www.zheen.org

دەنگی تەقە، خەڵکەکەی بۆ شوێنەکە ڕاکێش کرد، خوێنێکی زۆرم لەبەر ڕۆیی و لەپەنا لاشەی (ئەلیا)دا بێهۆش کەوتم. منیان بەئاستەم هێنایەوە هۆش، کاتێ چاوەکانم هەڵێنا، جەستەی بێ گیانی کیژۆڵەکەم لەتەك خۆمدا بینی و زۆر بۆ ئەم کارەساتە گریام. (ئەلیا)م لەنێو چاڵی پەنا درەختێکدا بەخاك سپارد، سپێدەی ڕۆژی دوایی کەوتینە ڕێ و دوای سێ ڕۆژ گەیشتمە بەغدا.

لەو ساتەدا کاپتن لەکاتێکدا گردۆلکەیەکی ڕەشی بە من نیشان دەدا، گوتی: ((ببینە، لەو شوێنەدا ڕووداوەکە قەوما. سێ ساڵ بەسەر ئەو ڕۆژەدا تێدەپەڕێ، وێڕای ئەوەش بەچاوی خۆت دەبینی یاد و یادەوەریی ئەو کارەساتە هێشتا لام هەر زیندووە)).

لێرەدا کاپتن بێدەنگی دایگرت و دوو دڵۆپ فرمێسك زایە نێو چاوەکانی، ئێمەش لەنێو ئەو بێدەنگییەدا هەمان ڕێگەمان گرتەبەر کە کاپتن و ئەلیا پێیدا ڕۆیشتبوون.

هەمان شەو لەکاتێکدا دەمویست سواری ئەسپەکەم ببم، سەگێکی هەوشار هاوشێوەی سەگی (کۆس) کە لە بەریتانیا زۆرن، بە پەنا مندا تێپەڕی و بەحاڵەتێکی خەمناکانەوە بۆنی پێی ئەسپەکانمی دەکرد. من هێشتا بە بیستنی چیرۆکەکەی کاپتن وڕو کاس بووم، سەگەکەم نەوازش کرد و لە یەکێك لە هاوکارەکانم پرسی ئەم سەگە هی کێیە؟. گوتیان هی کاپتن بەریتانییە. بە کاپتنم گوت ئەم سەگەت لە هیندستانەوە هێناوە؟، ئەو سەری بادا و گوتی: ((نەخێر، ئەمە هەمان سەگەکەی (ئەلیا)یە و سێ ساڵە لە من دوور نەکەوتۆتەوە)).

www.zheen.org

* **ئەزاك**

**ڕۆژی (١٥ی ئاب) جزیرەمان جێهێشت، بەرەو گوندە گچکەکەی (ئەزاك) ڕۆیشتین کە بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر کەوتۆتە بەندەنێکەوە. ئەو ڕێگایەی کە ئێمە گرتمانەبەر بەردەلاّن بوو، ڕۆیشتنی ئەسپەکانی زۆر دژوار دەکردین. بەسەر چەند چیایەکی سەختدا هەڵزناین، ئێسترەکانمان لەسەر ئەو گاشەبەردانە هەڵدەخلیسکان و زامدار دەبوون. وێڕای ئەوەش ئەم دەڤەرە بە پیت وفەڕ دەهاتە بەرچاو، چونکە ئەو پادشایەی لەوێ حوکمڕانی دەکرد، خەڵکەکەی لە ئارامییەکی ڕێژەیی دا دەژیان.**

**دانیشتوانی ئەم ناوچەیە خەڵکی شامن و ئەو مەسیحیانەن لە ترسی پادشای دیاربەکر، پەنایان بۆ ئێرە هێناوە.**

**ئێمە لە دەوروبەری گوندەکەدا کێڵگە و ڕەزێکی زۆرمان دیت و ترێی باشی هەبوو. گەورەیی و کێشی هەندێ لەو بۆڵە ترێیانە، منی خستەوە یادی ترێی زێد و نیشتیمانی خۆمان. بەو حاڵەشەوە خەڵکی ئەم ناوچەیە لە دۆخێکی خراپدا دەژین.**

**دۆڵی (زاك) لێوانلێوە لەو تاشەبەردانەی بەهۆی پلەی بەرزی گەرماوە ڕەش داگەڕاون، لێرە لافاو و کانیاویش نابینرێت، تەنها سەرچاوەیەکی ئاو کە خەڵك بەکاریدەهێنن، بەنێو گوندەکەدا ڕادەبورێ و تینوێتیی خەڵکەکە دەشکێنێ.**

**ڕۆژی دواتر کاتێ سواری ئەسپەکەم بووم، هاولاّتییەکی ئێرانیم بینی و گوتی (عەلی شا)ی ئامۆزای شای ئێران و هاوڕێکەی (١٥) ڕۆژە**

www.zheen.org

دەیانەوێ تۆ ببینن، هەر لەو ساتەدا شازادە و دوو براکەیم بینی بەرەو لای من دەهاتن. ئەو دەچووە بەغدا و دەیویست لە ڕێگەدا ببێتە هاوڕێم.

دەستبەجێ فەرمانم دا قاڵیچەیەك لەژێر درەختێکدا ڕابخەن کە نسێی بەسەر ئارامگایەکدا کردبوو، پێکەوە باسی ئێران و ڕووداوەکانی نێو ئەو گەشتەمان کرد. ناوبراو بۆی باس کردم کە چۆن دوای ئەوەی لە قەڵای (ئەربیل) لەلایەن برازاکەیەوە خراوەتە زیندان، دیواری زیندانی شکاندووە و پەنای بۆ ڕووسیا بردووە.

پاشان باسی گەشتەکانی خۆی بۆ مەککە و قودس کرد، سەرەنجام گوتی بڕیارمداوە لە بەغدا بمێنمەوە تا وێڕای چاودێریی کاروباری ئێران، هەوڵ بدەم کارەکانی وڵاتەکە باشتر بکەم.

هەروەکچۆن مەحاڵە ئێرانییەك ببینی بەبێ ئەوەی داوای شتێکت لێ بکات، عەلی شا کاتێ منی بەجێ هێشت، بڕە چایەکی لە من خواست، چونکە دەیگوت چای پێنەماوە. ئەمجارە منیش ئەو چایەی لە کیسەکەمدا مابۆوە، لەگەڵ ئەو ئەندامەی بنەماڵەی قاجارەکاندا برابەش کرد، خۆشحاڵ بووم لەوە زیاتری نەخواست.

وێڕای ئەمەش شازادە بێ سەروەت و سامان نیم، چونکە دەیگوت ڕووسیا ساڵانە سەد هەزار پاوەندی دەداتێ بەمەرجێ کێشە بۆ پادشای ئێستای ئێران نەخوڵقێنێ. ئەویش ئەم مەرجەی قبوڵ کردووە و ڕاستگۆیانە ڕێزی لە بەڵێنەکەی گرتووە، تا ڕۆژێ بەریتانیەکان پێشنیازی ئەوەیان بۆ کردووە کە مانگانە دوو سەد هەزار پاوەندی دەدەنێ بەومەرجەی پەلاماری ئێران بدا.

به هەرحاڵ چارەنووسی ڕکابەرەکەی محەمەد پاشای ئێران هەرشتێك بێ، کاتێك ئێمە لێی جودا بووینەوە، زۆر بووینە دۆستی یەکتر، بەبێ ئەوەی گاڵتەمان لەتەکدا بکات، گوتی: ئەگەر ڕۆژێ تاج و تەختی ئێرانم بەدەستهێنا، خوازیارم گەشتێ بۆ ئێران بکەیت.

منیش بەبێ گاڵتەوگەپ و ڕووشاندنی هەستی دۆستانەی، سوپاسگوزاریم دەربڕی و هەرکاممان ڕێی خۆی گرتەبەر.

ڕێگەکەمان ئاسانتر نەبوو، چونکە هەمیشە بەنێو بەردەڵاندا دەڕۆیشتین، هەمیشە بە چیاکاندا هەڵدەزناین و دەهاتینەوە خوارێ.

یەکێك لەو چیایانە بە داربەڕوو سپی ببوو کە مازووی لێ بەرهەم دێنن و لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا کڕیاری هەیە. لەبەرئەوەی پڕبەهاترین بەشی ئەم دەڤەرە مەسیحییەکانی تێدا نیشتەجێیە، کێڵگەی کشتوکاڵی زیاتری لێ دەبینرێ.

بنکەی ژین
www.zheen.org

* باسبینا[58]

لە باسبینا ڕەشماڵەکانمان هەڵدا، گوندێکە دانیشتوانەکەی لە (٦٠٠) کەس پتر نییە و لەنێو بەردەڵانێکدایە کە بەسەر پێدەشتێکدا دەڕوانێ. ڕۆژی دواتر (٧) حەوت سەعات ڕێگەمان بەنێو چیاکاندا بڕی، بەرزییەکانی لەو شاخە زیاتر بوو کە شەوی ڕابردوو پێیدا تێپەڕین.

ئێمە چەندینجار بەنێو پۆلە داربەڕووی دارستانێکدا ڕۆیشتین، بەڵام لەبەرئەوەی درەختەکان کورت بوون، سێبەرێکی ئەوتۆیان نەبوو.

---

[58] Basbina.

پلەی گەرماکە دابەزی بوو، ئێمەش تەنها پاشنیوەڕۆیان بەرێگەدا دەڕۆیشتین، بەجۆرێك زۆرجاران بەرلە هاتنی شەو دەگەیشتینە ڕەشماڵەکانمان.

ئەم شێوازی ڕێگەبڕینە کەمتر ماندووت دەکات، فرسەتی بۆ دڕەخساندین بنۆڕینەی ژینگەی دەوروبەریشمان.

دانیشتوانی ئەم ناوچەیە تێکەڵن لە پێڕەوانی سەرجەم ئەو مەزهەبانەی لە خۆرهەڵاتدا هەن وەك: مووسڵمان، کاتۆلیك و هەندێکی دیکەیان سەربە مەزهەبە جوداکانی ئایینی مەسیحین، بەڵام پەیڕەوانی ئایینی مەسیحی لەم ناوچەیەدا زیاترن، تێپەڕینی ئێمە بەنێو ئەواندا هەروەك ڕۆژی جەژن لێیان دەنۆڕی.

* میدیا[59]

دانیشتوانی (میدیا) کە ئێمە لە شەوی (١٨)ی ئابدا پشوومان لەلایان دا، موسڵمان بوون. هەرچەندە ئەو مووسڵمانانە لەنێو یەعقوبیەکاندا دەژیان، بەڵام لەلایەن ئەوانەوە هیچ ئازارێك نەدەدران.

ئەمەش کارێکی سەرسوڕهێنە کە وێڕای ناکۆکی مەزهەبی، دانیشتوانی ئەم ناوچەیە بە ئاشتیانە و بەخۆشگوزەرانی لەتەك یەکتردا ژیان دەگوزەرێنن.

---

[59] Mediah.

له نزیك ئەم گوندەوە، (٢٠٠ تا ٣٠٠) مەسیحیم بینی لە زیارەتی (سەن گابریێل) دەهاتنەوە و ئارامگاکەی لەو دەوروبەرەدایە. ئەم مەسیحیانە بەنێو مووسڵمانەکاندا تێپەڕین بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ بگەیێنرێ.

ئەسپەکانمان زۆر شەکەت و ماندوون، ئێمەش ئەمڕۆ لە (٤) سەعات زیاتر بە ڕێگەدا نەڕۆیشتین، لە (شاریسپا)[60] پشوومان دا کە گوندێکی مەزنی نێو ئەو چیایانەیە.

ئەو دانیشتوانە مووسڵمانەی لەم ناوچەیەدا دەژیان، زۆر چوست و چالاکن، هەمان گوتەش بۆ گوندەکانی (کەلاتا)[61] و (کوردیلیك)[62] هەر ڕاستە کە ڕۆژانی دواتر تێیدا حەواینەوە.

دەوروبەری ئەم گوندانە، بە لێزانییەوە داچێنراون و دەوروبەری دۆڵەکانیش بە دارودرەختی بەڕووی سەوز داپۆشراوە.

پادشاکانی ئەیالەتەکانی دەوربەری ئێرە، ترسیان لە قارەمانێتی و هەستی سەربەخۆخوازیی ئەم کوردە چیانشیانە هەیە، خەڵکی ئەم دەڤەرە هەروەك دانیشتوانی پێدەشتەکان نەکەوتوونەتە بەردەم ئازار و ئەشکەنجەوە. بەهۆی ئەم فاکتەرەوە هەستێکی ئازادیخوازیی و بەخۆنازین لەنێویاندا دەبینرێ.

---

[60] Charispa.
[61] Kellata.
[62] Kordilik.

ڕۆحی دانیشتوانی ئەم دەڤەرە سەخت و توندوتیژە، بەپێچەوانەی دانیشتوانی پێدەشتەکانەوەن، نیشانەی دیلێتی و بەندایەتی لە ڕوخسارییاندا نابینرێ.

ئێمە زۆر زوو (کوردیلیك)مان بەجێ هێشت، بەڵکە بتوانین شەو لە شاری دیاربەکری پایتەختی کوردستان بخەوین، وەلێ تەنها دوای (١١) یانزدە سەعات ڕێگەبڕین گەیشتینە ئەو شارە.

سەرلەنوێ هەوا گەرم داهات، بەجۆرێ لەنێو ڕێگەدا پیاوێکمان بینی بەهۆی بەرزیی پلەی گەرماوە گیانی سپاردبوو. ئێمە بەم دۆخەوە چووینە نێو دۆڵێکی مەزن، زەویەکانی بەتەواوەتی داچێنراوە و چەند گوندێکی دیکەشی لێ دەبینرا. ئاوێکی بەخوڕی پێدا تێدەپەڕی، ببووەمایەی سەوزیی دەڤەرەکە.

کاتێ لە دۆڵەکە هاتینە دەرێ، بە ناچارییەوە بە بەرزاییەکی سەختدا هەڵزناین کە تاشەبەردەکانی زل و دۆڵەکانیشی قووڵ بوون. بە ماندوێتییەکی زۆرەوە ڕێگەکەمان بڕی تا سەرەنجام چووینە نێو دۆڵی دیجلە، ئەم ڕووبارە کە لە (جزیرە) جێمانهێشت، جارێکی دیکە هاتەوە ڕێگەمان. ژمارەیەکی زۆری گوند لە هەردوولای ڕووبارەکە بەرچاو دەکەون، هەندێ لەو گوندانەمان بەجێ هێشت بەڵام لەبەرئەوەی شەوەکەی زۆر تاریك بوو، سەگوەڕ وەڕس و بێتاقەتی کردین.

چاوساغەکەمان لەنێو تاریکیدا ڕێگەکەی بزر کرد، لەبری ئەوەی بەرەو ڕەشماڵەکان بمانبات، ئێمەی بردە جێگایەك کە چەند لقێکی ڕووباری دیجلەی پێدا دەڕۆیشت. لەم ڕێگایەوە ئێمە بە ئاڕاستەیەکی

دیکەی شاری دیاربەکردا ڕۆیشتین، بەنێو گۆڕستانێکدا گەیشتینە یەکێك لە دەروازەکانی شارەکە.

دیاربەکر شارێکی پۆلاییینە، لەو سەعاتەی شەودا کە ئێمە گەیشتینە دەروازەکانی شارەکە، کەس نەیدەتوانی پاسەوانانی دەروازەکە وەئاگا بهێنێ. هەربۆیە لەسەر کێلەبەردی گۆڕستانەکانی ئەو دەوروبەرە دانیشتین، هەندێکیشمان بەرەو لای ڕەشماڵەکانمان چوون.

سەرەنجام لەنێو درەختەکانەوە کەمێ ڕووناکی وەدەرکەوت، پاش کەمێك بە شوێنماندا هاتن. بەناچارییەوە بەنێو لێژاییەکی مەترسیداردا کەوتینەڕێ کە بەرەو ڕووباری دیجلە دەچوو. بەلامەوە جێگەی سەرسوڕمان بوو چۆن ئەسپەکانمان بەم نشێوییەدا چوونە خوارێ. پاشان لە بواری یەکێك لە لقەکانی دیجلەدا پەڕینەوە، ئاوەکە تا سنگی ئەسپەکانمان دەهات.

دواجار گەیشتینە ڕەشماڵەکانمان، بۆ ئەو مەبەستەش ڕێگایەکی پڕ لە مەترسی و ماندوویێتیمان بڕی بوو.

www.zheen.org

* **دیاربەکر**

دانیشتوانی شاری دیاربەکر (٢٠ تا ٢٥) هەزار کەسە، پایتەختی کوردستانی عوسمانی و ناوەندی ئەو مەسیحیانەیە کە لەم دەوروبەرەدا نیشتەجێن. (٣,٠٠٠) سێ هەزار کاتۆلیك، (٢,٠٠٠) دوو هەزار شامی و دوو ئوسقوفنشینی تێدان.

شارێکی بازرگانییە، ناوەندی پێوەندی نێوان ویلایەتە تورکەکانە لەگەڵ قوستەنتەنیەدا.

لەم شارەدا ڕێگاکانی قوستەنتەنیە، سووریا و ئەرمەنستان پێك دەگەن. ئەو ڕێگا بازرگانییەی لەنێوان دوو ناوچەدا هەیە، بە ناچارییەوە بەم شارەدا تێدەپەڕێ و بازاڕەکانی پڕ لە کاڵان.

بارودۆخی ئەم شارە زۆر سەرنجڕاکێشە. لە سێ لاوە دەشتێکی بەردەڵان دەورەی داوە، لە لای چوارەمییەوە بە دۆڵی دیجلە کۆتایی دێت و بەتەواوەتی بەسەر ڕووبارەکەدا دەڕوانێ.

لەنێو ئەو گاشەبەردانەدا کە بەسەر نشێوییەکدا دەڕوانێ، دیاربەکری تێدا بنیات نراوە. بەرزی حەسارەکەی بەپێی بەرزیی و نزمی زەوییەکەی، ئەویش بڵندی و نزمی تێکەوتووە. باڵندەی هەڵۆ و داڵاش هەمیشە بەسەر دیجلەدا دەخولێنەوە و لەوێ لوقمەنانی خۆیان دەدۆزنەوە. ژمارەی ئەم باڵندانە هێندە زۆرن کە ڕۆژێ لە کەنارەکانی ڕووبارەکەدا ڕەشماڵمان هەڵدابوو، ژمارەیەکمان لێ کوشتن.

بەرهەمی شوتی کێڵگەکانی کەناری شارەکە، لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا زۆر بەناوبانگە، ئەم بەرهەمەش لەو خاکە بەپیتوفەڕەی ئێستا پێدا دەڕۆین، گەلێ نایابن. پیتوبەرەکەتی خاکەکەش قەرزارباری ڕووباری دیجلەیە، چونکە تا لەو دۆڵەی دیجلەی پێدا دەڕوا دوورتر بکەوینەوە، سەوزایش بەرەو کەمی دەچێت و سەرلەنوێ خاکەکە بەشێوەی بیابانێ دێتە بەرچاو.

ڕۆژی (٢٧)ی تەمموز چووینە ناوشارەکە و کووچە و کۆلانەکانیمان بینی. لە هەموو شوێنێکدا کار و چالاکییەکی زۆر دەبینران، لە بازاڕەکاندا خەڵکانێکی زۆر لە هات‌وچۆدان. ناوچەکەکانی ئەم دەوروبەرە سەربە (محەمەد عەلی)ن. لەبەرئەوەی شارێکی سەرسنوورییە، (٣,٠٠٠) سێ هەزار سەرباز بەسەرکردایەتی پادشایەکەوە، ئەرکی پاراستنی شارەکەیان پێسپێردراوە. ئەم ئەفسەرە ساتێ هەواڵی هاتنی منی بیست، هات بۆ بینینم و گوتی: هەر خزمەتێکتان پێویستە، ئەنجامی دەدەین.

ڕەفتاری ئەو ئەفسەرە نیشانی دەدا کە ئێمە ئیدی دەچینە نێو ناوچەیەکی شارستانیترەوە.

پشوودانی ئەمڕۆمان بە لای منەوە زۆر چێژبەخشە چونکە کەش‌وهەوا خۆشە، چووینە نێو کێڵگەی جۆراوجۆریش.

بەم چەشنە لە رۆژی (٢٢)دا ماڵئاواییم لە هاوڕێ ئینگلیزەکانم کرد، چونکە ئەوان بۆ گەیشتن بە ئەورووپا بڕیاران دا ڕێگای دەریای ڕەش هەڵببژێرن، چونکە دەیانگوت ئەو ڕێگایە دڵنیاتر و قەدبڕە. ئێمەش بەرەو شام کەوتینەڕێ، چونکە پێمانوایە لە ناوچەکەی (محەمەد عەلی)دا ئاسایشمان زیاترە بەرقەرارە.

سەرەڕای ئەوە، دەمویست بەرەو دیمەشق و قودسیش بڕۆم، پاشان لە ئەسکەندەروونە سواری کەشتی ببم. لە دڵی خۆمدا دەمگوت ئەم ڕێگای گەشتە، کارەکانم کامڵتر دەکات و زووتر دەگەمەوە فەرەنسە، بەڵام ئەو پێشهاتانەی دواتر ڕوویان دا، بۆچوونەکەی گۆڕیم.

به هەرحاڵ ئێمە دوای جێهێشتنی دیاربەکر، بەرەو حەلەب کەوتینەڕێ و کۆمەڵێك بەرزایمان بڕی، بیناکانی دیاربەکر دەکەوتنە لای ڕاست و ڕووباری دیجلەش لەلای چەپمانەوەیە.

ئێمە بەنێو باغ و باغچەکانی کەنار دیجلە و بەژێر نسێی دارودرەختە چڕوپڕەکانیدا کەوتینە ڕێ، دوانیگام بڕییە ئەو ڕووباری دیجلەیەی لە بەغداوە هاوڕێمانە. حەسارە بازنەییەکەی شاری دیاربەکر وردە وردە لە پێش چاوانمان بزر بوو، سەرلەنوێ بەنێو بەردەڵانێکدا ڕۆیشتین کە هیچ سەوزاییەکی لێ نەڕواوە.

*** مەزیرە[63]**

ماوەی (٤) چوار سەعات بەنێو بەردەڵان و بەسەر تاشەبەرزە نوك تیژەکاندا ڕێگەمان بڕی، تا درەنگانێکی شەو گەیشتینە (مەزیرە).

ڕەشماڵەکانمان هەروەك (کاراباچی)[64] کە مەنزڵی سبەینێمان بوو، لە ناوچەیەکی وشکەڵاندان. لەبەرئەوەی لەنێو سنووری حوکمڕانی وڵاتی مەزنی سووریادایین، مەترسیداریشە. سەرجەم ناوچەکە لە دەرەنجامی جەنگی ئەم دواییەی نێوان تورکەکان و میسرییەکان بەتەواوەتی کاولەیە، وێڕای ئەوەش کاتێ لە کاراباچی نزیك بووینەوە، ژمارەیەکی زۆر ڕانەمەڕمان بینی دەلەوەڕین.

---

[63] Mezereh.
[64] Karabatchi.

**کەمێ لەولاتر، کاروانسەرایەکی جێماوی لێیە کە ماوەیەکی کەم بەرلە جەنگی نوسەیبین[٦٥]، لەلایەن (حافز پاشاوە) بنیات نراوە.**

*** زوهرە[٦٦]**

**سەعات (٨) هەشتی بەرەبەیان (کاراباچی)مان بەجێ هێشت، بۆ گەیشتن بە (زوهرە) (٧) حەوت سەعات ڕێگەمان بڕی. زوهرە گوندێکی گەورەیە و (٤,٠٠٠) چوار هەزار دانیشتوانی تێدایە. سەرلەنوێ ئەسپەکانمان بەهۆی ڕێگەکەوە چونکە بەردەڵانە؛ ماندوون.**

**لەم ڕێگایەدا ئاویش کەم بوو، تەنها دوو کانیاوی گچکە بەرچاو دەکەوت کە هەرکامیان یەك سەعات لە ئەویتریان دوورترە. لەبەردەم کانیاوی دووەمدا نزیکەی یەك سەعات ڕاوەستاین، بەتەك ئەو شارە سوتێنراوەدا ڕۆیشتین. لێرە جگە لە وێرانەیەك هیچیتر نابینرێت، جەنگ و هۆکارە سروشتییەکان، ئەو شوێنەیان گۆڕیوە بۆ گۆڕستان.**

**لەهەمانکاتدا نزیکی گوندی زوهرە، چەند کێڵگەیەکمان بینی کە درەختی تێدا نەماوە. لە ترۆپکی چیاکەدا، کانیاوێکی لێیە ئاوەکەی بەتاڤگە دێتەخوارێ و لە پەنایدا چەند ماڵێك بنیاتنراوە. پاش کەمێ شوێنەواری وێرانەی گوندێك دەبینرا کە قەڵایەکی پتەوی تێدابوو. بۆ**

---

[65] جەنگی نوسەیبین لە (٢٥ی حوزەیرانی ١٨٣٩) لە نێوان سوپای عوسمانی بە سەرکردایەتی حافز عوسمان پاشا و سوپای میسر بە سەرکردایەتی ئیبراهیم پاشا ڕووی دا، سەرەنجام بە شکستی سوپای عوسمانی کۆتایی هات. (و–ك)

[66] Zuhere.

یەکەمینجار یەکە سەربازییەکانی (محەمەد عەلی)مان لەوێ بینی، سوپایەکی لە بارەگای سەربازیی (زوهرە) مۆڵ دابوو، لەکاتی تێپەڕینی ئێمەدا سەرقاڵی مەشق و ڕاهێنان بوون.

ئێمە خومان بە بارودۆخی نەشیاوی سەربازە ئێرانی و عەرەبییەکانەوە گرتبوو، بەڵام ئەم مەشقانەمان لەلا نوێ بوو.

* جۆنیەر- جۆرمان[٦٧]

ڕۆژی (٧)ی تەمموز لە (جۆنیەرس) خەوتین و ڕۆژی دواتر لە (جۆرمان) بووین، هەردووکیان گوندی کوردین کە میللەتێکی کۆچەرەوی تێدا دەژی. هەربۆیە ژمارەیەکی زۆر ڕانەمەڕمان بینی لەنێو ئەو لەوەڕگایانەدا دەلەوەڕان کە ڕووبارێکی گچکە پاراوی دەکات، بە بەردەباز لێی پەڕینەوە.

ئەم دەڤەرە دانیشتوانی زۆر کەمە، بەڵام لەو ساتەوەی (محەمەد عەلی) بۆتە خاوەنی، بە ئاسایشێکی زیاترەوە دەتوانرێ گەشتی تێدا بکرێ. کاتێ ئێمە پێمان خستە نێو خاکی ئەم پیاوە مەزنە، ئیدی پێویستمان بە پاسەوان نەما، هەموان بە ئارەزووی دڵی خۆیان بۆ هەر کوێیەك بیانەوێ دەتوانن بڕۆن، بەبێ ئەوەی هیچ مەترسییەك ڕووبەڕووی ببێتەوە.

---

67 Jornieres- Jorman.

ئەم چەشنە بەڕێوەبردنە لە کاروباردا، شیاوی ئافەرینە. ئێمە نەماندەزانی ئەو بە چ شێوازێك ئەم سەرکەوتنەی مسۆگەر کردووە، بەڵام لە ناخی دڵمانەوە سوپاسمان کرد.

لەگەڵ ئەمەشدا کاتێ گەشتەکەمان کۆتایی هات، هێزەکەمان بەتەواوەتی شپرز بوو. بەشێك لە هاوڕێکانمان نەخۆش کەوتوون، کەشیشی باڵیۆزخانە و تەنانەت پزیشکەکەشمان تایەکی توندیان هەبوو، بە دژواری هەنگاویان دەنا.

* ئورفە

کاتێ گەیشتینە ئورفە، بەناچاری دوو رۆژ لەوێ ماینەوە، تا نەخۆشەکانمان باشتر ببن. لە کەناری شارەکەدا کە تائەندازەیەك لەنێو بەردەلاّندایە، رەشماڵمان هەڵدا. کێڵگەیەکی زۆری هاوینە لە دەوروبەرماندایە و هەوای ئەم دەڤەرەی خۆش و دڵگیر کردووە.

هەندێك دەڵێن (ئورفە) هەمان (ئەدیس)[٦٨]ی کۆنە، بەڵام هەندێ کەسی دیکەش لەو بڕوایەدان حەساری شارە دێرینەکە لەم شارە نوێیە دوورترە. بەهەرحاڵ شاری (ئورفە) دانیشتوانەکەی (٢٠) هەزار کەسە و یەکێکە لە شادترین شارەکانی سووریا.

---

[68] Edesse.

ئەم شارە بە بناری چیایەکەوە بنیات نراوە کە بەسەر دەشتێکی پان و بەریندا دەڕوانێ و دراوسێی پێدەشتی (ئەنزە)[٦٩]یە، سەرچاوەی ئاوی زۆر تێدایە و دەڵێن زێدی حەزرەتی ئیبراهیم بووە.

کاڵای فرەچەشنە لەنێو بازاڕەکانیدا هەیە، بەتایبەتی مزگەوتێکیشی لێیە کە بە شێوازی مزگەوتی ئیسپانی بنیاتنراوە، حەوزێکی ئاوی خاوێنیشی تێدایە، سورەچناری گەورە نسێی بەسەردا کردووە.

کۆتایی حەوزەکە، هەمان کانیەکەی حەزرەتی ئیبراهیمە کە ژمارەیەکی زۆری ماسی لەنێو ئاوەکەیدا دەبینرێت. ماسیەکان پیرۆزن و کانیاوەکەی حەزرەتی ئیبراهیمیان داپۆشیوە. نایبول-سەڵتەنە ئەم مزگەوتەی کردووە بە نەخۆشخانەی سەربازەکانی خۆی، ژمارەی ئەم سەربازانەش لە ئورفە دەگاتە (٤,٠٠٠) چوار هەزار کەس پادشایەك بەرپرسیانە.

وێڕای ئەمەش، حەوزێکی تر لەنێو مزگەوتەکەدایە، چەند ڕووبارێك بەنێو شارەکەدا دەڕۆن و دەیکەن بە دوو بەشەوە. ئورفە ناوەندی ئوسقوفنشینی کاتۆلیکەکانە و ژمارەیەك کلدانی و ئەرمەنیشی تێدا دەژی.

بەر لەوەی (ئورفە) بەجێ بهێڵین، چووم بۆ سەردانی "سەلیم پاشا"ی حوکمڕانی ئەو ناوچەیە، سوپاسم بۆ ڕێزو خۆشەویستییەکەی دەربڕی. ئەو لەنێو قەڵایەکدایە، کۆمەڵێك ئەفسەریشی لە دەوروبەری و لای پەنجەرەکە دانیشتبوون، لەوێوە

---

[69] Anezes.

دەیتوانی چاودێریی سەرجەم ناوچەکە بکات. هەردووکمان سەبیلەیەك توتنمان کێشا، پاشان منی بە بەردەم (٨,٠٠٠) هەشت هەزار سەربازی ژێر فەرماندەیی خۆیدا برد.

ئەم سەربازانە لە دیدی منەوە ڕێكوپێکن و پۆشاکە سەربازییەکەیان زۆر خاوێنە، مەشقەکانیان بە وردی ئەنجام دەدا. دەستەی موزیکی سەربازی، یەکێك لە سرودە نیشتیمانیەکانی فەرەنسەیان بۆ ڕێزلێنان لە من، خوێند. بۆ ساتی وام هەست کرد لە نێو سەربازانی فەرەنسەدام.

* **شامالك**[٧٠]

ئێمە دوو ڕۆژ لە (ئورفە) حەواینەوە، ئەمەش بۆ ساڕێژی نەخۆشەکانمان بەس بوو تا بتوانین درێژە بە ڕێگەکە بدەین. بەم شێوەیە سپێدەی ڕۆژی (٢٩)ی مانگ کەوتینەڕێ و شەو لە (شامالك)ماینەوە. ئێرە گوندێکی گچکەیە و هیچ نۆڕینگەیەکی بۆ ساڕێژی نەخۆش تێدا نەبوو.

کاتێ لە (ئورفە) هاتینە دەرێ، ڕێگەکە بەرەو بەرزایی دەچوو، بەڵام تا چاو بڕ بکا ئاسۆمان بەرفراوانە. ئێمە بۆ ماوەی (٦) شەش سەعات لەنێو ئەم دەڤەرە بێ بەرهەمەدا ڕێگەمان بڕی، بەدرێژایی ڕەوتەکەمان تەنانەت درەختێکیشمان نەبینی چونکە ئاوی لێ نەبوو،

---

70 Chamalek.

بەناچارییەوە لەنێو ڕێگەکەدا ئاوی ئەستێلك و گۆلاوەکانمان دەنۆشی کە هەمیشە ڕانەمەڕیش ئاوی لیٚ دەخواردەوە.

بەم چەشنە مەودای چەند سەعاتیٚ زیاترمان لە ڕووباری فوراتەوە نەمابوو، لەڕاستیدا ڕۆژی دواتر گەیشتینە ڕووبارەکە. کاتێك بەنێو ئەم دەشتە بەیارەدا تێپەڕین، کێڵگەی درەوشاوەمان لە دەوروبەری ئەم دەڤەرە مەزنەدا بینی.

* بیرەجیك

(بیر) یاخود (بیرەجیك) کە شەوی (٣٠)ی مانگ لەویٚ ماینەوە، شارێکی گچکەیە و بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش لەسەر کەناری ڕووباری فورات بنیاتنراوە. ئێمە لەناکاو چووینە نێو باغەکانی شارەکە کە دەکەوێتە بەردەلاٚنی دۆلٚی فوراتەوە. حەسارە دێرینە بەرزو نزمەکانی و بورجە نیمچە وێرانەکانی کە چەند نیشانەیەك لەسەر بەردەکانیان هەلٚکۆلٚراوە و مێژوەکەی بۆ جەنگی خاچییەکان دەگەڕێتەوە، دیمەنێکی تایبەتی بەم شوێنەوارە بەخشیوە.

کێڵگە هاوینەییەکانی ئاوەدانە، درەختی جۆراوجۆری هەناری هەیە، ئێرە یەکێکە لەو شارە کەش‌وهەوا خۆشانەی بینیومە.

ئێمە بە ماندوویێتییەکی زۆرەوە بە کووچە و کۆلاٚنە تەنگەبەرەکانی ئەم شارەدا چووینە خواریٚ، لە پێدەشتێکی بەرفراوانەوە گەیشتینە کەناری فورات و درەخێکی زۆری تێدایە، رەشماڵەکانمان لەویٚ هەڵدا.

www.zheen.org

دەسەڵاتداری شارەکە پاش کەمێ هاتە سەردانمان، سپێدەی ئەوێ ڕۆژێ سەربازەکانی لەبەرامبەر مندا ڕیز کرد. ئاکاری شەڕخوازانەی ئیبراهیم پاشا لە ڕۆحی سەربازە بێ ئۆقرەکانیدا ڕەگی داکوتاوە، پێشوازی سەربازیانە یەکێك لە کارە خۆشەکانیانە.

ئەو ساتەی چوومە نێو خاکی پاشای میسر، هەمیشە ئەو چەشنە پێشوازییەی بۆ ڕێزلێنانم دەکرد. من ئەم کارەم بەلاوە باشتر بوو وەك لە سەربڕینی مەڕ یاخود لە شێوازیی پێشوازیی ئێرانیەکان.

(بیرەجیك) هەروەك سەرجەم شارەکانی دیکەی ئاسیای بچوك، پڕە لە کاولە خانو، سەگی بەڕەڵایان تێدا دەژی. دانیشتوانەکەی لە (٣,٠٠٠) سێ هەزار کەس تێ ناپەڕێ. هەڵکەوتەکەشی لەسەر ئەم ڕووبارە، زۆر نەشیاوە. ڕووبارەکە بەشێکی گرنگی قارەی ئاسیا ئاودێری دەکا و بە ئاسانی دەتوانێ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ئۆقیانوسی هیندەوە ببەستێتەوە، بەڵام بەهۆی دەسەڵاتی شێواوی عوسمانییەکانەوە کەوتوەتە دۆخێکی ناهەموار.

لەهەمانکاتدا بارودۆخەکە تا ئەو ئاستە شیاوە کە ئینگلیزەکان توانیویانە ڕووباری فورات بۆ لەنگەرگرتنی کەشتییەکانیان هەڵبژێرن، لەوێوە کاڵاکان دەگەیێننە شاری بەغدا، لەم ڕێگەیەوە لە ماوەی (١٨) هەژدە سەعاتدا دەتوانن بگەنە ئەسکەندەروونە. لە ئەسکەندەروونە کۆمەڵێك کەشتیی دیکە لە چاوەڕوانیدان تا کاڵاکان بگەیێننە ئەوروپا، بەڵام کۆمەڵێك گیروگرفت لەم بیابانانە و لەنێو ئەم هۆزانەی عەرەبدا

هەیە، بۆتە ڕێگر لەبەردەم ئەم کارەی ئەوروپادا. بەریتانیاش ڕێگای دەریای سوری هەڵبژاردووە.

لە (بیرەجیك)ەوە تا میزۆپۆتامیا کە گۆڕەپانی هەموو ڕووداوە دێرینەکانە، ئەمڕۆ بۆتە بیابانێکی بێبەرهەم.

دوو ڕووباری گەورەی جیهان بە بێهودەیی بەنێو بیاباندا دەڕوات، بەڵام سود بە هیچ کەسێ ناگەیێنن، هەروەك بڵێی پەروەردگار نەفرەتی لێکردبن. ڕەنگە ئەمە دەرەنجامی ئەو گوناهە بێ کە دانیشتوانی مووسڵ و بابل لە ڕۆژگارە دێرینەکاندا کردوویانە.

بۆ پەڕینەوە لە ڕووباری فورات چووینە نێو (بیرەجیك)، سواری ئەو بەلەمە گەورانە بووین کە لەژێر دیواری قەڵایەکدا بەستراونەتەوە و ئاوەکە بە پەنایدا تێ دەپەڕێ. ئێمە بەبێ دەردەسەری لە ڕووبارەکە پەڕینەوە، لەو ساتەوە چووینە نێو پێدەشتێکی مەزنەوە کە کۆتاییەکەی گوندی (نوسەیبین)[71]ە، ئەم ناوە بەهۆی سەرکەوتنی (ئیبراهیم پاشا)وە بەسەر سەربازانی سوڵتاندا، بەسەر ئەم ناوچەیەدا دابڕاوە. هەموو لایەك بورج و قولەی جێماوی لێ دەبینرا، زۆرجاریش ئێسكوپرووسکی ئەسپ و مرۆڤیش لەسەر زەویەکە بەرچاو دەکەوت. هەروەك (حافز پاشا) بۆی گێڕامەوە، بە ئاسانی دەمتوانی ئەو کارەساتانەی کە لە گۆڕەپانی ئەم جەنگەدا ڕوویانداوە، بهێنمە پێش چاوانم. لە ژێر دارزەیتونەکاندا پشوومان دا، لەم شوێنە جەنگەکە هەڵگیرساوە و هێشتا ئاسەواری گوللەم لەوێ دەبینی.

---

[71] Nezib.

کەمیٚ لە لای ڕاستمان، چیایەکیان بینی کە تورکەکان لەکاتی پاشەکشەیان لە جەنگەکە، لەوێوە هەڵاتوون، ئەو چیایە و ڕووباری فورات لەمپەری بەردەم پاشەکشەکەیان بوون و زیان و قوربانییەکی زۆریان لیٚکەوتووە.

* ئەکتیژە[٧٢]

گوندی (نوسەیبین) گەلیٚ دەوڵەمەند دێتە بەرچاو، ئەم گوندە دەکەوێتە سەر ڕووبارێك. ئێمە بۆ چەند سەعاتێك پشوومان دا و نانی نیوەڕۆمان خوارد. کاروانچییەکانمان لەبری ئەوەی ڕەشماڵەکان لێرە هەڵبدەن، لە شوێنێکیتر ڕەشماڵەکانیان سازدا کە دوو سەعات لەم گوندەوە دوورە.

ئێرە گوندێکی هەژارنشینە بەناوی (ئەکتیژە)، نە ئاو و نە درەختی تێدا نییە. ئێمەش بەناچارییەوە بەرەو لای ڕەشماڵەکانمان ڕۆیشتین، چونکە پێشڕەوانی کاروانەکەمان پێشتر چووبوون.

ڕۆژی دواترمان لە گوندی (چۆبان بی) [٧٣] گوزەراند کە گوندێکی وێرانەیە. لە پێدەشتەکانیدا، مێگەلە مەڕ دەلەوەڕان، ناوچەکە ئاوی لیٚ نییە تا بەکەڵکی خواردنەوە بیٚ. وێڕای ئەمە چەند کێڵگەیەکی داچێنراو لەو دەوروبەرەدا دەبینرا. دانیشتوانەکەی هێندە کەم و هەژارن تەنها شتە پێویستەکان دادەچێنن.

---

[72] Ektije.
[73] Tchoban Bey.

لە (چۆبان بی)یەوە دوو ڕێگا جودا دەبنەوە، تەواوی ناوچەکەش پڕ لە گوندی ئاوەدانە. ئێمە لە کەناری کۆمەڵێك گوندی مەزنی وەك (تەهبەر)[٧٤]، (سامبۆر)[٧٥]، (ئەتکارین) و (حەلەبکالی)[٧٦]دا تێپەڕین و ڕۆژی دواتر گەیشتنە شاری حەلەب.

***[*سەرنج: نوسەری ئەم یادداشتانە لەگەڵ گرووپەکەی هاوڕێی، لە (بێلان)ـەوە سواری کەشتی دەبن بەرەو قوبرس، پاشان بە کەشتی دەگەنە بەندەری (تۆلۆن) و دەگەنەوە بۆ فەرەنسە، ئیدی گەشتەکەی بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کۆتایی دێت.]***

بنکەی ژین
www.zheen.org

[74] Tehber.
[75] Sambour.
[76] Halebkali.

**بەرهەمەکانی وەرگێڕ:**

**- نووسین:**

١. تیرۆر و تیرۆریزم، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاریی مێژوویی و سیاسی، بەڕێوەبەرێتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە چاپی یەکەم ٢٠٠٥، چاپی دووەم ٢٠٠٩.

٢. سانسۆری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستان (٢٠٠٠-٢٠٠٩). بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم ٢٠١١.

**- وەرگێڕان:**

١. ئاشنابوون بە دیموکراسی، نووسینی: د. عەباسعەلی سەحافیان چاپی یەکەم ٢٠٠٣، چاپی دووەم ٢٠٠٥.

٢. کورد لە یادداشتەکانی ئارچی ڕۆزڤڵتدا، خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٣.

٣. مافەکانی ژن لە دەستپێکەوە تا ئەمڕۆ، نووسینی: نای. بن. سەعدون. خانەی وەرگێڕان ٢٠٠٤.

٤. دۆزی کورد، نووسینی: د. جویس بلۆ، دەزگای سەردەم ٢٠٠٤.

٥. دەروازەی ڕۆژنامەنووسی، نووسینی: ڕەزای حاجی ئابادی، دەزگای سەردەم ٢٠٠٥.

٦. دیالۆگ، کۆمەڵێك بیرمەند، چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع ٢٠٠٥.

٧. نەریتی ڕۆژنامەوانی، نووسینی: فریبا سەیاد، د.عەلی ئەکبەر فەرهەنگی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم ٢٠٠٦، چاپی دووەم ٢٠٠٨، چاپی سێیەم ٢٠١٢.

www.zheen.org

٨. هــەواڵ و هەواڵنووســینی ڕۆژنامــەوانی، د. یــوونس شــوکرخوا، دەزگای سەردەم ٢٠٠٧.

٩. ڕۆژنامــەوانی تایبەتمەنــد، نووســینی: د.حــسێن قەنــدی، خانــەی وەرگێڕان ٢٠٠٨.

١٠. ڕۆژنامــەوانی ئــەلیکترۆنی، د. نــەعیم بــەدیعی، دەزگــای ســەردەم ٢٠٠٨.

١١. ڕەوتەکانی فیمینیزم، کۆمەڵێك نوسەر، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان، چاپی یەکەم ٢٠٠٨.

١٢. ڕۆژنامــەوانی مــۆدێرن، نووســینی: د.حــسێن قەنــدی، د. نــەعیم بەدیعی، چاپوپەخشی چوارچرا ٢٠١٠.

١٣. ئــەنفال لــە کوردســتان، د. مایکــل لیزینبێــرگ، بڵاوکراوەکــانی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، ٢٠١١.

١٤. لە دیکتاتۆرییەوە بۆ دیموکراسی، د. جین شارپ، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای پێگەیاندنی کادیران، چاپی یەکەم ٢٠٠٧، چاپی دووەم ٢٠١١.

١٤. تارماییەکانی هەڵەبجە، د. مایکڵ جەی کیلی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای شەهیدان ٢٠١٢.

www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org

بنکەی ژین
www.zheen.org